فێرناندۆ ئاراباڵ

# بژی مەرگ

## (بەعەلی بابل)

وەرگێڕانی: دڵشاد هیوا



10
18

ڕۆمانە کورتەکانی ئەدەبیاتی جیهان

کتێبی ژنەفتن

١٦

فێرناندۆ ئارابالْ

# بژی مەرگ

## (بەعەلی بابل)

وەرگێڕانی: دڵشاد هیوا

فێرناندۆ ئارابال

# بژی مەرگ

## (بەعەلی بابل)

وەرگێڕانی: دڵشاد هیوا

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: بژی مەرگ (بەعەلی بابل)
نووسینی: فێرناندۆ ئارابالّ
وەرگێڕانی: دڵشاد هیوا
بابەت: ڕۆمانە کورتەکانی ئەدەبیاتی جیهان
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە:
هەولێر، ئابی ٢٠٢٢
چاپی دووەم: ئەلیکترۆنی
١٦٧ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

# پێشەکی

لە ساڵی 1969وە، واتە لە ساڵی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانەوە، نووسینەکانی ئارابال فرۆشێکی بێوێنەیان هەبووە، هەندێکی تووشی سەرسوڕمان کردووە و چەندێکێشی لە خۆی تەراندووە، بەڵام کەسی بێبەش نەکردووە. ئارابالی چیرۆکنووس، لە فەڕەنسا بە ناحەق گومناوە. بۆچی بە ناحەق؟ چونکە، هەر بەو جۆرەی کە خوێنەر بەسانایی لێی تێدەگا، ناوەرۆکی بایەخداری شانۆییەکانی ئارابال و وەسوەسەکانی ئەم نووسەرە، بە هەمان ئەو واقیعییەتە ئازاربەخشەوە کە هەیە، لە چوارچێوەی چیرۆکەکانیشیدا جێی خۆی دەکاتەوە.

بژی مەرگ «**بەعەلی بابل**»[1]، بەو ناونیشانە سەیرەوە کە لە تەوراتەوە وەریدەگرێ («**بەعەل لە بابل بە**

---

[1]. بەعەلی بابل ناوی چیرۆکەکەیە. بژی مەرگ ناوی فیلمێکە کە ئارابال لەسەر بنەمای ئەم چیرۆکە دروستی دەکا. لە کۆتاییەکانی جەنگی ناوخۆیی و بەرقەراری حکوومەتی نوێدا دروشمی دەوڵەتی فرانکۆ وەها بوو: «بژی مەرگ، بمرێ هزر»، «بژی مەرگ»یش بە

**سـزای خۆی دەگەیەنم»**[2]، «ئاشـوب و ناشـیرینییەکانی» ئیسپانیای کۆماریخواز ـ کە لێرەدا باوک ئەو ڕۆڵە دەنوێنێ

---

جۆرێ چیرۆکی ئیسپانیای ژێر دەسەڵاتی فرانکۆ لە دیدی منالێکەوە دەگوازێتەوە.

وشـــە ســـامییەکەی بەعەل مانای «ئاغا، ئەرباب» دەدا و لە زمانی ئیســـرائیلی و فینیقیدا بە مانای خوا دێ (بەعەلی بابل؛ خوای بابل)، لەلایەکی تریشەوە بەعەل ناوێکی تری ئەو ئاسنگەرەیە کە بە شوێن خوادا دەگەڕێ و لە تەوراتدا یەکێکە لە ناوەکانی شەیتان و بە مانای بت هاتووە.

بابل یەکێکە لە شـــارە دێرینەکانی جیهان کە مێژووەکەی لە ٢١٠٥ ساڵ بەر لە زایینەوە دەست پێ دەکا و لەگەڵ «حامورابی»دا دەگاتە لوتکە. لە پاش ئەوەوە ڕوو لەناوچوون دەچێ و لە ناوەڕاســـتەکانی ســـەدەی حەڤدەی پێش زایین وێران دەبێ. ئێســـتاکەش کەلاوەکانی بابل لەســـەر ڕۆخی ڕووباری فورات لە 160 کیلۆمەتری بەغدا بەرچاو دەکەوێ.

[2]. تەورات، کتێبی ئەنبیا، کتێبی جەریمی ١٤٤ ـ ٥:

«بەعەل لە بابل بە سزای خۆی دەگەیەنم

ئەوەی کە دزیویە لە دەمی دەرفێنم

ئیدی خەڵکی بەرەو لای وی ناڕۆن

ـ لە دیدی ژنێکی ڕاسترەو، کاسۆلیک و چەپێنەرەوە وەیاد دێنێتەوە. ئەم ژنە، هەر ئەو ژنە ترسـناکەیە کە بەو بوونە کۆتوبەندکەر و خەسـێنەرەی خۆیەوە، وێنەکەی لە هەندێ لە شـانۆنامەکانی ئارابالّدا، لە دوو **جەللاد**ەوە بگرە تا **میعمار** و **ئیمپراتۆری ئاشوور**، دەیبینین.

**«بەعەلی بابل»** هەرچەندە لە ڕواڵەتدا نامەیەکی دوورودرێژی پیاوێکی نەخۆش و تەنیایە بۆ دایکێکی دوور ـــ دایکێ، کە ئەو ئومێدەکانی بە با داوە ـــ لە ڕاستیدا دانپێدانانی پڕ ڕاز و بەچپەی نووسـەری چیرۆکەکەیە. ڕۆمانەکە لە چەندین بەشـی کورت پێک هاتووە کە بە شـێوازێکی ڕەوان و خزۆک، بە شـێوەی ئاوێکی ڕوون، بەدەم ئـاوازی وێرد و نزاوە، واتە بێدەنگبوون و دووبارەبوونەوە، نووسـراوە. هەندێ جار یەک «بەڵێ»ی

چونکە تەنانەت، حەسارەکانی بابلیش دەڕووخێنم»

خواوەند بۆ سـزادانی پاشـاکانی یەهود کە باوەڕیان بە بەعەل هێنابوو، نەبوخوزنەسـر دەنێرێ و ئەویش، بەیتولموقەدەس کاول دەکا. جەریمی پەیامبەر لەم گوتارەدا پێشـبینی ڕووخان و کەوتنی شاری بابل و ڕزگاری دووبارەی یەهود لەلایەن کورشەوە، دەکا.

کورت، بە شـێوازی **جۆیس** بەشـێک دەشـکێنێ، خاوێنتر و هەروەکوو گومەزێک، کە بتوانی شــێوەگۆڕکێی پێ بکەی، بە شـێوەی ئاوازخوێندنێکی کۆرسـئاسـا زیاتر بەیەکەوەی دەبەســـتێ. ئارابالّی لاو لەگەڵ خۆیدا دەدوێ و هەر بەو جۆرەی کە چیرۆکی ژیانی دەگێڕێتەوە، بە هەمان شــــێوە ئیسپانیای بێڕەحمیش بە هەموو جوانییە وەحشییانەکەی و جەبرباوەڕی و ئیشـــقە عـاریفـانەکـانییەوە، وەک بڵێی لە پشـــتی ئاوێزەیەکەوە بە بەرچاوانی ئێمەدا تێدەپەڕێنی. بە سـادەیی منالّێکەوە، ئەو درزە گەورەیە دەبینین کە دڕندانە ئیسپانیای کردووەتە دوو بەشی پێکەوە هەڵنەکەرەوە.

لەبارەی جەنگی ناوخۆییشـــەوە، لاوەکە تەنیا هەندێ وێنەی نــاڕوون و چەنــد حیکــایەتێکی دێتەوە یــاد کە خێزانەکەی بۆی دەگێڕنەوە. پێداگری لەســـەر شـــتێ ناکا، جەخت لەسەر هیچ ناکاتەوە و چاوانی بەسەر ڕووداوەکان و مرۆڤەکاندا دەگێڕێ و بەپێی ئەو واقیعییەتە حوکم دەدا کە دەیبینێ. نە! دنیـای گەورەترەکـان جوان نییە؛ فڕۆکە گڕگرتووەکـان دەدەنە بەر ڕێژنەی گوللە، تف لە تەرمی مردووەکان دەکەن، مامۆســـتاکان لە بەندیخانەکان توند

دەکرێن و ڕۆڵە، دایک و باوکی خۆی تەفرە دەدا، هەندێ لە زیندانییەکان دێوانە دەبن و هەوڵی خۆکوشـــتن دەدەن. ئەمە واقیعییەتێکە کە هێدی هێدی جێی خۆی لە خەیاڵی لاوەکەدا دەکاتەوە.

بەڵام سـەختی و دژواری ژیانی ئێسـتاکەیش هەندێ لایەنی پێکەنیناوی و گاڵتەجاڕانەی هەیە. لەژێر سـوتانە[3] کڵێسـاییەکاندا، لەشـە ناسـوپاسـەکان دەگەنێن. مەگەر لە **کریتیکۆن**، گراسـیـان هـاواری نەدەکرد: «ئێمە کوڕانی خراپەکـارییین؟» منـاڵەکەی «**بەعەلی بـابـل**»یش دەگـاتە بـاوەڕێکی هـاوشـێوە، بـاوەگەورەی لەژێر سـوتـانەی ڕێوڕەسمی پیلاری پاکیزە[4]دا دەمرێ و بە هەمان شێوەیش دەنگێکی لێوە دەردێ کە دەبێتە هۆی دروسـتبوونی پێکەنینێکی بەرگرینەکراو لەلای نەوەکەی، مەرگ و گـاڵتە قڕێژەکان دەبنە یەک. لەلایەکی تریشـەوە، ماوەیەکی زۆرە کە ئیسـپانیا خوی بە مەرگەوە گرتووە. مەرگ، تارماییی

---

[3]. سـوتانە: پەشـمەی کەشـیش، ئەو باڵاپۆشـەی کە کەشـیش و ڕەبەنەکان لەبەری دەکەن.

[4]. ناوی کڵێسـایەکە کە گوایە حەزرەتی مەریەم لە میحرابەکەیدا دەرکەوتووە.

گۆڕەپانەکانی گابازییە لە خوێنی گەرمی گاکاندا. شتێکە لە ڤیارامیرۆ کە پیاوان دەبزوێنێ و دنەیان دەدا. مەرگ زاڵە بەســــەر ڕێوڕەســــمە ئاینییەکاندا. کوڕێژگە، گرووپەکانی هەفتەی موقەدەس بەو هەموو زرینگ و هوڕانەیانەوە، بەو هەموو مەزنی و گـاڵتەبـازاڕییـانەوە، بەو هەموو زنجیرە نـاکۆتـایانەوە کە تۆبەکاران لە قـاچەکانیـانەوە دەئـاڵێنن و بەو خاچە زەبەلاحانەی کە تەنیا بۆ ترســــاندنی هەرچی و پەرچییەکانە، دێنێتەوە یاد.

مەرگ، گونـاح، نەفرەتکردن لە ئـازادی و بێزاری لە باسـوخواسـی سـێکسـی، پەڵەیەکی نەنگییە بە نێوچەوانی ئیســـپانیاوە. پورە کلارای تورە و تۆســـن، مەیلی ژنانەی خۆی لەنێو دوعـا بێکۆتـاکـانیدا ئارام دەکاتەوە و داوا لە خوشـــکەزاکەی دەکا تا شـــەلاقکاری بکا. بابەتی ســـەیر ئەوەیە کە لەم کۆمەڵگە چەوسێنەر و پۆلینکراوەدا، نە پیاو ســالارە و نە باوک. بە کەرەســـتە و باســـی پیاوانە هانی کوڕەکە دەدەن: نــابێ «بزنمژە» بێ، دەبێ لە دالانە تاریکەکانەوە تێپەڕێ، دەبێ «قایش» بەلای چەپدا ببەستێ، دەبێ پیشـــەی ســـەربـازی هەڵبژێرێ، بەڵام ئەو لەنێو

هەلومەرجێکی خنکێنەری دایکسالارانەدا ژیان بەسەر دەبا. دایەگەورە، پورە کلارا، دایکی و خوشکی لە کارلێکردنیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن؛ لە کاتێکدا باوەگەورە، ئەو بوونەوەرە پێکەنیناوی و گاڵتەجارە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەنگە لە دڵدا دژی ئەوان بێ، کەچی شتێک نادرکێنێ.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دیسان نەسیمێکی خۆشەویستی هەڵدەکاتە سەر ئەم کۆمەڵگە تاریکە. دایکە توندگیرە، بەڵام ئەژنۆی سپییە و زمانێکی تەڕ و پرچێکی ڕەشی لوولی هەیە، ئینجا جوانیشە، بۆیە کوڕەکەی لەڕووی ئێرەییەوە دەیەوێ ڕێگر بێ لە بەردەم و حەز و مەیلە پیاوخوازانەکانیدا. نەبوونی باوک سەختە. باوکەیان وەدەرناوە، دایانشۆریوە و دایکەیش نکۆڵی لێ دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دیسانەوە وێنەیەکی باوک لە زەینی کوڕەکەیدا ماوەتەوە و شتێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان هی باوک بووە، تەنانەت لە نەخۆشخانەیش، بە باوەڕەوە لای خۆی هەڵی دەگرێ: ئەوە بە پایپەکەی «دکتۆر پلومپ»ەوەیە کە کوڕە لاوەکە بڕیار دەدا یادەوەری، بیر و هەست و سۆزەکانی خۆی ڕێک بخا.

**«بەعەلی بـابـل»** گێڕانەوەی حیکـایەتی منـاڵێکە کە وەکو خاکەکەی، خاکێ کە تێیدا گەورە بووە، دەبێتە هەزار پارچەوە. ئەم کتێبە کە بەرەڵایی و ناشـیرینییەکانی مێژوو نیشان دەدا، بە قسەی یەکێ لە ڕەخنەگران «**توندوتیژترین چیرۆکی توندوتیژییە**».

**دۆمینیگۆ سیڤێرن**

**پێشکەشە بە باوکم فێرناندۆ ئارابالْ ڕوئیس**

ئەم دەقە کەمێ بەر لەوەی پۆلیســی ئیســپانیا، لە تەموزی ١٩٦٧دا ئارابالْ دەستگیر بکا، نووسراوە.

پیاوێ لەنێو لمەلاّنەکەی کەناری میلیادا پێیەکانمی دادەپۆشی و دەستەکانیم بەسەر پێیە منالاّنەکانمەوە دێتەوە یاد. سێ ساڵە بووم و لەبەر پرشنگی خۆردا، دڵ و ئەڵماس لە تنۆکە بێئەژمارەکانی ئاوەوە دەچکانەوە.

زۆرێ لێم دەپرسن کە چ کەسێ زۆرترین کاریگەری لەسەرم هەبووە و چ شتێکیش زۆرترین ستایشی منی بزواندووە؟ ئەو وەختە منیش، کافکا و لویس کارۆڵ، واتە دیمەنی هەراسێنەر و کۆشکی ناکۆتا، گراسیان و دەستیۆڤسکی، واتە تخوبەکانی جیهان و خەونە لەعنەتییەکان لەبیر خۆم دەبەمەوە و دەڵێم: ئەو کەسەی کە تەنیا دەستەکانی ئەوم لەبیر ماوە بەسەر پێیە منالاّنەکانمەوە: باوکم.

سالاّنێکی دوورودرێژ بە شوێن نامە و پەردە و نیگارەکانی ئەودا ئیسپانیام تەی دەکرد. باوکم نیگاری دەکێشا و هەر یەکە لە نیگارەکانی ئەو، سمکۆلانی سەد هەزار ئەسپی گریاوی جیهانی خامۆشی و هاواری لە مندا بێدار دەکردەوە.

لە میلیـا، شـــەڕی نـاوخۆیی لە حەڤـدەی تەمووز هەڵایسا و باوکم ـــ فێرناندۆ ئارابال ڕوئیس ـــ دوای دوو کـاتژمێر لە مـاڵەکەی خۆیـدا دەســــتگیر کرا و بە تـاوانی «شـــۆڕشـــی چەکداری» فەرمانی مەرگی بەســـەردا درا. هەندێ جار کە بیری لێ دەکەمەوە، نـارنج و ئـاســـمـان، دەنگدانەوە و مۆســـیقا، کاڵای پڕباڵای کەتان و ئەرخەوان دەپۆشن.

پاش نۆ مانگ، سـزاکەی گۆڕا بۆ سـی سـاڵ و یەک ڕۆژ زیندانی. بەڵام من لە باوکم، تەنیا دەســتەکانی ســەر پێیە منـاڵانەکـانم دێتەوە بیر کە لەنێو لمەڵانەکەی کەنـاری میلیادا داپۆشـرابوو. هەر کە ناویشـی دێنم، پەیژە ئاسـنی و باڵدارەکان بێدەنگی لێوانلێو دەکەن.

ئەو بەندیخانەکانی میلیا، سیۆتا، سیوداد ڕۆدریگۆ و بۆرگۆســــی تێپەڕانـد. لە ســــیۆتـا هەوڵی دا بە بڕینی دەمارەکانی خۆی بکوژێ و ئەمڕۆیش هێشتاکە من هەست بە تکانەوەی خوێنی نمناکی وی بەســــەر پشـــتی ڕووتی خۆمدا دەکەم.

لە ٤ی تشـــرینی دووەمی ١٩٤١دا، گوایە بە نـاوی «شـڵەژانی باری دەروونی»یەوە لە بەندیخانەی ناوەندیی بۆرگۆسـەوە گوازرایەوە بۆ ئاسـایشـگەی نەخۆشـخانەی هەمان شارۆچکە. پەنجا ڕۆژ دواتر هەڵات و بۆ هەتاهەتایە ون بوو ... لە سـەفەرەکانمدا پاسـەوانەکان، پەرسـتار و پزیشـکەکانیم بینی ... بەڵام سـەبارەت بە دەنگ و ڕەنگی تەنیا یەک وێنام هەیە.

لەو ڕۆژەدا کە دیـار نەمـا، مەترێک بەفر بەسـەر بۆرگۆسـدا باری بوو و لە دۆسـیەکانیدا هـاتووە کە ناسـنامەی نەبووە و تەنیا پیجامەیەکی لەبەردا بووە. بەڵام من ـــ بە خەیاڵ ـــ دەستم خستە نێو دەستییەوە، بوومە هاوسـەفەری و لە ڕێگە و کاکێشـانەکان تێپەڕیم، ئەو دڕندانەم لاواندەوە کە بوونیان نەبوو و ئاوی شـیرینم لە کانی و کارێزەکان خواردەوە.

باوکم «سـوورپێسـت» بوو. لە سـاڵی 1903 لە کۆردوا هاتە دنیاوە و تا ئەو ڕۆژەی کە بێسـەروشـوێن بوو، ژیانی بە ئازار و ناخۆشی ــ هێندەی کە من بە ئازار دیتومە ـــ تێپەڕی. کە بیر لەوە دەکەمەوە لە سیاسەت و

هونەردا هاوباوەڕی ئەوم شـــــاد دەبم، چونکە منیش بە وێنەی وی، کەفوکولێکی قوشــقی و ســڵ؛ مەلەی ئاوێنەی سەر دەریا و وڕێنە دەچڕم.

لەگەڵ ئەوەشـدا کە لەوێ نەبوو، کەچی لە ماڵەکەمدا ڕق و کینێکی هەمەکی بەرانبەر وی هەبوو. لە ئەلبومی وێنەکانیشـــــدا، وێنەیەکی نەبوو یا لە وێنە خێزانییەکاندا، دەرکەوتنی ئەویان بڕی بوو یا لایانـدابوو. بەڵام دژوێن، بێدەنگی، ئاگر و مقەست نەیانتوانی دەنگی ئەو خوێنەی کە لە کێوەکانەوە تێپەڕیوە و بە تیشک و خوێن دەمشـواتەوە، لەبن بێنن.

ئەگەر ڕۆژێ کەســـــێ هەواڵێکی ئەوم بۆ بێنێ، ئای چیم لێ دێ! ئەگەر پێم بڵێ: «من هــاوڕێی زینـدان یــا خوێندن یا قوماری ئەو بووم، بەم یا بەو جۆرە بوو! ئەم یا ئەو شــتەی خۆش دەویســت.» لە ناوەندی ئاوێزەیەکی ڕەنگــاوڕەنگـدا دەیبینم کە ڕوونــاکی بەســـــەر خەم و ئازارەکانمدا دەپژێنێ.

پێم دەڵێن هەنـدێ دەیـانەوێ خۆیـانم لەگەڵـدا یەکلا بکەنەوە کە بۆچی لە تۆبەنامە یا نەفریننامەیەکدا حاشام لە

باوکم نەکرد؛ دەسـا ماڵوێرانی بۆ ئەوانەی هێشـتاکە گیانی شەڕ و توندوتیژی بەسەر دڵەکانیاندا زاڵە!

من لەلای خۆمەوە، دەسـتی برایەتی بۆ هەر کەسـێ درێژ دەکەم کە بە هەر بیروباوەرێکەوە لە دژی سـتەم و نادادپەروەری دەجەنگێ. بە دڵنیاییەوە ئەویش هەر وەهای دەگوت: باوکم، ئەو پیاوەی کە تەنیا دەسـتەکانیم لەبیر ماوە و پێیە گچکەکانمی لەنێو لمەڵانەکەی کەناری میلیا دادەپۆشی.

***

پیاوێ پێیەکانمی لەنێو لمەڵانەکەدا دادەپۆشـی. لە کەنـاری میلیـا بوو. دەسـتەکـانیم لەلای پێیەکـانم و لمەڵانەکەی کەنارەکەوە دێتەوە بیر و لەبیرم ماوە کە ئەو ڕۆژە هەتاو بوو.

تۆ، ئەو بەسـتە وێنەیەی کە هەندێ جار تەماشـام دەکردن، لە پـاکەتێکـدا هەڵـدەگری. هەنـدێکیـان ڕەنگی بەڕوویان هەیە و ئەمەش ڕەنگە بەهۆی شـێوازێکی کۆنی وێنەگرتنەوە بێ. زۆرێکیان ئیمزایەکی ناخوێنایان لەسـەرە،

بەڵام من ئیتر دەزانم کە ئەم ئیمزایە هی کێیە. بە زۆری لە بەشـــی خوارەوەی، مێژووەکەی و هەنـدێ جـاریش ڕسـتەیەک بۆ ڕونکردنەوەی وێنەکە بەرچاو دەکەوێ. من و تۆ ئـاوا لە هەموویـانـدا هەین: منت لە بـاوەش گرتووە، دەستمت لە دەستە، یارمەتیم دەدەی تا نان بخۆم ... بەڵام نیوەی هەنـدێ لە وێنەکـانیـان بڕیوە، یـا کوتێکیـان لێ کردوونەتەوە.

بۆت گێڕامەوە کە خۆم دەنووســـــان بە چینی داوێنەکەتەوە و لە دواتەوە دەهـاتم. بۆت بـاس کردم کە ڕۆژێ لە ناوەڕاسـتی هۆدەکەدا هەڵمیزام و تۆم بەکێشـی ئەوێ کرد و کەوتمە واقە واق.

ئەم شـــتانەت زۆر زۆر بۆ باس کردووم. من هیچ کامیانم بیر نایەتەوە. شـــتانێکی ترم لەبیر ماوە: پیاوێکی عەرەب کە ســـبەینانێ بە برێ هێلکەوە هات و یەکەیەکە خســتنیە ســەتڵی ئاوەکەوە، یا شــەوێ کە لەگەڵ تۆدا لە پێپلیکانەی کەشتییەکەوە سەرکەوتم، هەروەها دەستەکانی ئەو پیاوە و پێیەکانیشم کە لەنێو لمەکەدا داپۆشرابوو.

پـایپەکەی «دکتۆر پلومـپ»م بە لێوەوەیە. توتنێکی هەرزانبەها دەکێشـم کە لێرە پێی دەڵێن توتنی خۆڵەمێشـی. دوێنێ هەر کە بینینم توتنەکەم وشــــک هەڵاتووە، چەند پارچە توێکڵی نارنجم خســــتە کیســــەکەیەوە؛ ئەمڕۆ کە پەنجەکانمی تێدەخەم دەبینم توتنەکە شــــێی هێناوەتەوە. چونکە بــاش پــایپەکە دادەگرم، وەختـێ دەکوژێتەوە، بەرامەیەکی خۆشـی لێ دێ کە حەزم لێیەتی. دووکەڵەکەی قوت نادەم، باش دەزانم کە شــــارەزا نیم. چەند جارێ بە جگەرە هەوڵم دا بەڵام نەمتوانی. پایپەکەی «دکتۆر پلومپ» هی باوکمە. ڕەنگە پایپەکە لەسەر مێزەکەی بووبێ وەختێ کە ویستی خۆی بکوژێ.

❊❊❊

لە ڤیارامیرۆ، دایە گەورە دەیوت دەبێ قایشــــەکەم بەلای چەپدا ببەستم[5]؛ بەڵام چونکە دەمدایە لای ڕاستەوە، دەیوت کە من کچم.

---

[5]. **ئەمانەتێکی وەرگێڕان**: لە دەقە فارسییەکەدا لە باتی قایش وشـەی (شــلنگ) هاتووە کە لە تێکڕای فەرهەنگەکانی بەردەســتمدا تەنیا بە مانای ســۆندە هاتووە و ئەمەش لەگەڵ دەقەکەدا یا ڕاســتر لەگەڵ

فەرمانی دەدا کە لە ڕاڕەوەکەوە تێپەڕم ــ ڕاڕەوێکی تاریک و درێژ ـــــ و لە ژووری نیوەڕۆخوانەکەوە بڕۆمە ژووری خۆمەوە. لە پشـــتی دەرگاکەوە هەڵدەکورمام. لە درزی دەرگاکەوە، گوررزێ لە تیشـــکی ڕووناکیی ژووری نیوەڕۆخوانەکە تا لای من دەگەیشـــت. وەختێ کە دەیبینی هێشتا نەچوومە بخەوم بە «بزنمژە» بانگی دەکردم.

دایەگەورە دەیوت باوکی ناچاری دەکرد شـــەوانە بە دالانەکەدا بڕوا تـــا فێر بێ و نەترســـێ. دەیوت کە بۆ ڕوونـــاککردنەوە مەشـــــخەڵێکی هەڵـــدەگرت. دەیـوت ســـێبەرەکان بە دیوارەکاندا ڕایاندەکرد. وەختێکیش منالّ بووە، دەبوایە لە بەردەم پێی باوکیدا بکەوێتە ســـەر ئەژنۆ و پۆتینە پۆلیسییەکانی دابکەنێ.

دایەگەورە بە میوانەکـانی دەوت کە من کچێکی تەواوم، منیش خۆم لە ئاودەســـــتەکەدا بەند دەکرد. ئینجا

---

ئەوەدا کە (لەلای ڕاســـت بێ یا چەپ) نایەتەوە و هیچ مانایەک نادا! بۆیە بەنـاچـاری و بەداوای لێبوردنەوە ئەو بوێرییەم دایە بەر خۆم کە بیکەمە (قایش) چونکە پێشـــتر پیاوان قایشـــیان بەلای چەپدا دەبەست و ژنانیش بەلای ڕاستدا. وەرگێڕ.

بەوانی دەوت کە قایش بەلای ڕاستدا دەبەستم نەک وەکوو هەموو پیاوانی تر، بەلای چەپدا [...]

لە مەدرید تۆیش ناچارت دەکردم بۆ ئەوەی کە شەوانە بچمە ژوورەکەم، لە ڕاڕەوەکەوە تێپەڕم - ڕاڕەوێکی تاریک و درێژ. لە مەدرید، لە پاڵ دەرگای هاتنەژوورەوەدا دەمامەوە و پشتەوەیشم هەر تاریکایی بوو. بۆیە کزۆڵەم دەکرد.

ئێستاکەیش قایش بۆ خۆی، هەر لە خۆیەوە، وەکوو هەموو پیاوانی تر بەلای چەپمدایە.

***

دوایین جار کە هاتم بۆ بینینی تۆ، لە ماڵەوە تەنیا بووی. پەردەکانت دادابووەوە و تاڕادەیەک ژوورەکە تاریک بوو. بە کوێرەکوێر دانیشتم و تۆ پێت وتم: «ئارام بگرە تا پەنجەرەکان داخەم، نامەوێ هاوسێکان دەنگمان ببیستن.»

خێرا توانیم تێبگەم کە لەسەر کورسییەکی دەسکدار دانیشتبووی. پارچە تەختەیەک کە بەسەر دەسکەکانەوە

بوو، لەباتی مێزت بوو. تۆ پاڵت بە پشـــــتەوە دابووەوە، بەڵام پارچە تەختەکە نزیکی سینەت بوو.

سەعاتێ قسەت بۆ کردم، دەبێ لەیادت مابێ. چونکە پەنجەرەکان داخرابوون دراوسـێکان گوێیان لە قسـەکانی تۆ نەبوو، پەردەکانیش چونکە دادرابوونەوە، نەیانبینی کە دەگریت و جارجارە هەوڵ دەدەی لە باوەشـــم کەیت و ماچم بکەی.

ئەو وەختە توانیم ئەو شـــتانە لێکجیاکەمەوە کە لەســـەر پارچە تەختەی جێمێزەکەت داتنابوون. فاڵت دەگرتەوە. دایەگەورە دەیوت باوکی لە کاتی پیریدا فاڵی دەگرتەوە و بۆ ئەوەش فاڵەکەی ڕاســـت دەربچێ فێڵی دەکرد و گزی لە خۆی دەکرد.

وەختێ قسەت بۆ دەکردم بینیم پرچت خۆڵەمێشـییە و لەبەر خۆمەوە بیرم کردەوە کە ئیتر پرچت ڕەنگ ناکەی. پێشتر لەسەر دەستشۆر ڕەنگت دەکردن و منیش یارمەتیم دەدای تا ئەو شتانە بهێنی کە پێویستت پێیانە ...

وەختێ ئامادەی ڕۆیشـــتن بووم، نەتویســـت گڵۆپی ڕاڕەوەکە دابگیرسێنی و کارەبایەکی زیاتر خەرج ببێ. ئیتر من لە تـاریکیدا تۆم لە پـاڵ دەرگـاکەدا مـاچ کرد و تۆ لە تاریکیدا، منت لەپاڵ دەرگاکەدا ماچ کرد و لە باوەشـــت گرتم.

***

لە بەر ئـاوێنەدا دانیشـــتبووی ئـارایشـــت دەکرد، کەزییەکـانـت درێژ و بە شـــەپۆل داهـاتبوون بەســـەر جلەکـانتـدا. بەیـانیـان پێپەتی دەگەڕایـت و بەملاو بەولادا دەڕۆیشـــتی. لە مەدرید پیاوان تەماشـــای تۆیان دەکرد و دێتەوە یادم کە چەندین جار ناچار بووم بێمە قسە.

ڕۆژێ کە دەســـتمت گرتبوو و پێکەوە لە شـــەقام دەڕۆیشـــتین ئەو پیاوە نزیک بووەوە تا ســـەری دمودوت لەگەڵدا دامەزرێنێ، دێتەوە یادم پاڵم پێوە نا و دژوێنم پێ دا. وەختێ لە مەدریـد بۆ یـاری ئێمەت دەبردە دەرەوەی شار و خۆیشت لە بن سنۆبەرێکدا لەسەر ئەرز دادەنیشتی، بە بلوســـە دەســـتچنەکەم لاقەکانتم دادەپۆشـــی تا پیاوان تەماشات نەکەن.

لە ماڵەوە بە پێی پەتی دەگەڕایت. وەختێ هیلاک و ماندوو لە کاری فەرمانگە دەگەڕایتەوە، لە بەرچاوی ئێمەدا کراسەکەت دادەکەند و ئەو کاتە من لە هۆدەکە دەچوومە دەرەوە.

چونکە شەوانە تۆزێکی نوسەکت لە دەموچاوت هەڵدەسووی، بێ ئەوەی ماچت بکەم دەخەوتم. بەیانی دیسانەوە پێخاوس بە ماڵەکەدا دەگەڕایت و شتەکانی خۆت کۆ دەکردەوە. ئینجا دەهاتیتە ژوورەکەم و ئەو وەختە دەمتوانی ماچت بکەم چونکە دەموچاوت نوس نەبوو.

❊❊❊

وەختێ گەنجەکانی گوند چوونە ناو زەویی گابازییەکەوە، چەند کەسێکیان هەر لەوێدا و لە پەنای دەرگەکەدا بە ئەرزدا کەوتن. پاشان گا کێوییەکانیش هاتنە ناوەوە. بەڵام تۆ لە ڤیارامیرۆ نەبووی. لە بان دیوارەکانەوە، سوارەکانمان بینی کە گا کێوییەکانیان لە جاڕەکانەوە دەهێنا. ئەو وەختە تا گۆڕەپانی گابازی ڕامانکرد و لەوێ دانیشتین. دایەگەورە و پورە کلارایش هەڕایان دەکرد،

چونکە نەیاندەویســـــت نمایشـــــی هاتنەناوەی گاکان بۆ گۆڕەپانەکە لەدەســـــت بدەن. بەڵام چونکە ئەوکاتە تۆ لە ڤیارامیرۆ نەبووی، شتێکت نەبینی.

هەر کە گـاکـان هـاتنە گۆڕەپـانەکـانەوە، پیـاوەکـان لەســەر دیوارەکان ڕۆیشـتن و لە پشـتی حەشـارگەکانەوە خۆیـان پەنـا دا. حەوت گـای کێوی بە هەموو لایەکـدا هەڵیاندەتیزان و کەســیش نەیدەتوانی دوو کەســی بریندار دەربهێنێ. ئێمە لەو ســەرەوە پاســوســی دوبلســەکان[6] و پەلاماری گا کێوییەکانمان دەبینی. بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ لە شـــار بووی، ناچار بووم دواتر ئەم شـــتانەت بۆ باس بکەم.

چونکە هەوا زۆر گەرم بوو، باوەگەورە چاکەتەکەی داکەندبوو و پورە کلارا و دایەگەورەش ســـەرقۆڵەکانیان هەڵکردبوو. وەختێ گاکان لە تەنیشتمانەوە ڕەویان دەکرد، تیشکی خۆر لە پێستە درەخشانەکەیانی دەدا. گاکان بەدەم

[6]. پێسەمای گابازەکان لەوەختی گابازیدا.

ئەوقبوونەوە ڕەویان دەکرد و خەڵکیش چەپڵەیان لێ دەدا و هاواریان دەکرد.

ئینجا کەڵەگاکانیان هێنا ناوەوە و حەوت گا کێوییەکە بەدوای ئەواندا گەڕانەوە گەوڕەکانیان و ئەو وەختە بوو کە دوو کەســـە بریندارەکەیـان هێنـایە دەرەوە. وەختێ گەڕایتەوە بۆ ڤیـارامیرۆ، هەر بەو جۆرەی کە دەســـتم بەســەر برۆ ڕەشــەکانت و لوتتدا دەهێنا هەموو شـتێکم بۆ گێڕایتەوە.

❊❊❊

هەر کە دەگەیشـــتە کۆتاییەکەی، ئەو شـــتە لە مندا دەقەوما.

پورە کلارا کە ســـەرلەبەری ڕێوڕەســـمی زکرکردنی لەبەر بوو، هەموو شـــەوێ پێشــنوێژی دەکرد. کەمێ پاش دواییهـاتنی «دایکە موقەدەس»[7]، پورە کلارا دەســـتی بە

---

[7]. دوعایەکی مەسیحییانەیە

«درود بۆ ئێوە دەنێرین مەریەمی موقەدەس» دەکرد. بەڵام ئەو کاتە هێشتاکە لێم نەقەومابوو.

هەر بەو جۆرەی کە نوێژمان دەکرد، دەبووایە نیسک و لۆبیایش خاوێن بکەینەوە. باوەگەورە سیغاری دەپێچایەوە و لە لوولە مقەبایەک ئاغزەی دروست دەکرد. باوەگەورە لە هەمان ئەو لۆکەیەی هەڵدەگرت کە تۆ و پورە کلارا بەکارتان دەهێنا.

پورە کلارا «درود بۆ ئێوە دەنێرین مەریەمی موقەدەس» و پەرجووەکانی[8] یەک و سێ و پێنجی دەخوێند. ئێمە «دایکە موقەدەس»ی ئەم پەرجووانەمان دەخوێند. پورە کلارا «دایکە موقەدەس»ی پەرجووەکانی دوو و چواری دەخوێند و ئێمە «درود بۆ ئێوە دەنێرین مەریەمی موقەدەس»ی ئەم پەرجووانەمان دەخوێند. بەڵام ئەمە، لەو وەختەدا نەبوو کە ئەو شتە لە مندا ڕووی دەدا.

باوەگەورە سیغارەکانی خۆی بە ئامێرێکی کانزایی، لوولەیی و درێژ دەپێچایەوە. بۆ ئاغزەکەیشی لەو لۆکەیەی

[8]. بریتیە لە پەرجووەکانی موسا و دە فەرمانەکەی.

هەڵـدەگرت کە ئێوە خوێنـاویتـان دەکرد و منیش لە سەبەتەیەکی دارینی ناو چێشتخانەکەدا دەمدۆزییەوە.

پورە کلارا هەموو پەرجووەکـانی لەبەر بوو و لە پێشـمانەوە دەیخوێند. بەڵام ئەمە ئەو وەختە نەبوو کە ئەو شــتەی تیا دەقەوما و ناچار دەبووم دارەکەم بە گۆشــەی ســــفرەکە بشــــارمەوە. وەختێکیش کە دوای ئەوە زکری لاتینی دەخوێند دیسانەوە وەختی نەبوو.

وەختێ کە ئەم دوعایەش کۆتایی دەهات، باوەگەورە لەســــەر مێزەکەی هەڵدەســــایەوە و دەچووە ڕاڕەوەکە و بەدەم پیاسەوە سیغاری دەکێشا.

کە کۆتایی دەهات ئەو شــــتە دەقەوما. وەختێ پورە کلارا بۆ مرازەکـانی خۆیی و چپەچپەکـانی دایەگەورە دەســــتی بە دوعای «باوکێ کە وای لە ئاســــمانەکاندا» دەکرد، من ڕاســــت دەبوومەوە و بە هەمان شــــێوەی کە وەڵامی «باوکێ ...»کانی هەموو شـەوێ لە شـەوی پێشـوو درێژتری پورە کلارا و دایەگەورەم دەدایەوە، خۆم تەڕ دەکرد.

❊❊❊

ئینجا لە تۆم پرسی: «ئایا تۆیش دەمری؟»

تۆیش وتت: «بەڵێ»

ئینجا لە تۆم پرسی: «چی دەکەم؟»

تۆیش وتت ئەو وەختانە من گەورە دەبم.

بە تۆم وت: «چ پەیوەندییەکی بەوەوە هەیە؟»

تۆیش وتت: «پەیوەندی هەیە.»

ئینجا پێم وتی: «با هەبێ.»

ئیتر تۆیش وتت هەموومان دەبێ بمرین.

ئینجا لێم پرسیت: ئایا بۆ هەتاهەتایە؟

تۆیش وتت: «بەڵێ»

ئینجا پێم وتی: «ئەی چی لەو دنیای تر دەکەی؟»

تۆیش وتت: «زۆر درەنگ نۆرەی ئەو دنیا دێ.»

بەڵێ.

ئینجاکە پێم وتی گوڵت بۆ دێنم.

تۆیش وتت: «کەی؟»

ئینجا پێم وتی: «وەختێ مردی.»

تۆیش وتت: «ئەها ...»

ئینجا کە پێم وتی گوڵت بۆ دەهێنم و پاشـــان بە تۆم وت: «گوڵاڵەسوورە» و تۆیش وتت باشترە بیر لەم شتانە نەکەینەوە.

ئینجا پێم وتی: «بۆچی؟»

تۆیش وتت: «لەبەر ئەوەی ...»

ئینجا پێم وتی: «باشـە.» پاشـان لێم پرسـیت کە ئایا دواتر لە دنیایەکی تردا یەکتری دەبینینەوە؟

تۆیش وتت: «بەڵێ.»

ئینجا پێم وتی: «خۆشبەخت دەبم»

بەڵێ.

ئینجا لێم پرسیت کە چ کەسێ ئەوەی دروست کردووە؟

تۆیش وتت: «چ شتێک؟»

ئینجا پێم وتی: «ئەم مەسەلەی مردنە»

تۆیش وتت: «هیچ کەسێ»

ئینجا پێم وتی: «ئەولا چی؟»

تۆیش وتت: «کام ئەولا؟»

ئینجا پێم وتی: «دنیاکەی تر؟»

تۆیش وتت: «هیچ کەسێ»

ئینجا پێم وتی: «ئەها» و پاشان بە تۆم وت: «ئەها» و ئینجا پێم وتی: «وەختێ مردی لەسەر دڵت تەپڵ لێ دەدەم.»

تۆیش وتت: «نابێ ئەم قسەیە بکەی.»

ئینجا بە تۆم وت: «گوناهە؟»

تۆیش وتت: «نە».

❊❊❊

دیـوارەکــانـی ڤـیــارامـیـرۆ بەرز بـوون. دایەگەورە قەدەغەی کردبوو کە بچینە سـەر کۆنگرەی[9] دیوارەکان یا بچینە ناو چاڵەکانەوە. لەگەڵ هاوڕێکانمدا دەچوومە ناوەوە و لەو خوارەی کۆنگرە بڕاوەکانەوە تەماشـــای ئاســـمانم دەکرد. هەموو دەیانویســـت لە دیوارەی پردە بزۆکەکەوە ســـەرکەون و منیش بە ســـوودوەرگرتن لە بەرزی و نزمییەکانی بەردەکان ئەم کارەم دەکرد.

وەختێ لە شار دەگەڕایتەوە بە پێشوازیتەوە دەهاتین بۆ وێســـتگەکە. بـاوەگەورە بە ئۆتۆمۆبێلی یەکێ لە دۆســـتەکـانی دەیبردین و من لە جـامەکەوە درەخـت و

---

[9]. لێواری دیواری قەڵا، کۆشـــک و بورجەکان کە لەنێوان هەر دوو بەردێکدا دانەیەکی دانەنراوە و پاسەوانان چاودێرییان لێوە کردووە.

جــادەکــانـم دەبینـی کە بە پێچەوانەی ڕەوتـی ئێمەوە دەجوولانەوە. تۆ لە شار نان و گۆڤارت بۆ دەهێناین.

تۆ تەماشای نیگارەکانمت دەکرد و وەختێ لە ماڵەوە بووی یارمەتیت دەدام ئەو نەخشـــەیە بکێشـــم کە دەبوایە هەموو ڕۆژێ بەیانیان بۆ قوتابخانەی ببەم. ئەمانەت لەبیر مــاوە، خۆت چەنـدین جـار بۆت بـاس کردووم. دەزانم نیگــارەکــانم و ئەو گەڵایــانەی کە لە پۆلی پێنجەم کۆم دەکــردنەوە، لە یەکــێ لە چەکــمەجەکــانــی دۆڵابەکەدا هەڵتگرتوون.

***

« ـــــــ من هەردەم خۆم لە پێنـاوی ئێوەدا بەخـت کردووە. ئەگەر هەنـدێ جـار نەمتوانیبێ بەو جۆرە بم کە دەبوایە ببم، وا بیر نەکەیتەوە کە بە ئەنقەست وام ویستوە، بەڵکوو ...»

کەمێ بێدەنگیت لێ کرد و ئاهێکت هەڵکێشا:

« ـــــ من ژنێکی بەختبەراوەژووی نەخوێنەوارم، کە ئەوەی لەدەســـــتم هــات بۆم کردن. وەکوو کەنیزەکێ

بچووکترین خواســـتی ئێوەم بەدی هێنـاوە، کـام دایـک دەناسی کە ئەم کارانەی کردبێ؟»

ڕیزی یەکەم بریتی بوو لە پـاپـازی دینـار، کچی ســـینەک، کوڕی قەرە، حەوتلۆی دینار، شـــەشـــی کوپ و پێنجلۆی دینار.

« ـ ناوی تەنیا یەک دایکی وەک من بهێنە.»

پەنجەرەکـان چونکە داخرابوون، هـاوســـێکـان قســـەکانتیان نەدەبیســـت. دیوی پەنجەرەکان، ئەو کڕکڕە حەســـیرییە ڕەنگ ســـەوزانە بوو کە داوێ هەڵیدەپێچان و بەرزی دەکردنەوە.

« ـــــ کەی بینیوتە منیش وەک ژنانی تر خەریکی خۆشگوزەرانی بم یا شتێ بۆ خۆم بکڕم یا بڕۆمە سینەما و شـانۆ؟ خۆت باش دەزانی کە چەنێ حەزم لێیە شـەوی یەکەمی شـــــانۆگەرییەکـان ببینم، بەڵام تۆ کەی دیوتە تەنـانەت قرووشـــێ خەرج بکەم و لانی کەم ئەگەر بۆ جارێکیش بووبێ بچمە سەیری شانۆ؟»

ڕیزی دووەم بریتی بوو لە کوڕی کوپ، حەوتلۆی قەرە، شەشلۆی سینەک، پێنجی کوپ و چوارلۆی قەرە.

« ـ هیچ وەختێ پارەیەکم لە خۆمدا خەرج نەکردووە. هیچ وەختێ! ئەی چەند ژن هەن لە تەمەنی مندا کە بەخۆشی ڕادەبوێرن، دەچنە ئێرە، دەچنە ئەوێ، پارەکانیان لە ڕازاندنەوە و بۆن و بەرامە و خشڵدا خەرج دەکەن؟ تۆ شتێکی وا لە ژیان نازانی و ژیانی خەڵکانی ترت نەبینیوە. من هیچکام لەم کارانەم نەکردووە، نەک لەبەر ئەوەی کە حەزم لێ نەبوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دەمویست خۆم لەپێناوی ئێوەدا بەخت بکەم. شەو و ڕۆژ هەوڵم دا شتێک بدۆزمەوە تا شادتان بکا و ئەوسا بیدەم بە ئێوە. ئەگەر هەندێ کات ڕەفتارم بەپێچەوانەی ئەو شتەوە بووە کە دەبوایە ببێ، دووبارەی دەکەمەوە دەبێ ئەوە بخەیتە ئەستۆی نەخوێنەواری و کەمهۆشی منەوە. من ژنێکی بێچارەم، زۆر زوو بێوەژن و تەنیاباڵ کەوتم، بێ ئەوەی کەسێ هەبێ ڕێنوێنیم بکا، بە ناچاری ڕووبەڕووی دژوارترین بارودۆخ بوومەوە و کە توانیویشمە خۆیشم

بپەڕێنمەوە ئەوە تەنیا لەبەر کارەکەم بووە.»

لەبەر ئەوەی پەردەکان دادرابوونەوە، هاوسێکان نەیانتوانی لە کاتی قسەکردنماندا تۆ لەگەڵ مندا ببینن.

***

لەگەڵ ئەلیسادا دەچوومە قوتابخانەی خوشکانی ڕۆحانی. هەموو ڕۆژێ بەیانیان نەخشەی ئیسپانیام لەسەر تەختە لەوحێ دەکێشا و دەکەوتمە ڕێ. وەختێ لە ڤیارامیرۆ بووی یارمەتیت دەدام تا بیکێشم. لە زەریای ئەتڵەسییەوە دەستم پێ دەکرد، سەرەتا سانتیمەترێکم لە کەناری فەڕەنساوە دەکێشا و ئینجا دەریای ناوەڕاست و دواتر سانتیمەترێکی تر لە کەناری فەڕەنساوە کارەکەم بە کۆتا دەهێنا. سنوورەکانی ئیسپانیام لەگەڵ فەڕەنسا، ئاندۆرا و پورتوگالدا بە نیشانەی بچووکی لێکدان دەستنیشان دەکرد. وەختێ دەهاتی بۆ ڤیارامیرۆ لە پالّمدا دادەنیشتی و ڕێنومایيت دەکردم. دەستەکانت ساف و سپی بوون.

لە ڕۆژی لەدایکبوونتدا، لەسەر مقەبا نیگارم بۆ دەکێشای. تۆیش لە چەکمەجەی کۆمەدەکەدا هەڵتدەگرتن. دایەگەورە یارمەتی دەدام. لەژێر نیگارەکەدا دەمنووسی «بژی شا مەسیح!». دەستەکانی دایەگەورە چرچ و لۆچ و ڕەگەکانی دەرپەڕیبوون.

ڕۆژی لەدایکبوونت دەهاتی بۆ ڤیارامیرۆ و ئێمە دۆندرمەمان هەبوو. تۆ دۆندرمەی شلێگت دەخوارد، ئەلیسا دۆندرمەی چکلێتی، پورە کلارا و باوەگەورە دۆندرمەی بەپستە و دایەگەورە دۆندرمە یا ڤانیلا و منیش دۆندرمەی شلێگم دەخوارد.

لە ڕۆژی لەدایکبوونتدا لە ڕۆخی ڕوبارەکەدا پیاسەمان دەکرد. وەختێکیش دۆستە هاوپۆلەکانم لە تەنیشتمانەوە تێدەپەڕین دەیانبینی کە لەگەڵ تۆدام.

بە تەنیشت ڕووبارەکەدا دەڕۆیشتین و من ناوی درەختەکانم لێ دەپرسیت و تۆیش ناوەکانیانت پێ دەوتم. لەوێوە پرد و کۆشک و کۆنگرەکان دەبینران. لە تۆم دەپرسی چ کەسێ پردەکەی دروست کردووە و تۆیش دەتوت «شا هنری دی تراستامارە».

لێم دەپرســـیت کەی ئەو کۆنگرانەیان وێران کرد کە ئیتر بوونی نییە، تۆیش دەتوت لە وەختی گەمارۆدا. چونکە هەتـاوەکە زۆر گەرم بوو، تۆ کڵاوت لەســـــەر کردبوو و هەندێ جار ســـێبەرەکەی لەژێر چاوەکانتی دەدا و هەندێ جار سەر لێوەکانت و جارجارەیش دەکەوتە سەر سینەت.

هەر کە دەگەڕاینەوە، هــاوڕێکــانم لــەگــەڵ تۆدا دەیانبینیم و منیش ئەو کاتە دەســـتەکانتم لە نێو دەســـت دەگرت.

***

تۆ لێت پرسیم:

« ـ چی دەکەی؟»

منیش وەڵامم دایەوە:

« ـ دوعا دەکەم.»

چرپاکان دارین بوون و هاوینان بەهۆی ساسەوە[10] هەفتەی جارێ میلە ئاسنینەکانیانمان بە لۆکەی بە کهول تەڕکراو دەسووتاند و ئەو کونجانەمان بە گەچ دەگرت کە لە دیوارەکاندا هەڵیان دەکەند.

لە چرپاکەم نزیک بوویتەوە، ئینجا چووی بخەوی. من درێژەم بە خوێندنی فرەتوندتری «باوکێ کە ... دا» دا.

ژوورەکەم لە ڤیارامیرۆ دەچووەوە سەر ژوورەکەی ئەلیسا، هەندێ جار وەختی سەرخەوشکاندنی پاش نانی نیوەڕۆ پێکەوە شەڕە پشتیمان دەکرد. شەوانە ئێمە شەڕەپشتیمان نەبوو چونکە هێندە «باوکێ کە ...»م دەخوێند تا خەوم لێ دەکەوت. سێبەر دەکەوتە سەر دیوارە ڕەشەکان: هەر جارێ کە چاوەکانم دەکردەوە، دەمبینین و کە چاوەکانیشم دادەخست، هەستم بە هەبوون و ئامادەییان دەکرد.

---

[10]. مێروویەکی وردی پان و خڕەڵە کە وەک گەنە وەهایە و بە شێوەی مۆرانە کون لە دار و دیوار دەکا و خوێنمژە. لە فەرهەنگە کوردییەکاندا هەریەکە و مانایەکیان لەبەرامبەر داناوە کە هیچیان مانای تەواوی خۆی نادا.

ئەو ســـــاســـــانەی کە دەمانگرتن، دەمانخســـــتنە گوڵدانێکەوە کە تا نیوەی ئاو بوو.

لە دواتردا «بـاوکێ کە...»م ئـارامتر دەخوێنـد. بەم شێوەیە چونکە فیڵم نەدەکرد و بیرم لە وتەکانم دەکردەوە، دەمزانی کە شەو، نامرم.

وەختێ چەند ســـاڵ دواتر، مێروکوژ داهێنرا، ئیتر بۆ ئەوەی شەوانە نەمرم «باوکێ کە...»م نەدەخوێند.

❊❊❊

لە پاکەتە مقەباییەکەشـــدا دیســـانەوە وێنەیەکی ئەو نەبوو. پاکەتەکە لە بنی باوڵێکدا بوو لە ژوورە بچوکەکە. تەنیـا پـایپەکەی «دکتۆر پلومـپ»، بەســـــتەیەک کـاغەز و نامەم لەوێدا بینی. چونکە تۆ لەسەر کار بووی، نەتبینی کە چوومە ژوورە بچووکەکە و باوڵەکەم بە کلیلی گەنجینەی چێشتخانەکە کردەوە.

پـایپەکەی «دکتۆر پلومـپ» درێژ بوو و توتنـدانێکی گەورەی هەبوو. لام وایە بۆ هەبوونی پایپێکی وەها گەورە،

دەبێ خۆیشـــی گەلێ گەورە بێ. لە باوڵەکە و لە تەنیشـــت پاکەتەکەدا جزدانێکی بەتاڵیش هەبوو.

دێتەوە بیرم ئەو پیاوە پێیەکانمی بە خاک دادەپۆشی. دەستەکانی لە تەنیشت پێیەکانمەوە، هەتاو و کەناری میلیا دێنەوە بیرم.

وەختێ باوڵەکەم واز کرد، بۆنی ئەسپەنەک بەر لوتم کەوت. پەتۆیەکیـان دابوو بەســــەر بـاوڵەکەدا. پـاکەتێکی مقەبایی لە بنی باوڵەکەدا بوو کە بەستەیەک نامە، کاغەز و پایپەکەی «دکتۆر پلومپ»ی تێدا بوو.

وەختێ لەسـەر کار بووی، پایپەکەم هەڵگرت و لەنێو کەرەســــتەکانی خۆمدا شـــــاردمەوە. گومان دەکەم لەبەر ئەوەی ئەنـدام وردیلە بووە بۆیە ئەم پـایپە گەورەیەی کڕیوە، واتە پـایپەکەی «دکتۆر پلومـپ» کە ئێســـتـا بە لێومەوەیە.

پزیشـک، ئیسـتەرپیتۆمیسـین و پاس وەرمیفۆنی بۆ نووســـیم. وەختێ پەرســــتارەکە دێ، وەردەســــوڕێم و پیجـامەکەم دادەکـەنم. کە دەرزیم لێ دەدا، بەتونـدی

نوقورچە لە خۆم دەگرم. ئەو کاتەیە پەرستار دەڕوات و ئیتر نامەت بۆ دەنووسم.

پزیشک 15 ڕۆژ پشووی پێدام و منیش پاشنیوەڕۆ هاتمە مەدرید بۆ سەردانی تۆ. لە ژووری نیوەڕۆخوانەکە، کە پەنجەرەکانی داخراو و پەردەکانیشی دادرابوونەوە، پێشوازیت لێ کردم. ئێستاکەش لە ژوورەکەمدا بۆت دەنووسم.

لەبەر ئەوەی دکتۆر ڕێگەم پێ دەدا جگەرە بکێشم، پایپی «دکتۆر پلومپ» دەکێشم. لە پەنجەرەوە تەماشای بارینی باران دەکەم و خوڕەی ڕژانی ئاو بە سولاوکەکەدا دەبیستم. چاوەڕێی زەنگی نانخواردنم و خەریکم بۆت دەنووسم.

پزیشک ڕایسپاردووە پشوو بدەم، بۆیە پشوو دەدەم. ئەو وتوویەتی کە دەتوانم لە خوار دەرگای ژووری نیوەڕۆخوانەکەوە نان بخۆم و منیش بۆ ئەوێ دەڕۆم. پزیشک وتوویەتی هێشتا دەبێ ساڵێک لێرە بمێنمەوە، بۆیە دەمێنمەوە. پزیشک ڕێگەی پێداوم دوانیوەڕوان لە وەختی پشوودا بنووسم و منیش بۆت دەنووسم.

***

تۆ دەچوویتە مەدرید بۆ سەر کارەکەت و پورە کلارا دەهاتە ژوورەکەم. پێخەفەکانی لەسەر لا دەدام و من پانتۆڵەکەی خۆمم لەبەر دەکرد.

دەکەوتینە سەر ئەژنۆ و نوێژی سبەینانمان دەخوێند. پورە کلارا بەرنوێژی دەکرد و دەستەکانمی پێکەوە دەلکاند بۆ ئەوەی ڕێک بن. لە وەختی نوێژدا، پورە کلارا چاوەکانی دەنوقاند و هەندێ جاریش تەماشای بنبانەکەی دەکرد. ئەنیشکی بە تەنیشتی ئەنیشکمەوە بوو.

پورە کلارا لفکەی لە گیانم دەخست. سەرمام بوو، پێموت:

« ـ من ئیتر چواردە ساڵمە.»

سەروملی دەشۆردم و ئازارم دەهات. پورە کلارا جلی خەوی لەبەردابوو، هەر جارێ کە دەچەمییەوە، لە ئاوێنەکەوە ئەو خاچە ئاویزانەی گەردنیم دەبینی کە دەکەوتە نێوانی سینەیەوە.

وەختێ لە مەدرید بووین، هەموو بەیانییەک بەر لە ڕۆیشـــتنە ســـەر کار منت ماچ دەکرد و دەموچاوت نوس نەبـوو. لەو وەخـتەدا پـورە کـلارا دەهــاتە ژوورەکەم، پێخەفەکانی لەسەر لا دەدام، لە چرپاکەم دەیهێنامە دەرەوە و من پانتۆڵەکەی خۆمم لەبەر دەکرد.

ئەوجا دەســـت و پلم، دەموچاوم، مل و گوێیەکانمی دەشـۆرد. وەختێ لفکە ئیسـفنجییەکەی دەهێنا بە لەشـمدا، هەستم بە سـەنگینی لەشـی بەسـەر پشـتی خۆمدا دەکرد و هەندێ جاریش دەمنرکاند.

بە ســـــوودوەرگرتن لە بەرز و نزمی دیوارەکـان، دەچـوویـنە نـاو چـاڵەکـانەوە. لەو خـوارەوە بەدوای مارمێلکەکانەوە بووین تا بیانســـــووتێنین. لەوێوە دیوارە بەرزەکەی سەر کۆشک و کۆنگرە بڕاوەکانمان لە ئاسماندا دەبینی.

لەســـەر دیوارەوەکەوە، باوەگەورە، دایەگەورە، پورە کلارا، ئەلیسا و من تەماشای هاتنی گاکێوییەکانمان دەکرد. چونکە لە شــــار بووی هاتنی گاکانت نەدەبینی، بەڵام ئێمە بینیمانن.

تۆ نەتبینی چۆن گۆڕەپانی گابازییەکەیان بە تەختە دروست کرد، بەڵام ئێمە لە هەیوانەکەی ماڵەوە سەیرمان دەکرد و ئەو پلەکانەمان دەبینی کە لە زەوییەوە تا ئاسمان بەرز دەبوونەوە و گەنجەکانی دێ لەسەری دانیشتبوون.

چونکە لە شار بووی نەتبیست، دایەگەورە پێی وتم، چونکە تۆ کچی، تەنانەت وەختێ گەورەیش بووی بوێری ئەوە ناکەی لە پلەکانەوە سەرکەوی. ئەوجا چونکە لە شار بووی نەتبینی کە چۆن لە ماڵەوە هەڵاتم و لە کاتێکدا دایەگەورە، پورە کلارا و ئەلیسا هاواریان دەکرد، لە پلەکانەوە تا کۆتایی سەرکەوتم.

***

کورسییە دەسکدارەکەت کە جاران بە پارچەی گوڵدار پۆشرابوو، ئێستاکە بە سەوزی تۆخدا دەنوێنێ. کە چاوانم بە تاریکی ڕاهاتن ئەوجا هەستم بەم شتە کرد.

« ـ هەموو ژیانم خستە بەر پێی ئێوە، هەموو ژیانم. باش دەمزانی ڕۆژێ دادێ کە ئێوە لەباتیی سوپاسکردن، خۆبەختکارییەکی زیاترتان گەرەکە. کێشە نییە. ئەگەر حەز

دەکەی هەمیشـــــە ئازارم بدەی، دەی ئازارم دە. من تەنیا دایکێکم و دەمەوێ منداڵەکانم بگەن بە هەموو ئاواتەکانیان، تەنانەت ئەگەر بە نرخی شکاندنی دڵی منیش بێ.»

پەیکەرەکەی مەسیح هێشتا لەسەر ڕادیۆکە بوو، کە هەر سـفرە پانەکەی جارانی لە ژێردا بوو. بەڵام تۆ دوو گوڵدانت بە گوڵی کاغەزینەوە بۆ زیاد کردبوو: یەکیان لەلای ڕاستی پەیکەرەکەوە و ئەوی تریش لای چەپیەوە.

« خوا شایەتە لەمە زیاتر کارێکم پێ نەدەکرا. هەوڵم دا لـەگـەڵ هەمووان میهرەبـان بم، بەبێ هەڵاوێری و بەتایبەتی بەرانبەر ئێوە کە ئومێدی ژیانی منن. هەمیشـــــە هەوڵم دا ئەوە ئەنجام بدەم کە بە پێویستم دەزانی. پێیشم وایە لەم کارەدا سەرکەوتوو بووم. بانگەشەی ئەوە ناکەم کە هەڵەم نەکردووە، بەڵام حەز دەکەم بزانی کە ئەگەر هەڵەیەکیشــــم کردبێ بەهۆی نەزانییەوە بووە و هەر کە هەستم بە هەڵەکەی خۆم دەکرد قەرەبووم دەکردەوە.»

ئێســــتا ئیدی تەلەفۆنی دیواریت نییە. لەباتیی ئەوە تەلەفۆنێکت بە ســـیمێکی درێژەوە لەســـەر مێز داناوە.

وەختێ تەلەفۆن زەنـگ لێ دەدا، هەڵئـاسـیتەوە و بە دانیشتنەوە دەسکی تەلەفۆنەکە هەڵدەگری.

« ـــ لە ئینجیلدا نووسراوە تەنانەت موقەدەسترین کەسـەکانیش ڕۆژی حەوت جار گوناح دەکەن. ئەی ئیتر چـۆن چـاوەڕێـی ئەوە دەکـەی مـنـی بـوونەوەرێـکـی بەختبەراوەژوو، بێگوناح بمێنمەوە. بانگەشـەی ئەوە ناکەم لە موقەدەسـەکانم، هیچ وەختێ ناتوانم هێندە کامڵ بم. من تەنیا ژنێکی بەدبەختم کە لە گوندێکی بچووکی کاسـتیادا گەورە بووم. ناتوانم لە موقەدەسـەکان بم بەڵام هەمیشـە هەوڵم داوە خراپە نەکەم.»

ڕادیۆکە هەروەکو خۆی لەلای ڕاستی تۆوە لەسـەر دۆڵابەکەی دایەگەورە بوو. هێندە بەس بوو دەسـتت درێژ بکەیت و پێویسـت نەبوو بۆ وەرگرتنی شـەپۆلێکی تر لەسەر کورسییەکەی خۆت هەڵسیتەوە.

***

کۆترەکـان بە چواردەوری ئێمەدا دەگەڕان و تۆیش لە دوای منەوە بووی.

لەسەر ئەژنۆ دادەنیشتم و لەناو لەپی دەستم پارچە نانم دەدانێ و تۆ تەماشات دەکردم.

وەختێ کۆترێ لەسەر دەستم دەنیشتەوە بە ئارامی هەڵدەستامەوە تا نەترسێ. کۆترەکان بە چواردەوری ئێمەدا دەگەڕان و ئێمەش دەترساین بیانکەین بە ژێرپێوە.

ڕۆژێ ویستم کۆترێکی نەترست نیشان بدەم تا دەستی بەسەردا بهێنی. بەڵام بینیم چاوت لە شوێنێکی ترە، ئەو کاتە بوو کە کۆترەکە لە شەقەی باڵی دا و فڕی.

❊❊❊

کەسی یەکەم ئالای وڵات دەبا. خوشکی ڕۆحانی لە تەنیشتییەوە ڕێگەی نیشان دەدا. دایکی ڕۆحانی و چەند خوشکی تر لە پشتی پەنجەرەوە بوون. ئێمەی فێرخوازان یەک بەدوای یەکدا ڕێمان دەکرد و سروودی «پاکیزەی پیلار وتی نایەوێ فەڕەنسایی بێ»مان دەوت.

بە بەیەکداکێشانی دوو بەرد، بەشداریی ئاوازەکەمان دەکرد. فێرخوازە زیرەکەکان زەنگۆڵەیان لە خوشکان وەرگرتبوو. خوشکەکانیش بە لێبوکەدارینە شوێنی

ئاهەنگەکە دەکەوتن. ئێمە هەمووومان سـروودی «مەریەمی پاکیزە ڕزگارکەری ئێمەیە»مان دەوت. هەموویشـــمان بە دوای یەکـدا بە یەک ڕیز، بـازنەیی دەسـوووڕاینەوە و حەوشـەکەمان پڕ دەکرد. وەختێ خوشـکە مێرسـیدیس ڕێنمایی ئالأبەدەسـتی دەکرد، ڕیزی ناکۆتای ئێمە زیاتر دەچەرخاین. ئینجا دەوەسـتاین و دایکی ڕۆحانی هاواری دەکرد: «بژی شامەسیح» و ئێمەیش دەمانوت «ئامین» و ئیتر دەستمان بە لێدانی بەرد و زەنگۆڵەکان دەکرد.

***

باوەگەورە لەژێر سوتانەکەی مەریەمی پیلاردا گیانی سپارد.

پێـت وتـم کە بـڕۆیـن بـۆ بـیـنـیـنـی. بـاوەگەورە نیوەخەوتوو ناوی هێنام. چونکە وتت ماچی کەم، ماچم کرد و پێم وت:

« ـ باوکی میهرەبان.»

چونکە چەند ڕۆژێک بوو ڕیشـیان نەتاشـیبوو، زبرییەکەی دەموچاومی ئازار دا. لەسـەر نوێنی سـوتانەی

مەریەمی پیلار بوو، کە پێشتر پورە کلۆتیلدە و هاوڕێکانی تری دایەگەورە و پورە کلارا لە ژێریدا مردبوون.

ئێستاکەش دێتەوە بیرم: ڕۆژی سێیەمی مانگی تشرینی دووەم بوو.

بە منت وت بڕۆمە دەرەوە و منیش چوومە دەرەوە. زانیم پورە کلارا کە لە ژوورەکەی باوەگەورە مابووەوە، نوێژی دەکرد و تۆ وتت نوێژی مردوو دەکا.

ئەو شەوە لەناو نوێنەکەی خۆمەوە دەنگی پورە کلارام دەبیست کە دوعای دەکرد. لاواندنەوەیەک کە پێش خەوتن، بە درێژاییی شەو چەندین جار بیستم و بەم شێوەیە دەستی پێ دەکرد:

«نوێژی مردن، باوکە لەگەڵ مندا دوعا بکە (بێدەنگ بوو) ئەگەر ناتوانی قسە بکەی گرنگ نییە، لە دڵدا نوێژ دابەستە. خوا لێت ناگرێ (دیسانەوە بێدەنگ بوو) ئەی خوداوەند ئێستاکە لە سەرەمەرگدا ئێش و ئازارەکانی پێش مردن بە چێژەوە قەبوڵ دەکەم، لەپێناوی ئەوەی کە لە گوناهەکانم خۆش ببن.»

پاشماوەکەیم لەبیر نەماوە.

لە شیوی ئەو ئێوارەیە بەدواوە هەمیشە لە ژوورەوە نوێژمان کرد. لە کاتی شـــــیوخواردندا باوەگەورە لەژێر سـوتانەی مەریەمی پیلاردا دەنگێکی لە خۆیەوە دەهێنا من سەرم داخستبوو تا پێنەکەنم.

دایەگەورە، پـورە کـلارا و تـۆ بە نـۆرە بەســــەر نوێنەکەی باوەگەورەوە کێشکتان دەدێرا و نوێژی مردنتان دەخوێند، دەمەوبەیان پورە کلارا بۆ ساتێ نوێژەکەی بڕی تا من بێنێتە ژوورەکەوە.

بـاوەگەورە نیوەخەوتوو بە نـاو بـانگی دەکردم و ماچی دەکردم. منیش ماچم کرد و وتم:

« ـ باوکی میهرەبان.»

پورە کلارا داوای کرد لە ژوورەکە بچمە دەرەوە تا پیرەمێرد ماندو نەبێ. وەختێ هاتمە دەرەوە، دەنگی نوێژی پورە کلارام دەبیست.

کە ڕۆژی 15ی تشـــــرینی دووەم باوەگەورە لەژێر سوتانەی مەریەمی پیلاردا مرد، ئێمە ئەو شەوە لە تەنیشت تەرمەکەیەوە نوێژمان دابەســت. ئەو شــەوە ئیتر دەنگێکی لێوە نەهات.

❊❊❊

وەختێ پایپکێشـــــانم تەواو دەبێ، ســــــووتووەکەی دەکەمە ســــــووتکدانێکەوە. دەبێ چەندین جار پایپەکە بە ســــــووتکدانەکەدا بدەم. ئەوجا ئیتر لە لووتی خۆمی نزیک دەکەمەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر توتندانەکەی بۆن دەکەم.

پــاکەتێکی گەورەی شـــقــارتەم لە تەنیشـــــت ســووتکدانەکەوە داناوە هەروەکوو ئەو پاکەتە شـقارتەیەی کە تۆ لە چێشتخانە هەتبوو. پاکەتی پلاستیکی توتنەکەیش لەوێدایە. ئەمە پایپی «دکتۆر پلومپ»ە.

پێیــان وتووم کــارێکی وا نەکەم، بەڵام من هەفتەی جارێ پایپەکە لەسەر دەستشۆر دەشۆرم، توتندانەکەی نە، تەنیا فیلتەرەکەی. نیکۆتین پەڵە دەخاتە دەســـــتمەوە. پێیان وتووم کارێکی وا نەکەم.

توتندانی پایپەکە ئێستا کیفەڵەی کردووە و سووتکی ناوەکەی وەک کلسـی لێ هاتووە، هەر بۆیە هەموو ڕۆژێ توتنێکی کەمتر دەگرێ.

ئەمە پایپی «دکتۆر پلومپ»ە.

شەو لەناو سووتکدانەکەی تەنیشت پاکەتە شقارتەکە و پاکەتی پلاسـتیکی توتنەکەوە دایدەنێم و سـبەینان کە بەخەبەر دێم هەرگیز پایپ ناکێشم. تەنیا پاش نانی بەیانییە دەیکەمەوە. هەمیشە توتنێکی هەرزانباییی باشی تێ دەکەم کە لێرە توتنی خۆڵەمێشی پێ دەڵێن.

توتنـدانی پـایپەکە، کەم کەم کلس دەیگرێ. ئەم کلسەیش هەندێ جار وەها ئەستوور دەبێ کە ئیتر ناتوانم توتنی تێکەم. بۆیە هێندە توتندانەکەی دەتاشم تا کلسەکەی لێ دەبێتەوە. ئەوجـا کە پـایپەکە دادەگیرسـێنم، دەبینم تامەکەی گۆڕاوە.

دایە، ئەم پایپە پایپی «دکتۆر پلومپ»ی باوکمە.

***

هەمووان تاوناتاو بە توندی چەپڵەیان لێ دەدا و بە دەنگی بەرز هـاواریـان دەکرد. پورە کلارایش بە تونـدی چەپڵەی لێ دەدا و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد.

باوەگەورە هەموو شتێکی بۆ ڕوون دەکردمەوە. ئەو باش لێی دەزانی. هەر لەبەر ئەمەش وەختێ کە هەموو بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد، ئەو تەنیا چەپڵەی لێ دەدا.

دایەگەورە لە گۆڕەپانی گابازییەکە زیاتر پێدەکەنی تا ئەو کاتانەی کە لە ماڵەوە بوو، چونکە زۆر شـــــاد بوو، هەنـدێ جـار بەتونـدی چەپڵەی لێ دەدا و هەنـدێ جـاری تریش هاواری دەکرد.

باوەگەورە دەیوت گرنگترین کار بەرگەگرتنە. ئەگەر نەتوانی تا کۆتایی بەرگە بگری، ئەوا هەموو شتێ مایەپوچ دەبێ. بـاوەگەورە بـاش لێی دەزانی و هەر لەبەر ئەوەش وەختێ هەموو بەتونـدی چەپڵەیـان لێ دەدا ئەو تەنیـا هاواری دەکرد.

هەوا گەرم بوو، دایەگەورە و پورە کلارا سـەرقۆڵی کراسـەکانیان هەڵدەدایەوە و پیاوەکان چاکەتەکانیان دادەکەند.

هەر کە وەختێ کوشـتنی گاکەیش دەهات، خوێن لە دەمیەوە فیچقەی دەکرد، دەیبۆڕاند و لاقەکانی دەلەرزین. پاشـان دەمبینی گابازەکە دەسـتە خوێناوڵەکانی خاوێن دەکاتەوە و خەڵکیش لە هەموو کات زیاتر چەپڵەیان لێ دەدا و باوەگەورەیش سێ قۆناغی پێویستی کوشتنی گای بۆ ڕوون دەکردمەوە.

وەختێ لە شـار گەڕایتەوە هەموو شـتێکم بۆ باس کردی و بۆ ئەوەش کە باش تێبگەی چەند نیگارێکم بۆ کێشـایت کە تۆ لە پاڵ کۆلێکسـیۆنی پەڕەکانمدا هەڵیاندەگری.

***

قومارکارتەکان بە ڕێکی لەسەر زەوی ڕیز کرابوون. تۆ قسـەت لەگەڵ مندا دەکرد و دەسـتەیەک کاغەزت بە دەستەوە بوو.

« ـــــــ هەر کارێ کە لە توانامدا بوو بۆم کردن، بەتایبەتی بۆ تۆ و باوکت. ویژدانم ئاسودەیە و هیچ کەسێ نـاتوانێ بچووکترین ڕەخنەیەک، گوێـت لێیە، تەنـانەت بچووکترین ڕەخنەیەک لە من بگرێ. بـاش دەزانی کە خەڵکی، هەموو بە بێوەژنێکی بەختبەراوەژووم دادەنێن کە بە هەزار زەحمەت منداڵەکانم گەورە دەکەم. هەموو ئەمە دەزانن و ئافەرینم دەکەن. کام دایک بە ئەندازەی من خۆی بەخت کردووە؟»

وەختێ بێدەنگ دەبوویت، لێوەکانت هەڵدەقورچان.

« ـ لێگەڕێ با یەکجار بۆ هەتاهەتایە بۆت بگێڕمەوە، باش بزانە کە ئەگەر هەر دایکێ لە شـوێنی من بووایە، تۆ و ئەلیسـای ناچار دەکرد کار بکەن، تۆ دەبوویتە بارکێش و ئەلیسایش شاگردی بەرگدروو. بەڵام من کارێکی وەهام نەکرد، پێم باش بوو خۆم لە پێناوتاندا بەخت بکەم.»

هەندێ جاریش دەتوت کە دەبوایە بتهێشـتایە من بیناکاری و ئەلیسـایش کرێکاری بکردایە، یان ئەوەی کە ئەگەر هەر دایکێ لە شـوێنی تۆ بووایە ئێمەی دەبردە

هەتیوخانە یا لە سووچێکی سەرشەقامدا بەرەڵای دەکردین و دەڕۆیشت.

« ـــــــ من ئەم کــارەم نەکرد، چونکە بیرم لە خــۆشـــــبەخـتـیـی ئـێـوە دەکـردەوە. ئەگەر حەزم لە خۆشــگوزەرانی بووایە، ئەوا کێشــەیەک نەبوو بۆم، هێندە بەس بوو کە پارەکانم لە خۆمدا خەرج بکەم و بیشزانە کە توانای ئەم کارەم هەبوو. تۆ هێشـــتا نازانی ژیان چییە ... تۆ تەنیـا منـاڵێکی بێئەزمونی کە هەرچێکی هەیە و نییە بەهۆی دایکە خۆبەختکارەکەیەوە هەیەتی.»

دۆلابەکە لای ڕاســـتی ڕاڕەوەکەوە بوو. وەختێ چاوانم بە تاریکی ڕاهاتن، لەپشتی شوشەکەوە هەمان ئەو قاپ و پەرداخانەم تێدا بینی کە هەمیشـــە لەوێدا بوون. لەســەر دۆلابەکە گوڵدانێک هەبوو، کە گوڵەکانی کاغەزینی پیس بوو.

« ــ هەر بە تەنیا بیرم لە ئێوە و باوکتان دەکردەوە ژیانی خۆم خستە بەرپێی ئێوە. نەمدەتوانی تا ئەو وەختەی کە هەموومــان پێکەوە بووین، زیــاتر خۆشـــم بووێ. وەختێکیش شــوێنی بیروباوەڕەکەی کەوت و ئێوەی کردە

قوربانی و دانیە دەســتی خوا، ئەوە من بووم کە بە ئێوەدا ڕاگەیشـتم و تا ئەو شـوێنەی لە دەسـتم هاتبوو، هەوڵم دا باش پێتان بگەیەنم. ئەوە من بووم هەموو ئەو شـــتانەم پێدان کە ئەوە وەک باوکێکی باش دەبوایە بۆ منداڵەکانی دابین بکردایە.»

وەختێ قســەکانتم بڕی، دەســتە کاغەزەکانت دانا و لێم نزیک بوویتەوە و منیش هەناســەی خۆم لە ســینەمدا بەند کرد.

❊❊❊

ســـواری ئۆتۆمۆبێـل دەبووین و بۆ وێســـتگەی ئاسنەڕێی ڤیارامیرۆ دەچووین. بە درێژاییی ڕێگە بیرم لەو شـــتانە دەکردەوە کە دەمـەوێ بۆت باس بکەم. وەختێ دەروازەی حەســار و هەتاومان بەجێ دەهێشــت، ســەرم وەردەگێڕا کۆشــکی هێنری دی تراســتامارەم بە خۆیی و ئەو قەلەڕەشانەوە دەبینی کە بە سەریدا دەسووڕانەوە.

لەگەڵ باوەگەورە و ئەلیسـادا بە ئۆتۆمۆبێل دەهاتین. باوەگەورە ئەو ســـیغارە قونکەدارانەی دەکێشـــا کە لە

ســـەروەختی نوێژدا دروســـتی دەکردن. وەختێ قســـەی لــەگــەڵ منــدا دەکرد، وەکو کووره دووکەڵ لە دەمییەوە دەهاتە دەرەوە. هەندێ جار بۆ ماوەیەکی زۆر دووکەڵەکەی دەهێشتەوە و ئینجا خەتێکی باریکی لە لووتییەوە دەردەدا. دەمی تۆ هاوشـــێوەی دەمی باوەگەورە نەبوو، گۆشـــتن و تەڕ بوو. تۆ جگەرەت نەدەکێشا.

ئەگەر لەباتیی دەروازەی خۆر لە دەروازەی سپەرەوە تێپەڕینایە، لەســـــەر پردەکەوە تێدەپەڕین و دیســـــانەوە حەسارەکان و ئەو قەلەڕەشانەمان دەبینی کە دەخولانەوە. دەوراندەوری ڤیارامیرۆ و تەنانەت دەوری ئەو قەڵایەش کە لە کاتی گەمارۆدا لەناو چووبوو و پاشـــان دروســـتیان کردبووەوە، حەســـــــارێ بوو کە ڕەنگە ڕۆشـــــنەکەی بەرجەستەتر نیشانی دەدا.

وەختێ ئۆتۆمۆبێلەکە گەیشـــتە وێســـتگەکە، چاوەڕێم دەکردی. هەر بەو شـــــێوەی کە چـاوەڕوانیم دەکرد، بە مەبەســـــتی بینینی شـــــەمەنـدەفەر چـاوم بۆ دوورترین شـــــوێنەکان دەگێڕا. ئەوجا شـــــووتی شـــــەمەندەفەرەکەم دەبیست و سەرئەنجام شەمەندەفەر لە دوورەوە دەبینرا.

وەختێ شــەمەندەفەرەکە دەوەســتا، ڕام دەکرد و تۆ بەر لە هەمووان، منت ماچ دەکرد.

***

نــازانم. دایە ئــایــا ئەو حەزی لێ بوو لە پشـــــتی میلەکانەوە تەماشای بارینی بەفر بکا.

نازانم دایە ئایا ئەویش لە هاویناندا هەروەکوو من چێژی وەردەگرت لە تەماشــــاکردنی ئەو گەردیلە تۆزانەی کە لە نێو پرشنگی هەتاودا بەند دەبوون.

نازانم دایە ئایا ئەو وەکوو ئەلیســـا حەزی لە ڕەنگی سوور بوو یا وەکوو تۆ لە ڕەنگی شین؟

نــازانم دایە ئــایــا ئەو حەزی لێ بوو یــاری بە لمی کەناراو بکا؟

نازانم دایە ئایا ئەو حەزی لێ بوو لە بەندەردا پیاسە بکا؟

نازانم دایە ئایا دەیهێشـــــت لە زســـــتاندا جێپێکانی لەســـــەر بەفر جێ بمێنن تا دواتر تەماشــــایان بکا؟ ئایا لە

ڕۆژانی هەتاودا لەنێو دارخورماکانی مێلیادا پیاسەی دەکرد.

***

لە سینەما، وەختێ هەواڵەکانیان نیشان دەدا و فڕۆکەی گڕگرتووم دەبینی لە کاتی کەوتنەخوارەوەدا، هەناسەم تەنگ دەبوو و لەناکاو هەستم دەکرد کە هۆڵەکە تاریکە.

دێتەوە بیرم فڕۆکەی فیلمە هەواڵییەکان کانزایی بوون و فیشەکپژێن بەسەر باڵەکانیانەوە بوو، کە فڕۆکەی گڕگرتووی تریان پێ سەرەونگون دەکردەوە. بە بینینی ئەم جەنگانە پێیەکانم لەسەر کورسییەکە کۆ دەکردەوە و خۆم کز دەکرد.

جارێک یەکێ لە فڕۆکەوانەکان توانی بە پەڕەشوت خۆی هەڵ بدا و لە دووکەڵکێشی کارگەیەکەوە ئالا. ئەو وێنە سینەماییە هێشتا لە بیرمدایە.

ئەو وەختانە بەر لە فیلم هەمیشــە هەواڵەکانی جەنگ و هەندێ جاریش کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەی گڕگرتوویان پیشان دەدا.

❊❊❊

خەڵکی لە گۆڕەپانەکەدا ئاپۆڕەیان بەسـتبوو. وەختێ مامۆستا قسەی کرد هەموو کڕ بوون.

جەنابی ئەسـقەف وتی شـۆڕشـگێڕەکان ئاگریان لە دارسـتان بەرداوە. باوەگەورە دەسـتمی گرتبوو. گۆڕەپانی گەورە پڕ لە خەڵک بوو. وەختێ ئەســـقەف قســـەی کرد هەموو کڕ بوون.

لە شـــەودا بڵێســـەیەکی ســـوور کە تا ئاســـمان دەڕۆیشت، بەرچاو دەکەوت.

مامۆســتا لەبەر کتێب واتای شــەفەقی جەمســەری خوێندەوە. باوەگەورە جوتێ ســـۆڵی لەپێدا بوو و بێ ئەوەی قسەیەک بکا گوێی دەگرت.

گۆڕەپانی گەورە پڕ بوو لەو کەسانەی کە تازە لەناو نوێن هاتبوونە دەرەوە. وەختێ قسەی مامۆستا تەواو بوو ئەوان دەستیان بە ڕادەربڕین کرد.

جەنابی ئەسقەف وتی شۆڕشگێڕەکان ئاگریان لە دارستان بەرداوە. باوەگەورە دەستی بەرەڵا نەدەکرد. گۆڕەپانی گەورە پڕ لە خەڵک بوو و پەرتەوێکی سوور ئەو ناوەی ڕووناک دەکردەوە. ژنەکان دەیانقیژاند و دەگریان.

چەند ڕۆژێ دواتر سەربازە پاسەوانەکانی شار مامۆستایان برد. دایەگەورە وتی حەقی خۆی بوو و سزای ئانارشیست و شۆڕشگێڕەکان هەر ئەمەیە.

***

بە پورە کلارام وت کە ئازاری پێدەگەیەنم. وتی توندتر لێی بدەم. ئینجا بە قایش لێم دا. پورە کلارا وتی:

« ـ دیسان توندتر.»

پێم وت ئازاری پێدەگەیەنم. وەختێ دووبارە لێم دا بەدەم هاوارەوە وتی:

« ـ توندتر و بەزەبرتر.»

پورە کلارام دەکوتی و دەنگی هەناسەیم دەبیست.

خۆم لە تۆ شـاردەوە. وەختێ گەڕایتەوە شـتێکت بە من نەگوت و بە بینینی دەرپێی پیسی ژێرەوەم ڕەخنەیەکت نەگرت.

دەبوایە زۆر توند لە پورە کلارا بدەم. ئەو گلەیییەکی نەدەکرد. تەنیا دەنگی هەناسـەی دەبیسـترا. پشـتی سـپی و پێسـتی لەشـی وەکوو دەسـتەکانی تۆ بوو. دەکەوتە سەرئەژنۆ و چاوانی خۆی بە دەستەکانی دادەپۆشی.

ئەو وەختـانە تۆ لەسـەر کـار بوویت و کـاتێ بۆ نـانخواردن دەگەڕایتەوە، شـتێکـت پێ نەدەگوتم و کە ڕۆژانی شـەممەیش جلە چڵکنەکانم پێ دەدایت دیسـان هیچت نەدەگوت.

پاشـــان پورە کلارا بێ ئەوەی دەموچاوم بشـــوا و نـوێـژی ســـــبەیـنـانـم لەگەڵـدا بـخـوێـنـێ ڕای دەکردە ژوورەکەیەوە.

***

وەخـتـــێ دایەگەورە تـێـگەیشـــــت چـــوومەتە چاڵەڕەشـــەکانەوە، عەســـرانە و گەڕانی یەکشـــەممەی لێ قەدەغە دەکردم.

وەختێ لەســەر پۆلی خوشـکە ئیسـابیا میزم دەهات، خۆم دەگرت و لاقەکانم خێراخێرا دەلەرزین.

وەختێ قســەی خراپی وەک [...]م دەکرد، دایەگەورە بیبەری تیژی سووری دەخستە دەممەوە.

وەختێکیش پاش وانەی خوشــکە ئیسـابیا دەچووین بۆ چاڵەڕەشـــەکان، پێشـــبڕکێمان دەکرد بزانین چ کەســێ دوورتر میز هەڵدەدا. من نەمدەبردەوە. هاوڕێکانم دەیانوت بەهۆی ئەوەیە کە نازانم باش دەری بێنم و جگە لەوەش وەختێ کە میزم دێ و بەر بە خۆم دەگرم، بە کەڵکی هیچ نایەت.

وەختێ دایەگەورە چوونەدەرەوەی یەکشـــەممانی لێ قەدەغە دەکردم، تەماشـــــای گەڕانی خەڵکیم لە گۆڕەپانی گەورە دەکرد. وەختێ لەســـــەر نوێژ پێدەکەنیم، دایەگەورە مقاشـــــی ســــۆپاکەی بە ســــــەری پەنجەمدا دەچزاند و پەنجەیشم تلۆقی دەکرد.

***

دراوســـــێکــان ئێمەیــان نەدەبینی و دەنگمــانیــان نەدەبیســــت. پێم وایە تەنانەت ئەگەر پەنجەرەکانیشـــمان بکردایەتەوە و پەردەکانیشـمان هەڵبدایەتەوە دیســانەوە نە دەیانبینین و نەگوێیان لە دەنگمان دەبوو. وەختێ گەیشتمە ماڵەوە گڵۆپی ماڵەوە داگیرسابوو.

ســـەروەختێ، لەبەر گریان قســـەکانت دەبڕی و پێت دەوتم:

« ـ دەبێ بەر بەخۆم بگرم.»

ئینجا دووبارە ناو بە ناو دەستت بە قسە دەکردەوە.

سەرەتا لە تاریکیدا تەنیا سێبەری قەنەفەکان و چەند شـتێکی ترم دەبینی، کە درەوشـانەوەیەکی کەمیان هەبوو وەکوو تەلەفۆن و شوشەی وێنەکە کە بەدیوارەوە بوو.

ویسـتم پایپ بکێشـم بەڵام پایپەکەم دەرنەهێنا و تۆیش نەتبینی کە لە گیرفانمدایە. لەسەر کورسییەک لەلای چەپتەوە دانیشـتبووم و گوێم دەگرت. لەلای ڕاسـتەوە ڕادیۆ هەبوو و لەسـەر ڕادیۆکەش لەنێوان دوو گوڵداندا پەیکەرێکی مەسیح دانرابوو.

هەندێ کات ڕسـتەکەت بە ناڵەیەک تەواو دەکرد و جارجارەیش ڕستەکەت بە ناڵە دەست پێ دەکرد و جاری وایش بوو لە ناوەندی ڕستەدا ئاهت هەڵدەکێشا.

چونکە هاوین بوو، مقەڵیت لەژێر مێزەکەدا دانەنابوو. وەختێ چاوانم بە تاریکی ڕاهاتن، کورسـییەکانم بینی، کورسییە دەسکدارەکەت و سەرمێزەکەت ڕەنگی سەوزی تۆخن.

چونکە پـەردەکـان دادراوە و پەنجەرەکـان داخراو بوون دراوسـێکـان نەدەیـانتوانی بمـانبینن نە دەنگمـان ببیستن.

***

پورە کلارا هەموو بەیـانییەک خەبەری دەکردمەوە. تۆ لەسـەر کـار بووی شـتێکت نەدەزانی. لە مەدریـد یەکشـەممەکان نەدەچوویتە سـەر کار، خۆت خەبەرت دەکردمەوە و پێکەوە بۆ نوێژ دەچووینە کڵێسا.

من نوێژم دادەبەسـت و کە عیشـای ڕەبانی دادەهات ئەوە من بووم سـینیم لەژێر چەناکەت ڕادەگرت و تۆیش زمـانی سـوور و تەڕی خۆت دەردەهێنـا و چـاوانـت دادەخسـت، بەڵام نەمدەتوانی بە کەشـیش بڵێم تۆ دایکمی، چونکە ڕێگەم پێ نەدەدرا لە کاتی نوێژی یەکشەممەدا قسە بکەم.

وەختێ زەنگم لێ دەدا، دەمزانی تەماشـام دەکەی و وەختێکیش کتێبی دوعـام دەبرد دیسـان دەمزانی کە تەماشـام دەکەی. بەڵام من نەمدەتوانی تەماشـات بکەم،

چونکە چەنــد جــار ڕەخنەت گرتبوو کە بۆچی لە کــاتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمدا سەرم وەردەگێڕم.

لە کۆتاییدا لەتەنیشت گڵکۆکەوە دەهاتم و لە دەروازە گەورەکەوە تێدەپەڕیم و لە پاڵتا دادەنیشـــتم ئەو وەختە هەموو دەیانزانی کە دایکمی.

پاشـان دەچووینە دەرەوە و لە شـەقام لێم دەپرسـیت ئـایـا بـاش زەنگم لێـدا، بـاش کتێبی دوعـام هێنـا و بـاش عیشای ڕەبانیم ساز دا؟ تۆیش دەتوت:

« ـ بەڵێ.»

هەندێ جاریش دەتوت:

« ـ بەڵێ، زۆر باش.»

***

لەسـەر شـەمەندەفەرەکە هەندێ شـتیان نووسـی بوو لـەگـەڵ یەکەمین بینینـدا نەدەخوێنرایەوە. وەکوو هەموو شــتەکانی تر ڕەنگی ڕەشــیان لەوەش دابوو. بەڵام وەختێ

بەرەو هەتاو دەوەســـــتاین، دەمانتوانی نووســـــراوەکانی بخوێنینەوە.

ئەلیسا و من خوێندمانەوە.

بۆ ســــالّی نوێ ئەلیســـــا مالّەباجێنەیەک و منیش شـــــەمەندەفەرێکم وەرگرت. مالّەکە، چەندین چێشـــتخانەی تێـدابوو کە شــــێرەی بچووک، دۆلابی پڕ لە خۆراکی لەقوتونراوی بچووک، تەباخ و قابلەمەی بچووکی تێدابوو. کەنـاری پەنجەرەکـانی گولّـدانی پڕ لە گولّی بچووک بوو. ئەو نووسـراوانە لەسـەر هەیوانەکەی نووسـرابوون ئەگەر ڕووەو هەتاو نەبوویتایە نەدەخوێنرایەوە.

شـــــەمەندەفەرە دارینەکەی من مینا شـــــەمەندەفەری ڕاســـــتەقینە چێ کرابوو. بـابـانۆئێـل خســـــتبوونییە نێو پێلاوەکانمەوە.

لەســــەر هەردوو لەیســـتۆکەکە نووســـیبوویان: «بە یادی باباوە».

ئەلیسا و من خوێندمانەوە و بە دایەگەورەمان وت و ئەویش شەمەنەفەرەکە و مالّەباجێنەکەی لێسەندین.

***

بــانگی دەکردم و منیش دەچوومە ژوورەکەیەوە. ئەوکاتە ئیدی نەدەکەوتە ســەرئەژنۆ. پەیکەرە کانزاییەکەی عیســای لەخاچدراو لە ژوورەکەدا ســەرنجڕاکێش بوو. بە قایشــەکەی پشــتی خۆی لێم دەدا و ئەویش بەوجۆرەی کە لەســـەر ســـک هەڵاژیابوو ئیتر ناڕەزاییەکی دەرنەدەبڕی، چونکە فێر ببووم بە تونــدی بیوەشـــێنم. تەنێ دەنگی هەناسەیم دەژنەوت، جاربەجارێ دەیوت:

« ـــــ بۆ ئەو باوکە پیرە بێچارەیەم، خوا لێی خۆش بێ!»

شـــانەکانی ســـپی بوون، هەروا پێیەکانیشـــی ســـپی بوون. ڕووخساری بردبووە ناو نوێنەکەیەوە و نەیدەتوانی شتێ ببینێ.

ئینجا یەکســـــەر خۆی دەخزاندە ژێر لێفەکەیەوە و هـاواری دەکرد تـا بڕۆم. دەهـاتمە دەرەوە و لە داڵانەکەدا ڕام دەکرد.

چەندین پەیکەری عیســـــای بە دیواری ژوورەکەیدا هەڵواســـیبوو. ئیدی بە لفکە بەرنەدەبووە دەموچاوم. پورە کلارا لەسـەر سک لەناو نوێنەکەیدا ڕادەکشـا و چاوەڕوانم دەبوو.

***

تۆ چـاک بۆت ڕوون کردمەوە و منیش پێم وتی: بەڵێ دایە. تۆ منت ماچ کرد دایە.

وەختێ وێنەکەی خۆتت پێدام و من ویســـتم بیخەمە ژێر نایلۆنی کیفی پارەکەمەوە، تۆ پێشکەشت کردم دایە:

«بۆ کوڕی ئازیزم، فڕۆکەوانی ئایندە»

تۆ هەموو شـــتکێت زۆر چاک بۆ ڕوون کردمەوە و منیش پێم وتی:

بەڵێ دایە. تۆ پێت وتم کە جلی سەربازی زۆر جوانە و کچان هەمیشـــە ئاشـــقی ئەفســـەرە گەنجەکان دەبن و خێزانەکەمان شـــانازیم پێوە دەکەن. منیش پێم وتی: بەڵێ دایە و تۆ منت ماچ کرد.

دایە تۆ بە منت وت کە هەمیشـــــە ئەو ئارەزووەت هەبووە و ئێســـــتاکەیش لەوەی کە لـەگـەڵ منـدا بگەڕێی هەســـت بە ســـەربەزی دەکەی. ئینجا منیش بە تۆم وت: بەڵێ.

چەند ڕۆژێ دواتر بە تۆم وت: نە. ئینجا دایە تۆیش پێـت وتم کە من لە مـاڵەکەت دەردەکـەی و پێـت وتم «بزنمژە». ئینجـا پێم وتی: بەڵێ دایە و تۆیش منـت مـاچ کرد.

***

تۆ لە شار بوویت و شتێکت نەبینی و من لە دواتردا ناچار بووم هەموو شتێکت بۆ بگێڕمەوە.

لە دەروازەی خۆر تێپەڕین و لە ڤیـارامیرۆ هـاتینە دەرەوە. دایەگەورە و پورە کلارا لەچکیان بە سەرەوە بوو. دایەگەورە خاچێکی بە ملمدا هەڵواسیبوو.

لە ڕێ، دەســـتەی ژنانی لەچکبەســـەرمان دەبینی و چەندێ لە گۆڕســـتان نزیکتر بووینایەتەوە، ئاپۆڕە زۆرتر

دەبوو. بەڵام تۆ ئەم شتانەت نەبینی. باوەگەورەیش چونکە وتبووی کاری هەیە، ئەم شتانەی نەبینی.

وەختێ گەیشـــتینە گۆڕســـتان، لە پشـــتی ڕیزەکەوە وەســـــتاین. دایەگەورە و پورە کلارا لـەگـەڵ ژنـانی تردا دەدوان بەڵام نایەتەوە یادم باسی چییان دەکرد.

وەختێ نۆرەی ئێمە هات، لەگەڵ دەستەیەکدا چووینە ناو حەوشـــەیەکی بچووکەوە لە شـــوێنی وەژوورکەوتنی گۆڕســتانەکە. ئەلیســا و من لە ڕیزی یەکەمدا وەســتاین و پێویست نەبوو دایەگەورە و پورە کلارە لە کۆڵمان بکەن.

لە بنی دیوارەکاندا و بەرانبەرمان، چەندین لاشـــە بە ســـــەری خوێنینەوە کەوتبوون. ژنان دەیانقیژاند و تفیان بەرەو تەرمەکان هەڵدەدا. پورە کلارا بە هەموو هێزییەوە چنگێ خۆڵی تێگرتن. دواتر ئەلیسا ئەم کارەی کرد و ئینجا من.

تۆ لە شـار بوویت و شـتێکت نەبینی. باوەگەورەیش کە وتبووی کاری هەیە شتێکی نەبینی.

***

تۆ دیســـــانەوە دەنگت بەرز کردەوە و وتت کە ئەو مافەی نەبوو داهاتووی خۆی و منداڵەکانیشی بفەوتێنێ.

« ـ من نەبووم کە داهاتووی ئێوەم فەوتان، ئەو بوو. ئاگادارم کردبووەوە. خۆ هەســــت بە جیاوازیی نێوان من ئەو دەکــەی؟ من هەمیشـــــە ئـامــادەی هەموو جۆرە خۆبەخشینێ بووم لە پێناوی ئێوەدا. هەستم بە بچووکترین ئارەزووەکانتان دەکرد، بەڵام ئەو تەنانەت بۆ یەک ساتیش بیری لە ئێوە نەکردەوە و لە پێناوی بیروباوەڕیدا ئایندەی خۆی و ئێوەشـــــی بەبا دا. هەموو شــــتێکی لەناو برد: خۆشبەختی، ماڵ، خێزان ... هەموو شتێ! هەر بۆ ئەمەشە کە ژیانی من هەوڵێکی خۆبەخشـــــانە بووە، ئەوجا بە چ قوربانییەکیش، ســـــا بەڵکوو بتوانم ئەو شـــــتەی کە ئەو لەناوی بردووە سەرلەنوێ دروستی بکەمەوە.»

دەنگت لە تاریکی ژوورەکەدا دەزرنگایەوە. من لەلای چەپتەوە لەسەر کورسی دانیشتبووم و گوێم لە قسەکانت دەگرت.

« ـــــــ ئەو بەر لە هەر شــــتێ دەبوایە وەک باوکی خێزانێ ئەرکی خۆی بەجێ بهێنـایە. ئەرکی ئەو لایەنگری

بوو لە ئارامی و نەرمڕەوی. بەڵام نە، ئەو ناچار بوو بلکێ بە لاکەی ترەوە! بە لایەنی ئانارشـــیزم و پشــــێوییەوە! ئـاگـادارم کردبووەوە، پێم وت دەســـــت لەم بیروبـاوەڕە گوناهزایانە هەڵگرێ! چەندین جار وتم! تۆ ناتوانی باش لەم شـــــتانە تێبگەی چونکە ئەو وەختە لە منـاڵێک زیـاتر نەبووی.»

قومارکاتەکان لە چوار ڕیزی ڕێکوپێکدا دانرابوون. بەســـتەیەک کارتت بەدەســـتەوە و بەســـتەیەکی تریش بە هەڵاوگێڕاوی لەسەر مێزەکە بوو.

« ـــــ ئەگەر ئەو وەختە ئەرکی خۆی بەجێ بهێنایە، ئێستا لە سەرکەوتووەکان بوو، ئەمڕۆ وەک باوکێک دەبوو لە نـاو بـاوکـانی تردا، بەڵام ئەو هەموو شــــتێکی کردە قوربانیی بیروباوەڕی خۆی. هەموو شـــتێک. داهـاتووی خۆی و ژن و منداڵەکانی فەوتان. چەندین جار پێم وت، لە میلیا چەندین جار نیشانم دا، کە نابێ لەگەڵ ئەم ژێردەستە بەناو دژبەرانەدا، لەگەڵ ئەم ئانارشیستە گەنیوانەدا، هێندە میهرەبان بێ. چەند جار پێم وت کە نابێ دەست بۆ کاری ئـاژاوەگێڕی و نەگونجاو لـەگـەڵ شــــانوشـــکۆی بـاوکی

خێزانێکـدا ببـا، چونکە گرنگترین ئەرکی هەر بـاوکێ لایەنگیرییە لە بەرقەراری ئـارامی. چەنێ، خوایە گیـان، چەنێ ئەم شتانەم پێ وت. تۆ ناتوانی لەم شتانە تێ بگەی چونکە ئەو وەختە منالێ زیاتر نەبووی.»

ئەودیوی پەنجەرە داخراوەکە، کڕکڕەیەکی ڕەنـگ سەوز بوو، کە لە پشتی شووشەکەیەوە دانەکانی دەبینرا. تۆ هەمدیســـان دەنگت بەرزتر کردەوە و وتت ئەو مافی ئەوەی نەبووە کە داهـاتووی خۆی و منـاڵەکـانیشـــی بفەوتێنێ. سەیرم کردی کەچی تۆ ئیدی منت نەدەبینی.

***

وەختێ وەرزی گوڵاڵەســـوورە تەواو دەبوو، ئیدی نەمدەتوانی بچمە جاڕەکان و گوڵاڵەســـوورەت بۆ بچنم و چەپکەگوڵت بۆ دروست کەم.

کە جاڕەکانی ڤیارامیرۆ گوڵاڵەســـوورەی لێ دەبڕا، تەنانەت چەند چڵێکیشـــم دەســـت نەدەکەوت تا چەپکە گوڵێکی لێ دروســـت کەم. چەپکی گوڵاڵەســوورە بە چەند گەڵایەکی سەوزەوە، جوانتر دەبێ.

بەڵام زستان، جارەکانی ڤیارامیرۆ گوڵاڵەسوورەی لێ نەبوو، لە جارەبرنج و پاوانە سەوزەکاندا، ئیتر گوڵاڵەسوورە دەست نەدەکەوت.

لە هاوین و بەهاردا دەمتوانی چەپکەگوڵ دروست بکەم. هەر کە گوڵاڵەکانم دەچنی دەبوا ڕاکەم و هەتا نەژاکاون بیاندەم بە تۆ. لێدەگەڕام تا لاسکە درێژەکەیان پێوە بمێنێ، چونکە ئەوکاتە درەنگتر سیس دەبوون.

لە باخەکانی مەدریددا، تەنانەت لە ناوەڕاستی هاوینیشدا نەمتوانی گوڵاڵەسوورە بدۆزمەوە تا بە چەند گەڵایەکی سەوزەوە چەپکەگوڵێکی لێ دروست بکەم بۆ تۆ.

***

بە تەنیا نمرەکانی بیرکاریم باش بوو.

یەک. دوو. سێ، سێ، سێ. بەڵێ. یەک، دوو، سێ. بەڵێ.

لێم پرسی کە دوو کۆ دوو چۆن دەکاتە چوار و ئەویش بۆی ڕوون کردمەوە. جارێکی تر پرسیم و ئەویش

جـارێکی تر بۆی ڕوون کردمەوە. ویســـــتم جـارێکی تر بپرسم بەڵام بێدەنگم لێ کرد.

خوشـــــکی ڕۆحانی قوتابخانە پێی وتی ســـــەرباری هەبوونی مێشـــــکێکی خراپیش کەچی تەنیـــا لە وانەی بیرکاریدا سەرکەوتووم.

ســـێ، ســـێ، ســـێ. دوو، دوو. یەک. بەڵێ. یەک، دوو، سێ. بەڵێ.

خوشـــــکی ڕۆحانی پێی وتم کە دوو کۆ دوو دەکاتە چوار، ئەمە شـتێکی ئاشـکرایە و دوو کورسـی لەگەڵ دوو کورســـــی کۆ بکەرەوە دەکاتە چوار کورســـــی، دوو قەڵەم لەگەڵ دوو قەڵەم کۆ بکەرەوە دەکاتە چوار قەڵەم و دوو پشـیلە لەگەڵ دوو پشـیلە کۆ بکەرەوە دەکاتە چوار پشـیلە. پرســـــیم کە ئایا ئەم دوو کورســـــییە یەکســـــانە بەو دوو کورسییە؟ ئەویش وتی: بەڵێ، هەڵبەتە بەڵێ و ئینجا ویستم پرسیارێکی تریش بکەم بەڵام بێدەنگیم لێ کرد.

لە مەدرید، مامۆسـتا پێی وتی کە نمرەکانی بیرکاریم باشـە.

یەک، یەک، یەک. دوو، دوو، سێ. نە. یەک، دوو، سێ. بەڵێ.

خوشکی ڕۆحانی پێی وتم کە هەموو کەس لەمە تێ دەگا و منیش بێدەنگیم لێ کرد. خوشکە پێی وتم کە ئەم شتانە هەرگیز پێویستیان بە ڕوونکردنەوە نییە و منیش بێدەنگیم لێ کرد. خوشکە پێی وتم کە دوو کۆ دوو دەکاتە چوار. دوو کورسی لەگەڵ دوو کورسی کۆ بکەرەوە دەکاتە چوار کورسی، دوو پشیلە لەگەڵ دوو پشیلە کۆ بکەرەوە دەکاتە چوار پشیلە و دوو منداڵ لەگەڵ دوو منداڵ کۆ بکەرەوە دەکاتە چوار منداڵ، ئەم جارەیان باسی قەڵەمی نەکرد و منیش بێدەنگم لێ کرد. پاشان وتم:

« ـ بۆ ئەوەی کە هەمیشە ڕاست دەربچێ، بۆیە فێڵ ناکەن؟»

ئەویش وتی:

« ـ نە، هەڵبەتە کە نە.»

لە مەدرید و لە ڤیارامیرۆیش، تەنیا نمرەکانی بیرکاریم باش بوون.

یەک، دوو، سێ، بەڵێ.

***

لێرە منالآن گابازی ناکەن، گەمەی چاوشـــارکێ دەکـەن و هـاوڕێکـان لە وەختی پشـــوودا ســـەرقـاڵی حەمەگورگێ[11] دەبن.

وەختێ ژەنیار فوی دەکرد بە شەیپورە کاغەزینەکەی خۆیدا، ئێمەی گابازەکان لە کورســـییەکەی خۆمانەوە لە مەیـدانی ڕێـدڤەنـدایی ڤیـارامیرۆوە لـەگـەڵ ئـاوازەکەی شـــەیپورچیدا بەرەو ئەو کورســـییە بەڕێ دەکەوتین کە سەرۆکی دەوڵەت لەسەری دانیشتبوو. سڵاومان دەکرد و بە دەوری بازنە لمینەکەی مەیدانی گابازیدا دەوەســـتاین. ســـەرۆک کلیلەکەی بەرەو وەزیر هەڵ دەدا و ئەویش بە ئەسپەکەی سوڕێکی بە دەوری مەیدانەکەدا لێ دەدا. ئینجا

---

[11]. گەمەیەکی منالآنەیە، کە یەکێک دەبێتە گورگ و شـــوێنی ئەوانی تر دەکەوێ، ئەگەر بەر لە دانیشتن دەست لە هەرکەس بدا ئەوا ئەو کەسە ڕۆڵی گورگ دەبینێ.

دەرکەی تـۆریـلـیــان[12] دەکـردەوە و گــاکــان دەهــاتـنە مەیدانەکەوە.

گـاکە تەنیـا دەیتوانی ئەو گـابـازانە بکوژێ کە لەنێو بــازنە لمینەکەدا بوون و تەنیــا مــافی ئەوەی هەبوو کە ڕاستەوخۆ بەرەو شاڵە سوورەکە هێرش ببا.

دایەگەورە شـــــاڵێکی ســـــووری بۆ دوریبووم و باوەگەورەیش دارێکی پێ دابووم کە مۆڵتای[13] من بوو.

لەم شــــوێنەدا منــاڵان گــابــازی نــاکەن، گەمەی چاوشارکێ دەکەن.

ناڕەحەتترین کار چەقاندنی ئاڵاکان بوو، چونکە لەو وەختەدا گــاکە بەرەو لەش هەڵمەتی دەهێنــا. لە وەختی ئاڵاچەقاندندا چەندین جار کوژرام و بە ناچاری بۆ چەندین جار ڕۆڵی گا کەوتە ئەســــتۆم. هەندێک فێڵیان دەکرد و

---

[12]. Toril شوێنی ڕاگرتنی گا لە گۆڕەپانی گابازیدا.
[13]. دارێ کە شاڵی گابازی پێ ڕادەگرن.

ڕاســـتەوخۆ نەدەهاتن و لە باتی شـــاڵ پەلاماری لەشـــی گابازەکەیان دەدا.

بــاوەگەورە فێری کردبووم وەکوو چیکوییئیلۆ خۆم لادەم و ســـــوڕ بخۆم. ئــاوا هەروەختێکیش کە وەکوو چیکوییئیلۆ خۆم لا دەدا و سوڕم دەخوارد، گاکە دەیکوشتم. بەڵام کاتێ تۆ دەهاتیتە ماڵەوە و من لە ڕاڕەوەکەدا وەک چیکوییئیلۆ خۆم لا دەدا و خولم دەخوارد، تۆ دەتوت باشــە و هەندێ جاریش دەتوت زۆر باشە.

❊❊❊

چوارکەســـــی لە دەوری مێز نـانمـان دەخوارد. تۆ بەرانبەر من بووی و لە پشـــتتەوە وێنەی پورە کلۆتیلدە و لەژێر چوارچێوەکەشیەوە دوو وێنەی بچووکی باوەگەورە و دایەگەورەی پێوە بوو. وەختێ ئەژنۆم بەر ئەژنۆی پورە کلارا دەکەوت خێرا لام دەبرد.

تۆ لەسـەر کورسیی دەسکدار دادەنیشتی و کەمێ لە دووری خواردنەکانەوە پاڵت پێوە دەداوە. لای ڕاســـتت ڕادیۆکە بوو، کە بەســـەر دەســـتەســـڕێکەوە پەیکەرێکی

عیسای لە بان بوو. هەر بەو جۆرەی کە لەسـەر کورسـییە دەسـکـارەکەت دانیشـتبووی دەتتوانی میلی ڕادیۆکەش بادەی.

پورە کلارا لای چەپی منەوە بوو، بەڵام من ئەوم نەدەدی.

بۆ نانخواردن بۆ پێشـەوە دەچەمایتەوە و وەختێ پێدەکەنیت، گۆناکانت چاڵ دەبوون. ڕادیۆکە لەسـەر دۆڵابە کۆنەکەی دایەگەورە بوو. لە چەکمەجەی دۆڵابەکەدا، لەو شـوێنەدا کە دایەگەورە میدالیا، کتێبی نزا و حەبەکانی تێ دەخسـت، تۆ قومارکارت، دەفتەرێکی گەورەی یاداشـتەکان و هەندێ کاغەزت دانابوو. لە خواری دۆڵابەکەشەوە ـ ئەو شوێنەی کە دایەگەورە تەشتەکەیی تێدا دادەنا ـ تۆ کتێبی ڕێبەری شارت دادەنا.

نـانـت بـۆ دەبـڕیـم و مـنـیـش ئـاوم دەکـردە پەرداخەکەتەوە. هەر وەختێ پورە کلارا باسی باوەگەورەی بکردایە، دەیوت:

« ـ باوکی باش و بێچارەم، خوا لێی خۆشبێ!»

ئینجا کتوپڕ دەنگیشی دەگۆڕا. من لەسەر مێز قسەم لەگەڵ پورە کلارادا نەدەکرد.

***

وەختێ لە ڤیارامیرۆ ڕۆشتین من هەشت ساڵە بووم و هەموو شـــتێکی ئەوێم بیر نایەتەوە. ئەوە تۆ بووی کە زۆربەی شـــتەکانت بۆ باس کردم. ئەم شـــتانەت چەندین جار بۆ باس کردم. من هەندێ شتی ترم دێتەوە یاد کە تۆ بۆت باس نەکردووم.

وەختێ لە ڤیارامیرۆ ڕۆیشتین من هەشت ساڵە بووم و ئـاوا هەموو شـــتێکم بیر دێتەوە. کـاتێ لە ڤیـارامیرۆ دەژیاین، تۆ لە شـــار بوویت و منیش زۆر شـــتم بۆ باس دەکردی کە لێرە ڕوویان دابوو و تۆ نەتبینیبوون.

پاشـــان تا ئەو کاتەی هاتینە ئێرە، لە مەدرید ژیاین. چونکە باوەگەورە و دایەگەورە ماوەیەک پاش هاتنی ئێمە مردن، ئێمە تەنیـا گەڕاینەوە: ئەلیســـا، تۆ و من. پورە کلارایش لەگەڵ ئێمەدا دەژیا.

وەختێ پانزە ڕۆژ مۆڵەتم وەرگرت، پاشــنیوەڕۆیەک ســــەردانم کردی. تۆ لە ژوورێکی پەنجەرەداخراو بە پەردەی دادراوەوە پێشوازیت لێ کردم. کاتێ چووم، لەبەر دەرگاکە، لە تاریکیدا، لەباوەشــت گرتم تا کارەبایەکی زۆر بەهەدەر نەڕوا.

❊❊❊

وەختێ لە کاتە ئازادەکانمدا دەچمە بان گابەردی پارکەکە، کەمێ دەوەســــتم و قەیرێ لە ئاســــۆ دەڕوانم. پاشــــان کە دەگەڕێمەوە ژوورەکەم، لەســــەر چرپاکەم ڕادەکشــــێم و چاوەڕێ دەکەم. بە زۆری باران دەبارێ - وەکو ئەمڕۆ ـــــ و منیش لە ژوورەکەمەوە خوڕەی ڕژانی ئاو بەناو پلوسکەکەدا دەبیستم.

پێشـتر ڕێگەم پێ نەدەدرا بڕۆمە پارک و نەمدەتوانی ســەرکەومە ســەر گابەردەکە و قەیرێ تەماشــای ئاســۆ بکەم، ئێســــتاکە لە کاتە ئازادەکانمدا دەڕۆمە پارک و تا دەگەمە گابەردەکە بۆ خۆم پیاسە دەکەم.

پێشتر ڕێگەم پێ نەدەدرا جگەرە بکێشم، بەڵام ئێستا دەتوانم. لە پایپەکەی «دکتۆر پلۆمپ» دەکێشم و پاش شیوکردن لە پارکدا پیاسە دەکەم و ئینجا دەچمەوە سەر چرپاکەم.

ڕۆژی یەکەم وەختێ پەرستار بینی پێوەرەکەم خستۆتە دەممەوە، پێکەنی و وتی دەبێ لە دوامەوە داینێم و دووبارە پێکەنییەوە.

پێشتر لەسەر چرپاکەم نانم دەخوارد، بەڵام ئێستا دەچمە چێشتخانە و پاش نانخواردن لە پارک تا دەگەمە گابەردەکە پیاسە دەکەم و دەچمە بانی و قەیرێ تەماشای ئاسۆ دەکەم.

وەختێ دەگەڕێمەوە ژوورەکەم، لەسەر چرپاکەم ڕادەکشێم و چاوەڕێ دەکەم.

***

« ـــ چۆن چاوەڕێی ئەوەم لێ دەکەی باسی باوکت بکەم؟ دەتویست بەهۆی هەبوونی باوکێکی وا ناشیاوەوە ئەزیەت بکێشی؟ تەنیا ئارەزووی من ئەوە بوو کە تۆ هیچ

کاتێ ئازار نەکێشی، ئەگەر لەبارەی ئەوەوە لەگەڵتا قسەم نەکردووە بەهۆی ئەوە بووە کە سەربارى هەموو کردەوەکانیشی، زۆر خۆشم ویستووە، هەر بەو جۆرەی کە تۆیشم زۆر خۆش ئەوێ. ویژدانم ئاسوودەیە. ئەرکی دایکایەتی و هاوسەریی خۆم بە تەواوی ئەنجام داوە.»

پێڵووەکانت ئاوساو و ژێر چاوەکانیشت هەڵتۆقیبوون، زۆربەی کات کرێمت لە دەموچاوت دەسووی و منیش بێ ئەوەی ماچت بکەم، دەخەوتم. وتت جگەرت ئێشی دێ و پەڵە دەخاتە دەموچاوتەوە.

« ــــ لەگەڵ ئەمەشدا دەمویست تۆ و خوشکت هەمیشە بە ڕێزەوە، یادی باوکی خۆتان بکەنەوە. بۆ ئەوەی یادەوەرییەکی خراپتان لەگەڵیدا نەبێ، هەمیشە کارە ناشیرینەکانیم لێ دەشاردنەوە. چ پێویستی دەکرد ئەم عەیبانەی بزانن؟ بیری لێ بکەنەوە کە دەبێ تا چ ڕادەیەک شانازی بە دایکە خۆبەخشەکەتانەوە بکەن. نەمهێشت ئێوە ئازار بکێشن، هیچ ئازارێ!»

هێشتا سەر و زوڵفی خۆت ڕێک نەخستبوو و هەندێ تاڵی سپی کەوتبووە پرچتەوە. کەمێ بەر لە هاتنم

و وەختێ هێشتا چاوانم بە تاریکی ڕانەهاتبوون، پێم وابوو پرچت خۆڵەمێشییە. پێشتر کە لەسەر دەستشۆر پرچت ڕەنگ دەکرد، من یارمەتیم دەدای.

« ـــ ئایا دەتوانم باسی بکەم و لەبارەی عەیب و عارییەوە هیچ نەڵێم؟ ئایا بۆ هەموومان، لە پێناوی خۆی و یادەوەرییەکانیشیدا وا باشتر نەبوو کە هەر هیچ نەڵێم؟ تەنانەت ئەمڕۆکەیش، ڕێگەی شتێکی وا بە خۆم نادەم. ئەگەر لێیشم بپاڕێیتەوە دیسانەوە هەر هیچ ناڵێم. چۆن دەتوانم هێندە بێڕەحم بم کە هەموو عەیب و هەڵەکانی باوکتان پێ بڵێم، تەنانەت باوکێکی چون ئەو کە داهاتووی خۆی و منداڵەکانیشی فەوتاندووە، دیسانەوە شایانی ئەوەیە ڕێزی بگری و بێدەنگی لێ بکەی و لەگەڵ ئەوەشدا کە هەقیەتی، بەڵام ئەوەش بزانە کە هیچ وەختێ ڕێگەی ئەوەت پێ نادەم لەلای من بە خراپە باسی بکەی.»

وەختێ گەیشتم، چاوەکانت وەکو تەلەفۆنەکە و چوارچێوەی وێنەی لای دیوارەکە لە تاریکیدا دەدرەوشایەوە. وەختێ لە دەمی دەرگاکەدا خواحافیزیت لێ کردم، کەوتیتە گریان.

« ـ ئەوجا هیچ وەختێ بیری لە تۆ نەدەکردەوە. ئێمە چەندین جار دەچووینە ڕۆخی دەریا و ئەویش لەباتیی ئەوەی وەک هەر باوکێکی تر کە منداڵەکانی خۆش دەوێ، لای تۆ بمێنێتەوە، دەڕۆیشت تا لەگەڵ دۆستەکانیدا بدوێ. بەڵام نامەوێ باسی ئەو لای تۆ بکەم، نامەوێ بیرەوەرییەکی خراپی ئەوت هەبێ. نامەوێ و هیچ وەختێکی تریش نایخوازم.»

***

وەختێ هاوین لەگەڵ تۆدا دەڕۆیشتینە پارک، تۆ جلێکی سپیت دەپۆشی. وەختێ بە دەوری خۆتا دەخولایتەوە، داوێنت وەکو داوێنی سەماکاران هەڵدەکشا. وەختێ لەژێر درەختەکاندا حیکایەتم بۆ دەگێڕایتەوە، پێدەکەنیت و پرشنگی خۆرەتاو کە لە توێی درەختەکانەوە تێدەپەڕی، سێبەری دەخستە سەر ڕوخسارت.

لێوەکانت سوور و زوڵفانت لوول و ڕەش بوو. دایکانی منداڵانی تر نە پرچیان ڕەش و لوول و نە جلێکی سپییان هەبوو کە لە کاتی سووڕاندا هەڵکشێ.

من لە گۆڕەپانی کاژەکاندا، گەمەی دز و پۆلیسم دەکرد. تۆیش بە جلێکی سپی و پشتوێنێکی پەشمینی سپییەوە لەسەر کورسییەکان دادەنیشتی و سەیرت دەکردم. بەڵام وەختێ لە دەستی دوژمنەکان ڕزگارم دەبوو، تۆ تا ڕادەیەک ئاگات لە من نەدەما و منیش بۆ ماوەیەک تەماشام نەدەکردی.

وەختێ دەگەڕاینەوە ماڵەوە، پێڵاوەکانت دادەکەند و بەپێی پەتی دەڕۆیشتی بە هەموو لایەکدا، ئینجا لە بەردەمی ئێمەدا کراسەکەت دادەکەند و منیش لە ژوورەکە دەچوومە دەرەوە.

***

لە وێنەکانی میلیادا، تۆ و من هەین، بەڵام ئەو نییە. وەختێ ویستم وێنەیەکی ئەوم نیشان دەی، وتت نیمە.

لە وێنەی یەکەمین عیشای ڕەبانیدا، من بە جلێکی سەراپاسپییەوە، بە تەنیشت پەیکەری حەزرەتی مەریەمەوە وەستاوم. ئەو ڕۆژە تۆ منت بردە کڵێسا و وەختێ عیشای

ڕەبـانیم ئەنجـام دەدا، وەکوو ئەلیســـــا نـانی فەتیرە بە مەلاژوومەوە نەلکا، من بە زمان گرتم و قوتم دا.

دواتر کە چوومە ســەرئاو، هەرچی ســەرنجم لێ دا هیچم نەبینی.

لە وێنەکانی مەدریددا، ئەلیسامان لەگەڵدایە. لە وێنەی یەکێ لە پیاسەکانماندا هەرسێک وەستاوین. دەستەکانی تۆ بە ســــەرشـــــانەکانی منەوەیە. ئەو ڕۆژە پورە کلارا بە کامێرای یەکێ لە دۆســـــتەکانی وێنەی گرتین. دێتەوە بیرم لەســەر شـێوازی ئیشـکردنی کامێراکە بووە دەمەقاڵەمان و لەو هەشـــــت وێنەیەی کە گرتی تەنیـا یەکەمیـان جوان دەرچوو. تۆ وتت:

« ـ وتبووم کە بەم جۆرە نابێ.»

پورە کلارا وتی:

« ـــ مەگەر نەموت نابێ بەم جۆرە بوەستن ئەگینا وێنەکە دەســــڕێتەوە.» نە وێنەکانی مەدرید بەر مقەســـــت دراون و نە وێنەکانی ڤیـارامیرۆ، نە وێنەکـانی ڤیـارامیرۆ

لێیان بڕاوە و نە وێنەکانی مەدرید. تەنیا لە وێنەکانی میلیا چەند پارچەیەکیان بە مقەست بڕیوە.

❊❊❊

داوای بەنزینیـــان کرد. بە دوای بەنزینــدا گەڕام. بەنزینم دەســـــت نەکەوت. بەنزین بە نۆرەگیری بوو. بە دوای بەنزینـدا گەڕام، بەنزینم دۆزییەوە. پیـاوێ بەنزینی چەرخی دەفرۆشـــت، هەموو شـــووشـــەکەییم کڕی. لەگەڵ خۆمدا بردمە ســـــەر پۆل. لە پۆل وەدەریـان نـام. لە پاڵ دەرگاکەدا مـامەوە. تەمـاشـــــای هەموو لایەکم کرد. بینیم کەس نایەت. بەنزینەکەم ڕشـــت بەســـــەر ســـۆپاکەدا. لە قوتابخانەوە ڕام کردە درەوە. لە مێترۆدا خۆم حەشــار دا. ســــەعـاتێ چـاوەڕێم کرد. گەڕامەوە پۆلی ســــەربـازی. قوتابخانە ئاگری نەگرتبوو.

وەختێ دەچوومە پۆلەکـانی قوتـابخـانەی تـایبەتی ئامادەییی کۆنکور بۆ چوونەناو هێزی هەواییی ســـوپای مەدریـــدەوە، لە ڕیـزی کـۆتـــاییـی ڕەحلەکـــانـی پۆلەوە دادەنیشـــتم، بەهۆی ئەو تیڕوانینەی تۆ کە چـاودێری و تونــدگیری دەتوانێ کەموکورتیی هۆگریی من بەم

پیشـــەیەوە قەرەبوو بکاتەوە، هەر وەختێ مامۆســـتاکانمت دەبینی فەرمـانی جەختکردنـت پێ دەدان کە هەمیشـــــە چاویان لێم بێ. منیش بەم کارەی خۆم توانای هەڵاتن لە چاوی مامۆســـتایانم پەیدا دەکرد و بەســـوودوەرگرتن لە بۆشـاییی نێوانمان، خۆم بە تەماشـاکردنی سـەروسـەکوتی هاوپۆلەکانم یا ئەو هەورانەی ئاسـمانەوە سـەرقاڵ دەکرد، کە لەودیوی پەنجەرەکەوە دەمبینین، لە کـاتێکـدا لە ڕیزەکانی پێشـــەوە نەدەبینرا، لە ئاکامدا هۆش و گۆشـــم نەدەدایە وانەکان تا ئەو کاتەی مامۆســـتا بە پرســـیارێکی چاوەڕواننەکراوەوە ئاگادار دەبوو ـــــ لەو ڕەخنانەوە کە دەیگرت یا وەختێ دەیکردمەوە دەرەوە لەمە تێدەگەیشتم ـ و هەر خێرایش بە تەلەفۆن تۆی لە گوێنەدانی من بە وانەکان ئاگادار دەکردەوە. وەختێکیش دەهاتمە ماڵەوە، تۆ ڕەخنەت لە من دەگرت و پێـت دەوتم کە بەکەڵکی هیچ کارێک نایەم و خەریکم باشترین ساڵەکانی گەنجێتیی خۆم و بەختی گەیشتن بە پیشەیەکی شەریف و سەرنجڕاکێشی وەک ئەفسەری هێزی هەواییی ئیسپانیا، لەدەست دەدەم.

منیان لە پۆل کردە دەرەوە. چوومە ژێرزەمینەکەوە. دەرگـای توونەکەم کردەوە. چڵوچێوەکـان لە بەردەممـدا بوون. دەرگاکەم داخســـت. لە قادرمەکانەوە ســـەرکەوتم. کیفەکەمم کردەوە. چەند پەڕە کاغەزێکم دەرهێنا. چوومەوە ژێرزەمینەکە. بە شـــقارتە ئاگرم لە پەڕەکاغەزەکان بەر دا. دەرگای تونەکەم کردەوە. کاغەزە گڕگرتووەکانم فڕێدایە ســـەر چڵوچێوەکـان و هەڕام کردە دەرەوە. خۆم لە مێترۆکەدا پەنا دا. ســەعاتێ چاوەڕێم کرد. گەڕامەوە پۆلی وانەی سـەربازی. ئاگرکوژێنەوەکان لای دەرگاکەوە بوون. بەڕێوبەر قسەی دەکرد. دەیوت:

« ـ دەتوانم بڵێم خەسارێکی لێ نەکەوتۆتەوە.»

دەیوت:

« ـ لە وەختی خۆیدا پێمانزانی.»

دەیوت:

« ـــــ بزیســـکەیەک لە وەجاخەکەوە دەرپەڕیوە و چڵوچێوەکان گڕیان گرتووە.»

❊❊❊

پورە کلارا بە دەستە سپی و درێژکۆلەکانی خۆی، بەنێکی لە سەرەوەی ڕانمەوە دانا و توند بەستی. ئەم جارە کە چوومە ژوورەوە، پورە کلارا لەسەر سک ڕانەکشابوو. پورە کلارا بە جلوبەرگی ماڵەوە ڕاوەستابوو و چاوەڕوانی دەکردم. تۆ هیچی وات نەدەزانی و منیش شتێکم بۆ نەگێڕایتەوە.

قایش بەدەست تەماشای زەویم دەکرد. بەڵام ئەو ڕۆژە پورە کلارا لەسەر سک لەبان چرپاکەی خۆی ڕانەکشابوو. وەختێ قسەی لەگەڵ کردم و ساتێکیش کە ئەوەی دانا، تەماشام نەکرد.

پاشان بە مەبەستی عیشای ڕەبانی چووینە کڵێسا، کاتێ ڕۆیشتن ئازاری دەدام و دەشەلیم. من و پورە کلارە هەموو کاتەکە لەسەر ئەژنۆ بووین. سات لە دوای سات زیاتر ئازارم دەهات. وەختێ گەڕاینەوە ماڵەوە پانتۆڵەکەی هەڵکێشام و بەندەکەی کردەوە. هێندە توند بەستبووی لە وەختی کردنەوەیدا بە دەستەکانی، ژانەکەی زیاتر بوو و چەند دڵۆپێک فیچقەی کرد.

پاشـــان دەســـتەوئەژنۆ، نزامان کرد و پورە کلارە لەسەر سک و لە بان چرپاکە ڕاکشا و منیش لێم دا، بەڵام تۆ هیچ کاتێ ئەم شتانەت نەزانی و منیش هیچ وەختێ بۆم نەگێڕایتەوە.

❊❊❊

لە دیوارەکـانەوە ســـەردەکەوتین و یەک بە دوای یەکدا لە بەرزاییی قوولەکانەوە بازمان دەدا.

قوولەکانی لای کۆشـک باریک بوون و ئێمە بە دوای یەکدا خۆمان هەڵدەدایە ســەریان. ئەوانەی کە پشــتیان بە کڵێســـاوە بوو، پان بوون و ئێمە نەماندەتوانی خۆمان هەڵدەینە بانیان.

ئینجا لەسەر دیوارەی پردە جووڵاوەکەوە دەچووینە ناو چاڵەڕەشـــەکانەوە. لەســـەر دیوارەکەوە دەمانتوانی هاتنەناوەی گاکان و ئۆتۆمبێلی ئەو فەڕەنســـاییانەی کە وەکوو کاروان بەرەو پورتوگال هەڵدەهاتن، ببینین. لەناو چاڵەڕەشـــەکانەوە ئاســـمانی ژوورســـەرمان و ئەو

قەلەڕەشـــانەی کە بە دەوری کۆشـــکدا هەڵدەفڕین، دوور دەکەوتنە بەرچاو.

لە چاڵەڕەشـــەکاندا، گەمەی گابازی و پاشـــا و وەزیرمان دەکرد، کەرەسـتەی گەمەکەیشـمان تەنێ پارچە ئێسکێ بوو. کەسـێ کە ئێسقانەکەی بەرەو سـەر هەڵدەدا، دەبووە شـا، کەسـێکیش کە بەرەو خوار هەڵی دەدا، جەلاد بوو، کەسێ کە بۆ پشتەوە هەڵی دەدا، تا ئەوەندەی کە شا بیویستایە تێهەڵدانی دەخوارد.

لەبەرئەوەی دایەگەورە قەدەغەی کـــردبـــوو لە چاڵەڕەشـــەکاندا گەمە بکەم، هەوڵم دەدا نەڕۆمە ئەوێ. ئەگەر لەگەڵ هاوڕێکانمدا نەڕۆیشـــتمایە پێیان دەوتم کچ، بۆیە هەوڵم دەدا بڕۆمە ئەوێ.

***

ئەگەر پەنجەرەیش کراوە بووایە و پـــەردەکـانیش هەڵبدرابانەوە، دیسـانەوە لە دەرەوەڕا نە شـتێکیان دەبینی و نە شتێکیشیان دەبیست. تۆ زۆر بە دەنگی بەرز قسـەت نەدەکرد، ئەوجا شـەویش بوو.

« ـــــ نکۆڵیکردن چ سـوودێکی بۆی هەبوو؟ هەموو میلیـا دەیـانزانی، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو بە وێرانکردنی داهاتووی خۆی و لە بەرانبەر دادوەراندا نکۆڵی لە هەموو شــتێ کرد. بۆ؟ تەنیا بۆ ئەوەی ســزاکەی قورســتر ببێ. ئەگەر لە ســـاتی یەکەمەوە دانی پێدا بنایە، ئەگەر بەگوێی بکردمـایە، بـارەکە بە جۆرێکی تر دەکەوتەوە. بەڵام ڕاســتییەکەی ئەو کەسـێکی لاواز و بێهێز بوو. وا باشــتر بوو کە ئـامۆژگـارییەکـانی ژنەکەی، کە هێنـدە خۆشـــم دەویســـــت، لەگوێ بگرتـایە. چونکە ســـەربـاری هەموو کارەکانی من لە قوڵاییی دڵەوە خۆشم دەویست و تەنانەت ئەمڕۆیش بیرەوەرییەکـانیم لەلا بەڕێزن. خۆ دەیبینی دووبـارە شـــووم نەکردەوە. بۆ؟ پێـت وانەبێ داواکـارم نەبوو، ڕاسـتییەکەی خەیاڵم لای ئەو و ئێوە بوو. سـوێندم خواردبوو تاهەتایە ئاشـــقی بم و ســـووریشـــم لەســـەر سوێندەکەی خۆشم. نەمدەویست باوەپیارەتان هەبێ.»

وەختێ بێـدەنـگ دەبووی چرکە چرکی کـاتژمێرە دیوارییەکە دەگەیشـــتە گوێ. عەســـران دەچوویتە ســـەر

کورسییەک و دەرکە بچووکە شوشەییەکەییت دەکردەوە و بە کلیلێکی گەورەی ئاسنین قورمیشت دەکرد.

« ـ دڵنیات دەکەمەوە کە لە خۆمەوە ئەم شتانە ناڵێم. تەنیا ڕاستیم وت. ئەو دەمە دەکرا بە سوودی ئەو بشکێتەوە، بەڵام بە هەمان شێوەی کە لەو نانکوێرە چاوەڕێم کرد، نەک هەر سوپاسی نەکردم بەڵکوو جنێویشی پێ دام. حەیف، جا چ شتانێکم نەبیست، هەرچی زۆرتر خۆم لە پێناوی ئێوەوماناندا بەخت دەکرد، دەبووا زیاتر ڕێزۆمەند بوونایە. هەمیشە شەو و ڕۆژم لە پێناوی خۆشبەختیی ئێوەدا بوو و ئێستاکەش پاداشتەکەی وەردەگرم! چارەنووسی دایکێکی خۆبەختکار هەر ئەمەیە. تۆ ئەم شتانە باش نازانی، ئەو ئازارانەم لێ دەشاردیتەوە کە دەمکێشان. پێم باش بوو لە بێدەنگیدا ئازار بکێشم. چونکە لە ئینجیلدا نووسراوە: وا باشترە کە دەستی چەپت ئاگای لە برینی دەستی ڕاستت نەبێ.»

وەختێ قسەت دەکرد نە زەنگی تەلەفۆن لێی دا و نە کەسێ دەرگای کوتی.

***

« ـــ تەنیا ڕاستیم بە دادوەر وت. شتێ کە دەبوایە هەر لە ســـەرەتاوە خۆی بیوتایە تا تاوانەکەی قورســـتر نەبێ. وەک هەمیشـــە و چون هەر ژنێک کە مێردەکەی خۆیی خۆش دەوێ، بیرم کردەوە و باشـــترین کارێکم ئەنجـام دا کە لە بەرژەوەنـدیی ئەو بوو. نکۆڵیکردن لە ڕاســـتی چ ســـوودێکی هەیە؟ هەرچۆن بووایە مەحکوم دەبوو. لەگەڵ ئەوەشـــدا بەهۆی شـــایەتی منەوە، وەختێ دادوەران بینیان لەســـەر ئەوانم، لێخۆشـبوونیان بەرانبەر هەبوو. بەڵام ئەو، لاســـارانە هەموو ڕێگەکانی ڕزگاری بە ڕووی خۆیدا داخســـت. ئەگەر هەر لە ســـاتی یەکەمەوە ســـەری خۆی شـۆڕ کردایە و دانی بە هەموو گوناهەکانی خۆیدا بنایە، بە ســـوودی خۆی و ئێوەش تەواو دەبوو. بەڵام ئەو هیچ وەختێ لە ژیاندا نەیدەزانی چی دەکا. ئەگەر من نەبوومایە نازانی چ بەڵایەکی بەسەردا دەهات.»

چاویلکەی خوێندنەوەکەت لەســـەر مێزی تەنیشـــت تەلەفۆنەکە بوو. وابزانم بۆ فـاڵگرتنەوەی قومـارکـارت بەکارت هێنابوو.

« ـــــ هیچ کاتێ پێم نەگوتی، چونکە زۆر خۆشـــم دەویێت و نەمدەویســـــت بە خراپە یادی باوکت بکەیتەوە. پێم باش بوو باســـی هەڵەکانی نەکەم. بەڵام مادامەکی ئەمڕۆ هەموو ئەم شتانەم پێ وتی، ئەوەش بزانە کە باوکت هەر بەوەندە وازی نەهێنا، قســـەی پێ وتم و وتی کە من پەنم پیا داوە. بە درێژاییی ژیانم هەر شـــەرابێکم خواردبێتەوە، ترشاوەکەی گەڕایەوە دەمم. وەڵامی چاکەم هەمیشـــە بە خراپە بوو. نازانی ئەم شـــتانە چەندێ دڵی دایکێکی خۆبەختکار دەشکێنێ.»

***

بە منت وت لە ئاوێنەدا تەماشـای خۆم بکەم تا دڵنیا بم ڕێک وەســـتاوم. تۆ لەســـەر کورســـی دادەنیشـــتی و چاوەڕێت دەکرد. وەختێ دەهاتیتە ژوورەکەوە لە ئاوێنەدا تەماشـــای خۆم دەکرد. ئەوجا بەرەو ڕووت دەهاتم و دەستم ماچ دەکردی.

تۆ پێت دەگوتم لە کاتی دەســـتماچکردنتدا نابێ دەنگەدەنگ بکەم. ئەوجا منیش لە ژوورەکە دەچوومە دەرەوە. تۆ لەسەر کورسییەکەت دادەنیشتی و چاوەڕێت

دەکردم. وەختێ دەهاتمە ژوورەوە، لە ئاوێنەکەدا تەماشای خۆم دەکرد، بەرەو لات دەهاتم و دەستم ماچ دەکردی.

تۆ پێت دەوتم تەنیا دەبێ سەری پەنجەکانت بگرم و ئیتر منیش لە ژوورەکە دەردەچووم. دەگەڕامەوە و پاش ئەوەی خۆم لە ئاوێنەدا تەماشای خۆم دەکرد، بەرەو تۆ کە لەسەر کورسی دانیشتبووی دەهاتم و بێ ئەوەی دەنگەدەنگ بکەم، سەری پەنجەکانم دەگرتی و دەستم ماچ دەکردی.

تۆ پێت دەوتم نابێ دەستت بەرز بکەمەوە، دەبێ بەرەو دەستت بچەمێمەوە. دیسان لە ژوورەکە دەردەچووم و پاش ئەوەی لە ئاوێنەدا تەماشای خۆم دەکرد، زۆر زوو دەگەڕامەوە، دەوەستام و بێ ئەوەی لە وەختی چەمانەوەدا دەنگەدەنگ بکەم، سەری پەنجەکانتم دەگرت و دەستم ماچ دەکردی.

ئەو کاتە پێت دەوتم:

«ـ ئەوە باشە.»

کەچی وەختێ خـانمـان بۆ دێنی دەهـاتنە لات، من دەسـتیانم ماچ نەدەکرد و تۆیش ئاگادارت دەکردمەوە و منیش پێم دەوتی شەرم دەکەم.

❊❊❊

ئەو ڕۆژەی وەختێ پیـاوەکە پێیەکـانمی ژێر لم دەکرد، هەتاو لە کەناری میلیای دەدا.

تۆ بۆت بـاس کردم کە بە قەیـاخێکی مـاسـیگری ڕۆیشـتین و بێ ئەوەی پەتێک هەبێ تا دەسـتمانی پێوە بگرین بە پەیژەیەکی دارینددا سەرکەوتین.

بۆت دەنووسـم و پـاپیەکەی «دکتۆر پلومـپ» دەکێشـم. ڕەنگە ئەو کاتەی ڕای دادگای بیسـتووە ئەم پاپیەی لە گیرفاندا بووبێ.

لەنێوان ئەو وێنـانەی میلیـادا کە هەڵـت گرتوون، دانەیەک هەیە کە تێیدا جلی پییڕۆم[14] لەبەردایە. پیـاوێک منی لەدەسـت گرتووە، تەنیا دەسـتەکانی و بەشـێک لە

---

[14]. گاڵتەجاڕی شانۆی ئیتالیایی.

ئاســـەڕی چاکەتەکەی بەرچاو دەکەوێ، ئیدی ئەولایان بە مقەست بڕیوە.

تۆ، ئەلیســـا و من، ـــــ چەندین جار ئەمەت بۆ گێڕاوەمەتەوە ـــــ بە قەیاخێکی ماسـیگرییەوە لە گەرووی جەبەلتاریقەوە تێپەڕین و پاشـان بە شـەمەندەفەر هاتین بۆ ڤیارامیرۆ.

پایپەکەی «دکتۆر پلومپ» فیلتەرێکی ئالۆزی هەیە. هەموو هەفتەیەک بە دیقەتەوە خـاوێنی دەکـەمەوە، چونکە نیکۆتین بە فیلتەری ئالۆزی پایپەکەی «دکتۆر پلومپ»ی باوکمەوە دەلکێ.

وەختێ دەمبینی، قســـەم لەگەڵـدا نەدەکرد و هیچ کەســـیش نەیدەتوانی پەی بەمە ببا. ئەگەر بڕیار بووایە لـەگـەڵ ئەودا بگەڕێمەوە مـاڵەوە، ئەوا چـاوەڕێم دەکرد تـا لەگەڵیدا بە قادرمەکاندا سـەرنەکەوم و ئەگەر بەڕێکەوتیش لە بـازاڕ بمبینیـایە بەلایەکی تردا دەڕۆیشـــتم. بەڵام تۆ شتێکی وات نەدەزانی.

هەموو شـــــەوێ، وەختێ لە ژووری نـــانخواردن دەردەچوو ــ بۆ ئاودەست، چێشتخانە یا هەر شوێنێکی تر ـــــ ســوودم لەو دەرفەتە وەردەگرت و شــەوشـــادم پێ دەگوت. هەر بۆیە پێویســـت نەبوو ماچی بکەم یا پێی بڵێم «تا ـ سبەی ـ ئەگەر ـ خوا ـ بیەوێ ـ شەوتان ـ شاد»

هەموو ســـبەینانێ، کە بۆ ژوورەکەی بانگی دەکردم، تەنیا ئەو کاتە تەماشـــــام دەکرد کە پشـــــتی تێ دەکردم، چونکە دەمزانی ئەو کاتە نامبینێ. وەختێکیش دەینالاند یا دەیوت ـ «توندتر»، وەڵامیم نەدەدایەوە. شەوانەش وەختێ کە ئەو پێشنوێژی دەکردین، سەیریم نەدەکرد.

بەڵام تۆ شتێکی وەهات نەدەزانی.

***

«گیانی ســـەربازیی ســفرە»، ئەمە شـتێک بوو کە لە دەفتەری نمرەکانم نووســــــیبوویان. تۆ بە مەترێکی دارین لێـت دام. خۆم لە گەرمـــاوەکە بەنـــد کرد. بە تەنیـــا لە گەرماوەکە گریام. لە ئاوێنەدا تەماشـــــای خۆم دەکرد و دەگریام.

دواتر پێت وتم دەبێ هەوڵ بدەم. لێت پرسـیم هەوڵ دەدەم؟ پێم گوتی «بەڵێ». تۆ وتت دەبێ بە دەرچوونم لە تاقیکردنەوەی چوونەناوەی قوتابخانەی سـەربازی شـادت بکەم تا تۆ بتوانی وەختێ جلی ئەفســـەری هێزی هەوایی ئیســـپانیا دەپۆشـــم، لە پەنامەوە بڕۆیت و منیش وتم کە شـادت دەکەم. تۆ وتت سـەربازییەکان ئایندەیەکی باشـیان هەیە و منیش وتم: «بەڵێ».

«قوتابی ئاگای لە پۆل نییە»، «گیانی ســـەربازیی سـفرە»، «گیانی سـەربازیی سـفرە»، «گیانی سـەربازیی ســـفرە»، «قوتابی بچووکترین هەوڵی باشـــبوون نادا»، «گیانی ســـەربازیی ســـفرە». هەموو پانزە ڕۆژ جارێ مامۆســـتاکان بیروڕای خۆیان لەناو دەفتەری نمرەکاندا دەنووســـی، بۆیە خۆم لە گەرماوەکەدا بەند دەکرد و هەر لەبەر ئەمەش پشت و دەستەکانم کە لە ئاوێنەدا دەمبینین، شـــین هەڵگەڕابوون. دواتریش کە لێت دەپرســـیم ئایا قوتـابییەکی بـاش دەبم، تەنیـا بۆ ئەوەی شـــادت بکەم، دەمگوت: «بەڵێ».

***

کۆشـــکی ڤیـارامیرۆ لە تەنیشـــت دەروازەیەکی گەورەوەیە. قەلەڕەشـەکان لەوێدا هەڵدەنیشـتن. وەختێکیش هاوڕێکانم تەرەقەیان دەتەقاند، لەناو کۆشـکەوە هەڵدەفڕین و دەڕۆیشتن. هیچ کاتێ بە تەنیا نەچوومە ئەو جێگەیە.

تۆ دەتگوت کۆشــکی ڤیارامیرۆ لەلایەن شـا هێنری دێ تراســـتامـارەوە بۆ بەرگری لە بەرانبەر موغەکـان[15] دروست کراوە. ناوەوەی چۆڵ و هۆڵ و جگە لە سەکۆیەک لە نـاوەڕاســـت و چەنـد پلەکـانەیەک بۆ گەیشـــتن بە هەیوانەکەی شتێکی وەهای تێدا نەمابووەوە.

کۆشـــکی ڤیـارامیرۆ لە بەرزترین مـاڵەکـانی گونـد بەرزتر بوو. کۆشــکەکە دەبووە دوو بەشــەوە، وەک بڵێی مەکۆیەکی بەردینی بۆشــیان لەســەر مەکۆیەکی گەورەتر دانابێ.

تەنانەت لە ڕۆژانی هەتاویشدا ناو کۆشکی ڤیارامیرۆ تاریک بوو. وەختێ لەگەڵ هاوڕێکانمدا دەچووینە ناویەوە،

[15]. مەبەستی لە داگیرکەرە موسڵمانەکانی ئیسپانیایە.

گوێبیســـتی قاڕەقاڕی قەلەڕەشـــەکانی ســـەر دیوارەکان دەبووین. هیچ کاتێ بە تەنیا نەچوومە ناویەوە.

بۆ ئەوەی کە ترســـم بشـــکێ، دایەگەورە ناچاری دەکردم شەوێکی تەواو بە تەنیا لەناو کۆشک بمێنمەوە.

❊❊❊

لە تاریکیدا لەســـەر کورســـییە دەســـکدارەکەت دانیشـتبووی و لەگەڵ مندا دەدوای. لەسـەر کورسـییەکی لای چەپی تۆوە دانیشـتبووم و گوێم لە قسـەکانت دەگرت. پێیەکانم خسـتبووە سـەر میلەی خوارەوەی کورسـییەکە. هەنـدێ جـار دەســـتی خۆتـت درێژ دەکرد تـا بیهێنی بە دەموچاومدا و منیش خۆم وەلا دەخست.

« ـــــ کارێکی خراپم کرد نامەی سـەرۆکی زیندانم پیشـــان نەدای. نامەکەم بە دیقەتەوە تاقەت کردووە. بەڵام هیچ وەختێ نەمویسـت ئێوە هەندێ شـت بزانن، هەرچەند ئەگەر ئەم شـتانەشـتان بزانیایە ئەوا دەسـتخۆشـییەکی زیـاترتـان لە دایکی بێچـارەی خۆتـان دەکرد. بەڵام خۆت دەزانی کە دروشـمی من هەمیشــە چی بووە: هیچ وەختێ

بیر لە خۆم نەکەمەوە تا بتوانم خۆم بە ئێوە ببەخشـــــم. ئێستایش سەیر کە چ ئاکامێکی هەبووە ...»

ئاهێکت هەڵکێشا. بە دوایدا ئاهێکی تریشت هەڵکێشا. ئینجا بۆ ماوەیەک بێدەنگ بووی.

« ــ سەرۆکی زیندان نووسیویە لەو نامانەوە کە بۆ باوکتی دەنووسم باش تێگەیشتووە کە من ژنێکی ڕەسەنی ئیســـپانیایی و مەســـیحیم. بەم جۆرە دەســـتی بە نامەکەی دەکرد. لە نیوە زیاتری پەســـنی منی دابوو، پیشـــانی دابوو کە ئاگادارە لەو کێشانەی کە بەهۆی پەروەردەی دروستی ئێوەوە هەمە. نامەکەم هەڵگرتووە و بۆ هەموو ژیانیشـــــم هەر هەڵی دەگرم. ئەگەر بتەوێ پیشانتی دەدەم.»

تۆ و من لە هۆدەی نیوەڕۆخوانی هاوینە بووین. دە ژووری دیکە چۆڵ بوو، ســـــێ ڕاڕەو چۆڵ بوو، گەرماو چۆڵ بوو، چێشتخانە چۆڵ بوو.

« ـ ئەگەر لێت بویستمایە پێم دەدایت. مەگەر شتێکت ویســـــتووە کە نەمدابیتێ؟ بۆچی بێ ئەوەی من لەوێ بم نـامەکەت خوێنـدەوە؟ نـازانم چۆن تێتگەیەنم کە هەموو

شــتێکی من، هی تۆیشــە و هیچ ڕازێک لەنێوان من و تۆدا نییە. بۆچی لە نەبوونی من، وەک دز چوویتە ئەمبارەکە و ئەو نامەیەت خوێندەوە؟ پێت وایە نەمدەدایتێ؟ دە بڵێ.»

دەرگــای دوو هەیوانەکەی ژووری نێوەڕۆخوانی هاوینە کە بەســـــەر شـــــەقامەکەدا دەکرێتەوە، بە تەواوی داخرابوو. بچووکترین ڕووناکییەک نەدەگەیشـــتە ڕاڕەوی ئەو هۆدانەی کە ڕووەو ئەوان بوو.

« ــ باشە، دەی ئەگەر خوێندووتەوە، ئیتر چ بڵێم کە تۆ نەزانی؟ باوەڕت هێنا کە تەنانەت کەســانێکیش کە باش نــامنــاســــن، زەحمەت و خۆبەختکردنەکــانم لە پێنــاوی پەروەردەی دروســـــتی ئێوەدا دەزانن؟ دەیبینی کە هەڵە بچووکەکــانم بە عەیــب دانــانێن. ئەمــانە هەڵەی دایکێکی تەنیان کە هیچ کەســـێکی نییە تا ئامۆژگاری بکا. ئەوجا ئەگەر وەک من نەخوێنەواریش بێ، ئەوا بێگومــان ئەم هەڵانەی هەر دەبێ. هەڵەکانی باوکت ترسناک، مەبەستدار و هۆشـــیارانە بوو. ســـەرۆکی زیندان هەڵەکانم بە عەیب دانــانێ، ئەوەیە کە تەنیــا بیرم دەخــاتەوە، چونکە خۆم بە تەنیایی هەستم پێ نەدەکردن. هەمیشە لام وابوو باشترین

ئیش دەکەم چونکە ئامانجم پاک بوو. سـەرۆکی زیندان نووسـی ئیتر نـامەی هـاوشـێوەی ئەو نـامـانەی کە نووسـیبووم، نەنووسـم چونکە مێردەکەم پاش ئەوەی کە هەوڵی خۆکوشتنی دا، تووشی خەمۆکی و نائومێدی بووە. باوکت بەم گاڵتەجاڕییانەی ئاخرەکەی بە مەرامی خۆی گەیشت، سەرۆکی زیندانی فریو دا و خۆی لە خەتی شێتی دا. ڕەنگیشـە هەر ئەو وەختەی کە داهاتووی خۆی بەبا دا، شـێت بووبێ! بەڵام من دەبوایە هەمیشـە خۆم لە پێناوی هەمووواندا بەخت بکەم. هەر بۆیە بە قسـەی سـەرۆکی زیندانیشـم کرد. ئیتر نامەم بۆ نەنووسـی. درۆزن نیم، نەمدەتوانی نامە بنووسم و بڵێم کاری باشی کردووە.»

سەگێک لە حەوشەکەدا وەڕی، دووبارە وەڕی. دەبێ سەگێکی گورگسا بێ.

***

بیرم کردەوە بەم جۆرە دەست پێ بکەم: «دایکی من گوڵە» یا«دایکی من گوڵەباخە» خوشـکی ڕۆحانی وتی باشـە. لێمپرسـی کە گوڵ باشـترە یا گوڵەباخ؟ خوشـکی ڕۆحانی وتی گوڵ باشترە.

بیرم کردەوە وەها دەســـــت پێ بکەم: «دایکی من جوانترین گوڵە». خوشـــــکی ڕۆحــانی وتی ئیتر واز لە نیوەدێڕی یەکەم بێنم و نیوەدێڕی دووەم دانێم. منیش کەوتمە بیرکردنەوە لە نیوەدێڕی دووەم.

بیرم کردەوە وەها بڵێم: «دایکی من جوانترین گوڵە ـ ئیشـــــقم بۆ وی وەک گڵە». بە دەنگی بەرز خوێندمەوە، بینیم سەرواکەی گونجاوە. خوشکی ڕۆحانی پێی وتم ئەمە زۆر بازاڕییە.

«دایکی من جوانترین گوڵە ـــ ئیشقم بۆ وی وەکوو موڵە». «دایکی من جوانترین گوڵە ــ لە ڕێی خوادا وەکوو پردە». «دایکی من جوانترین گوڵە ـ درەخشان لە ئیسپانیا تــا کــابوڵە». خوشـــــکی ڕۆحــانی ئەم بەیتەی هەڵبژارد، «دایکی من جوانترین گوڵە ـ لەڕێی خوادا وەکوو پردە».

وەختێ گەیشـتیتە ڤیارامیرۆ شـیعرەکەمت لە هۆدەی نیوەڕۆخوانەکە خوێندەوە و پاشــان لەباوەشــت گرتم. من شیعرەکەم لەبەر کرد. هێشتا لەبیرم نەچووەتەوە:

«دایکی من جوانترین گوڵە

لە ڕێی خوادا وەکو پردە

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر خۆشم دەوێ

هەمیشە هەر لە بیرمدا دەبێ.»

ئەی تۆ چی دایە، دێتەوە بیرت؟

***

پایپەکەی «دکتۆر پلومپ» دەکێشم.

ڕەنگە ئەویش هەر وەکوو من توتنی تیژی کێشابێ.

ڕەنگە ئەویش هەر وەکوو من دووکەڵەکەی قوت نەدابێ.

ڕەنگە ئەویش هەر وەکوو من توێکڵی نارنجی خستبێتە کیسە توتنەکەیەوە.

پایپەکەی «دکتۆر پلومپ» دەکێشم.

تۆ هیچ وەختێ جگەرەت نەدەکێشا. دایەگەورەیش نەیدەکێشا. پورە کلارایش نەیدەکێشا. باوەگەورە یەک پیاو بوو و هەتا سەرەمەرگ سیغاری کێشا. باوەگەورە بە

دەســـتی خۆی دەمەونوێژی شــێوان ســـیغارەکانی خۆی دروســـــت دەکرد. وەختێ پێشـــبڕکێی گـابـازی بووایە، باوەگەورە چروتی دەکێشـــا. بەڵام باوەگەورە هیچ وەختێ پایپی نەدەکێشا.

ڕەنگە ئەویش وەک من زانیبێتی بە دووکەڵ ئەڵقە دروست بکا.

پایپەکەی «دکتۆر پلومپ» دەکێشم.

ڕەنگە ئەو بە پێچەوانەی منەوە لەبـاتیی چەرخ، شقارتەی بەکار هێنابێ.

ڕەنگە ئەویش وەکوو من دووکەڵی لە لووتییەوە دەرکردبێ.

پایپەکەی «دکتۆر پلومپ»ی باوکم دەکێشـــم. دایە، من هەمیشە پایپەکەی «دکتۆر پلومپ»ی باوکم دەکێشم.

***

دەمزانی کە ئەگەر کتێبەکە هەڵگرم، هەموو پێی دەزانن. دەمزانی کە ئەگەر لە قوتابخانەی مەدرید لەســـەر

ئەو ڕەحلانەی کە بە دیواری ڕاستەوە دەلکان، دانەنیشم، هەموو پێ دەزانن.

تۆ خۆت ئەوەت بۆ دوریبووم. بە مەتری بەرگدرووەکە ئەندازەمت گرت و سوودت لەو مۆدێلە ڕێنمایە وەرگرت کە بە کاغەزی ڕۆژنامە دروستت کردبوو و دنیایەک دەمبووسی پێوە بوو.

وەختێ هەوا سارد بوو دەمتوانی لەسەر شەقام پاڵتۆکەم لەبەر بکەم. بەڵام وەختێ هەوا سارد نەبوو، نەمدەتوانی. بۆیە وەختێ هەوا سارد نەبووایە، لەسەر شەقام جانتاکەم بە خۆمەوە دەلکان.

تۆ خۆت بە مەکینەی درومان ئەوەت درو. یارمەتیم دایت تا داوەکە بکەیت بە دەرزییەکەوە چونکە دەتوت من باشتر ئەم کارە ئەنجام دەدەم. یارمەتیم دایت تا پارچە قوماشەکان بهێنی.

پێم وتی نامەوێ ئەوە لەبەر کەم، بەڵام تۆ وتت دەبێ بیپۆشم. هەربۆیە لە کاتی زەنگی پشوودا گەمەم نەدەکرد و لەسەر ڕەحلە دادەنیشتم و کتێبەکەم بە خۆمەوە دەلکاند.

هەر لەبەر ئەمە ئەو وەختانەی کە دەمتوانی، لەســـەر پۆل پاڵتۆکەم دانەدەکەند.

لەبەرم کرد و لە ئـاوێنەدا تەمـاشـــای خۆمم کرد. پرســـیت حەز دەکـەم درێژ بێ یا کورتتر. وتم هەر بەو جۆرەی کە هەیە، چـاکە. پـاشـــان پرســـیت گەرەکمە گیرفـانەکەی لەنـاوەوە دانێی یـا لەدەرەوە. وتم وەکوو وێنەی ژۆرناڵ با لەناوەوە بێ.

وەختێ مامۆســتا لەســەر تەختە بانگی کردم و وتی ڕوو بکەمە هـاوڕێکـانم و بە دەنگی بەرز ئەوەی کە هەیە بیسەلمێنم، یەکێ لە منداڵەکان هاواری کرد:

« ـــــ تەماشـــای گیرفانەکەی کەن، بەرەوخوارە. پانتۆڵەکەی بە هەڵاوگێڕاوەیی لەبەر کردووە!»

***

پورە کلارا هەردوو دەســـتمی بە خاولی پێچا. ئینجا بە پەت، هەر دەســـتێکمی بە لایەکی چرپاکەوە بەســـتەوە. دەســـتەکانی ســـارد بوون. چاوانم نوقاندبوو، وەختێ

دەمکردنەوە، چراکەم دەبینی کە بە بنبانەکەوە هەڵواسرابوو.

پورە کلارا خاولی نەپێچا لە پێیەکانمەوە. هەر پێیەکمی بە لایەکی چرپاکەوە بەستەوە. هەستم بە دەستە ساردەکانی کرد بەڵام تەماشام نەکرد.

پورە کلارا بە قایش لێی دام. بۆ ئەوەی کە دەنگمان نەبیستن، هاوارم نەکرد. بە دەستە ساردەکانی شلکەی ڕانمی گرت. وتم ئیتر ئەمەیان نا. پورە کلارا وتی: «عیسای مەسیح بۆ ڕزگاریی ئێمە ئازاری زۆری کێشاوە.» کەم کەم گوشی. ئەو وەختە ئیتر هاوارم کرد.

پورە کلارا هەروەکوو ئەو کاتانەی کە بە قایش لێم دەدا، هانکە هانکی پێ کەوتبوو. دواتر هەستم کرد شتێکی تر خەریکە ڕوو دەدا. وەختێ تەواو بوو، پورە کلارا وتی دەبێ هەر ئێستا برۆم دان بە تاوانمدا بنێم.

***

لە مەدرید، نەماندەتوانی وەکو ڤیارامیرۆ هەموو ساڵێ بەراز سەربڕین. لە مەدرید بەڕوو دەست نەدەکەوت بۆ دابەستەکردنی بەرازەکان.

لە مەدرید، وەک ڤیارامیرۆ حەسار نەبوو. لە مەدرید قەلەڕەشێ نەبوو تا لە کۆشکدا فڕکان فڕکان بکا.

لێرەکانەیش، نە بەراز هەیە، نە حەسار و نە کۆشک. لێرە چونکە هەتاو هەڵناکا و بارانی زۆر دەبارێ، نیشانەیەک لە بەراز و حەسار و کۆشک نییە.

لە مەدرید، لە جارەکاندا، وەکو ڤیارامیرۆ گوڵاڵەسوورە نییە. لە مەدرید، بیریان چووە گوڵاڵەسوورە لە گوڵفرۆشییەکاندا دابنێن.

لە مەدرید، چون ڤیارامیرۆ چاڵی ڕەش نییە تا پیاوان میزی تێ بکەن. لە مەدرید پیاوان لە ماڵەکانی خۆیاندا میز دەکەن.

لە مەدرید هەروەکوو ڤیارامیرۆ گوێدرێژەکان ئازاد و لەسەر شەقامەکان بەرەڵا نین. لە مەدرید تەنیا یەک

گوێــدرێژ هەبوو کە منــاڵەکــانی بە دەوری گۆڕەپــانی ڕۆژهەڵاتدا دەگێڕا.

هەروەها لێرەکانە هەتا ئەمڕۆ نە چاڵی ڕەشم بینیوە، نە گوێدرێژ و نە گوڵاڵەســـوورەیش. لێرە هەندێ کات میز دەکەمە پەرداخێکی شــووشــەیی گەورە کە پەرســتار بۆم دێنێ و پاشان بۆ تاقیگەی دەبا.

❊❊❊

زەنگەکانی دێری خوشکانی دێرنشین لێیان دا.

« ـ ئەگەر وەختێ بمزانیایە کە تەنیا خۆم ماوەمەتەوە و دوو منالّی وەک ئێوە و خۆم بکوشـــتایە، ئێســـتا چیت دەکرد؟ بێگومان بیرت دەکردەوە ـ منیش حەقی ئەوەم پێ دەدای کە بیرێکی وەها بکەیتەوە ــ کە من دایکێکی خراپم، چونکە وەختێ کە منــاڵەکــانم لە هەموو کــاتێ زیــاتر پێویستیان پێم هەبوو، دامنە دەست خوا.»

زەنگەکانی دێری خوشکانی دێرنشین لێیان دا.

« ـــــــ چەندین جار بیرم لە خۆکوشـــتن کردەوە. دەتەوێ بزانی بۆ ئەم کارەم نەکرد؟ لەبەر ئەوەی ئەرکی من ئەوە بوو کە چاودێری ئێوە بکەم، دەبوایە پارێزگاریتان لێ بکەم و لە پەناتاندا بمابامەوە.»

زەنگەکانی دێری خوشکانی دێرنشین لێیان دا.

« ــــــ ئەم ئیشـــە دزێوترین ترســنۆکی بوو. ئەگەر خۆپەرســــت بوومایە و تەنیا بیرم لە خۆم بکردایەتەوە، خۆکوشتن باشترین ڕێگەچارەم بوو.»

زەنگەکانی دێری خوشـــکانی دێرنشـــین لێیان دا. دێتەوە یادم وەختێ کە لە ماڵەوە تەنیا بووم هەندێ کات دەچوومە بەردەم پەنجەرە پەردەدارەکانی دێری خوشکانی دێرنشین و خۆم ڕووت دەکردەوە.

« ـــ بەڵام باوکت بە ڕەفتارە دزێوەکانی خۆی تێری نەخوارد و هەوڵی خۆکوشـــتنی دا. تەنـانەت لە دوایین ســـــاتەکانیشــــدا بوێری ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی پەیدا نەکردبوو. ئەگەر من نەبوومایە، ســەرئەنجام چی بەســەر ئەو و ئێوەشدا دەهات؟»

زەنگەکانی دێری خوشـــکانی دێرنشـــین بە هەموو دەنگیانەوە لێیان دا.

« ــ هیچ شتێ پاساوی ئیشەکانی ئەوی نەدەدایەوە. من ئەمەت پێ دەڵێم. منێ کە ئەو هەمووە خۆشـم ویسـت ... تۆ ئەو کاتانە مناڵ بووی و لەم شتانە تێنەدەگەیشتی.»

زەنگەکانی دێری خوشـــکانی دێرنشـــین بە هەموو دەنگیانەوە لێیان دا.

« ـ ئەو لە زینداندا بوو، ئای چەنێ حەزم دەکرد من زیندانی بوومایە و لە پێناوی پەروەردەی مناڵەکانمدا هێندە تێنەکۆشـــیمایە. بارودۆخی من چەندین جار لە بارودۆخی ئەو نـالەبـارتر بوو، بەڵام من دایـک بووم و منـاڵەکـانمم خۆش ویســـت، بۆیە تێدەکۆشـــام. کەچی ئەو دەیویســـت خۆی بکوژێ.»

زەنگەکانی دێری خوشـــکانی دێرنشـــین بە هەموو دەنگیـانەوە لێیـان دا. پەنجەرەکـان داخراو و پـەردەکـان دادرابوونەوە، کەچی هێمـان دەنگی زەنگەکـانی دێری خوشـکانی دێرنشـین دەبیسـتران کە بە هەموو دەنگیانەوە

لێدەدران. هەیوانەکانی ژووری نێوەڕۆخوانی زستانە بەرانبەر پەنجەرە پلەدارەکانی دێر بوون. هەندێ کات، کە تۆ لەسەر ئیش بووی و منیش بۆ ئامادەبوون لە کێبڕکێی بەشداریکردن لە سوپا لە ماڵەوە تەنیا دەمامەوە، لە بەردەم پەنجەرەی خوشکانی دێرنشیندا ڕووت دەبوومەوە و میزم دەکرد.

***

هیچ کامیان، هیچ کام، نە دایکە پپیتیۆس، نە ژنی خادەمی کڵێسا، نە خاتوو کارمێن، نە ژنی پزیشک، نە خوشکی ڕۆحانی قوتابخانە، نە هاوڕێکانی پورە کلارا ـ مێرسدس، لوسیا، روسیتا و ئیسابیا ــ نە ژنانی دەستەی پۆڵسی مەنسوور، نە خانم ڕودریگیس، نە دایەگەورە، نە دایکانی هاوڕێکانی ئەلیسا ــ دایکی کارمێنسیتا، دایکی لۆلیتا، دایکی نئاڤێرس، دایکی پیلار ـ نە هاوساژنەکانمان لە ڤیارامیرۆ، نە هاوساژنەکانمان لە مەدرید، نە زڕکچەکەی باوەگەورە، نە خاتوو کۆنسۆئیلۆ، نە ئاسونسیۆنی کارەکەری ڕامیرۆ، نە ماریا ـ کارمێن قاپشۆری ڤیارامیرۆ، نە ماریا ــ کارمێن کچی شارەدار، نە ماریا ــ کارمێن

لبنیاتی، نە ماریا ـــــــ کارمێن نەوەی جەنابی کۆنت، نە بەرگـدروو، نە نوقڵفرۆش، نە ژنەکەی ترومەن، نە خـانم ڕیتا، نە پەرستارەکانی تەندروستی، نە خاتوو ئێسپرانسۆ، نە خاتوو ئاســانســیۆن، نە گرتاگاربۆ ــــــ و نە هیچ ژنە ئەکتەرێکی تریش ـــــ نە ژنەی پیراشکی فرۆش[16]، نە ژنی ســەرۆکی ئەنجومەنی کاســۆلیکەکان، نە خاتوو لوپس، نە خـاتوو ســـــانچێس، نە ڕۆژنامەفرۆش، نە پورە کلارا، نە ئەلیسا، هیچ کام، هیچ کامیان وەک تۆ نەبوون دایە.

هیچ کـامیـان وەک تۆ نەبوون دایە. من تەمـاشـــــام کردن دایە، بەڵام هیچ کامیان وەک تۆ نەبوون، هیچ کامیان زمانیان وەک زمانی تۆ تەڕ و ئەژنۆکانیان وەک ئەژنۆکانی تۆ سپی نەبوون. هیچ کام.

❊❊❊

هەموو ســـــاڵێ، نەوەد ڕێپێـدراوی گەنج دەچوونە خزمەتی هێزی هەوایی ســوپای ئیســپانیاوە. پاشـــان چل

---

[16]. پیراشـکی نانێکی ڕووســییە پاش هەڵاتن هەویرەکەی لەناو ڕۆن سوور دەکرێتەوە و بە قیمە و سۆسیت یا کرێم ناوئاخن دەکرێ.

کەسیان دەبوونە فڕۆکەوان، چل کەسی تریشیان دەبوونە بەشـــێک لە ســـوپای پشـــتیوانی هێزی هەوایی و دە کەسیشیان دەبوونە ئەفسەری سوپاسالاری.

لەگەڵ ئەوەشـدا کە بە بزنمژە بانگت کردم، پێم وتی سوپاسالاری هەڵدەبژێرم.

پاش چوار ســاڵ خوێندن لە پۆلەکانی ســەربازیدا، نەوەد ڕێپێدراو دەگۆڕان بە چل ئەفسـەری فڕۆکەوان، چل ئەفسەری هێزی هەوایی و دە ئەفسەری سوپاسالاری.

لەگەڵ ئەوەشـــدا کە بە بزنمژە بانگت کردم بەڵام هێشتت سوپاسالاری هەڵبژێرم.

پاشان وەختێ لە تۆیان دەپرسی کە لە چی بەشێکدا وانە دەخوێنم، دەتوت دەخوێنم تا ببمە ئەفســـەری هێزی ئاسمانی سوپای ئیسپانیا، وەختێ پێیان دەوتی:

« ـ بۆ فڕۆکەوانی؟»

تۆ وەڵامت دەدایەوە:

« ـــــ دەبێتە ئەفســەری هێزی ئاســمانی ســوپای ئیسپانیا.»

وەختایەکیش لێیان دەپرسیت:

« ـ دەفڕێ؟»

تۆ وەڵامت دەدایەوە:

« ـــــ دەبێتە ئەفســەری هێزی ئاســمانی ســوپای ئیسپانیا.»

ڕۆژێ کە دراوسێکەمان لێی پرسیت:

« ـ لە سوپاسالاری دەبێ؟»

تۆ بێدەنگ بوویت و وتت:

« ـ بەڵێ.»

***

چاوانی شـــەمشـــەمەکوێرەکە ورد بوون. پورە کلارا، لەســـەر کورســـییەک دانیشـــتبوو و کتێبی دەخوێندەوە. شـەمشـەمەکوێرەکە پێستێکی نەرمی بە پشتەوە بوو. پورە

کلارا گۆرەوی لەپێ نەکردبوو. شەمشەمەکوێرەکە بە باڵی کراوەوە بێ جووڵە مابوو. پورە کلارا پێخاوس بوو. چاوانی نابینای شەمشەمەکوێرەکە کراوە بوون. پێیەکانی پورە کلارا پەتیی و ئەژنۆکانیشی ڕووت بوون. شەمشەمەکوێرەکە قەپۆزێکی باریکی هەبوو. داوێنەکەی پورە کلارا ئەژنۆ و لاقەکانی دانەدەپۆشی.

ئاوساردکەرەوە لە سوچێکی چێشتخانەکەدا، لەژێر پارچە پەڕۆیەکی تەڕدا بوو. پەردەکان دادرابوونەوە و نەیاندەهێشت پرشنگی خۆر دزە بکاتە ژوورەوە. هەندێ جار حەپەی سەگێ بێدەنگییەکەی دەشکاند.

شەمشەمەکوێرەکە چنگ و پێیەکی گچکەی هەبوو. پورە کلارا کتێبی دەخوێندەوە و خۆی باوەشێن دەکرد. شەمشەمەکوێرەکە نەیدەتوانی هەڵبێ. پورە کلارا کراسێکی یەخەواز و قۆڵکورتی پۆشی بوو. شەمشەمەکوێرەکەم بە باڵەکانی گرتبوو. لە کونی کلیلدانەکەوە پورەکلارام دەبینی کە کتێبی دەخوێندەوە و خۆی باوەشێن دەکرد.

ئەو ڕۆژانە خۆراکی گەرممان نەدەخوارد. بە زۆری بە تەماتە، نان، شەراب، شەربەت، پارچەی سۆسیس و

ژامبۆن، خەیارشـــۆر، ڕۆن و کەمێ پرتەقالّ، شـــیوێکی ساردت بۆ دروست دەکردین.

دەرگـای ژێـرزەمـینەکەم والا کـرد و هـێشـــتـم شـەمشـەمەکوێرەکە لە تاریکیدا بفڕێ. وەختێ جارێکی تر لە کونی کلیلـدانەکەوە ڕوانیم، پورە کلارا بە پێی پەتی و ئەژنۆی ڕووتەوە هێشـتا درێژەی بە کتێب خوێندنەوە دەدا و خۆی باوەشێن دەکرد.

***

پێم وتی: « ــــ بەر لە هەر شتێ دەبێ ڕێزی خوا لە هەموو شتێ زیاتر بگیرێ.»

تۆیش وتت: «بەڵێ.»

ئینجا لێم پرسـیت لە هەموو شـتێ زیاتر ڕێزگرتنی خوا یانی چی؟

تۆیش وتت: « ــــــ واتە دەبێ ڕێزی خوا لە هەموو شتێ زیاتر بگیرێ.»

منیش وتم: « ئەها.» پاشـــــانیش وتم: «دووەم هیچ کاتێ نابێ کفر بکەی.»

تۆیش وتت: «بەڵێ.»

ئینجا لێم پرسـیت کە هیچ کاتێ نابێ کفر بکەی یانی چی؟

تۆیش وتت: «واتە هیچ کاتێ نابێ کفر بکەی.»

منیش وتم: «ئەها.» پاشـــانیش وتم: «ســێیەم دەبێ ڕەچاوی جەژنەکان بکەی.»

تۆیش وتت: «بەڵێ.»

ئینجا لێم پرسیت کە دەبێ ڕەچاوی جەژنەکان بکەی یانی چی؟

تۆیش وتت: «واتە دەبێ ڕەچاوی جەژنەکان بکەی.»

منیش وتم «ئەها.»

یەک، دوو، سێ. بەڵێ.

ئینجا من وتم: «چوارەم دەبێ ڕێز لە باوک و دایکی خۆت بگری.»

تۆیش وتت: «بەڵێ.»

ئینجا لێم پرسـیت دەبێ ڕێز لە باوک و دایکی خۆت بگری یانی چی؟

تۆیش وتت: «واتە دەبێ ڕێز لە باوک و دایکی خۆت بگری.»

منیش وتم: «ئەها.» پاشـانیش وتم: «پێنجەم نابێ کەس بکوژی.»

تۆیش وتت: «بەڵێ.»

ئینجا لێم پرسیت نابێ کەس بکوژی یانی چی؟

تۆیش وتت: «واتە هیچ کاتێ نابێ بکوژی.»

منیش وتم: «ئەها.» پاشـانیش وتم: «شـەشـەم نابێ زینا بکەی.»

تۆیش وتت: «بەڵێ.»

ئینجا لێم پرسیت نابێ زینا بکەی یانی چی؟

تۆیش وتت: «واتە نابێ زینا بکەی.»

منیش وتم: «ئەها.»

چوار، پێنج، شەش. بەڵێ.

ئینجا پێم وتی: «چۆن؟»

تۆیش پێت وتم: «چی؟»

منیش وتم: «چۆن دەبێ زینا نەکەی؟»

تۆیش وتت: «بە زینا نەکردن.»

ئینجا تۆ پێت وتم: «بەوجۆرەی کە وانەکانی شـــەرع دەڵێن.»

منیش وتم: «ئەها.» پاشانیش وتم: «بەڵام چ کاتێ؟»

تۆیش وتت: «هیچ وەختێ.»

من وتم: «بەڵام لە کوێ؟»

تۆیش وتت: «لە هیچ شوێنێ.»

ئینجا منیش وتم: «ئەها.» پاشـــــان وتم: «ئەها»، دیســــانەوە وتم: «بزانم ئەمەش یەکێکە لەو شــــتانەی کە گەورەکان دەیزانن و بچووکەکان نایزانن؟»

تۆیش وتت: «بەڵێ.»

***

چەند مانگ پاش باوەگەورە، دایەگەورەیش لە ژێر ســـــوتانەی پیلاری پاکیزەدا مرد. وەختێ زەنگی دەرگایان لێ دەدا، تۆ و پورە کلارا دەگریان. هەندێ جاریش پورە کلارا نەرمەقیژەی دەکرد. من بیرم لە دۆزەخ و شـــەهیدان و ســـــزای دامیەنەکان[17] دەکردەوە بەڵام هەر کە خەیاڵم لەدەست دەدا، دەکەوتمە پێکەنین.

خـاچێکی زیوین و تەســــبیحێکی زێڕینتـان دابووە دەســـــت دایەگەورە. پورە کلارا دەگریا و گوڵاوی دەپژاند، بەڵام دایەگەورە سات دوای سات بۆنی ناخۆشتر دەبوو.

---

[17]. Damiens: دووان لە شــەهیدەکانی دینی مەســحی لە ســەدەی سێیەمی زایینی.

چاوم بڕییە ڕووناکیی یەکێ لە مۆمدانەکان تا بەزۆر تنۆکە ئەسرێ زایە گۆشەی چاومەوە.

دایەگەورە سپی سپی هەڵگەڕابوو و گیرەیەک بەسەر لووتییەوە بوو. وەختێ خزمەتکەرانی کفن و گۆڕەوشـــار هاتن، پورە کلارا بەدەم هاوار و قیژە و گریانەوە، خاچ و تەسبیحەکەی لەسەر دایەگەورە هەڵگرت و لەنێو باوڵێکی ئاسنیندا کلۆمی کردن. من بیرم لە ئیبلیس، کۆیلەکانی ڕۆم و نەشـــتەرگەریی لووەکان دەکردەوە، بەڵام دیســـانەوە ناچار بووم ڕوخســـارم لەنێو دەســـماڵێکدا بشـــارمەوە تا کەس نەمبینێ پێدەکەنم.

پـاشـــان پیـاوەکـان تـابوتەکەیـان هەڵگرت و بە دەرۆســـییەوە، بە جۆرێ کە بەر کاشـــی و دیوارەکان نەکەوێ، لە ژوورەکە بردیانە دەرەوە. پورە کلارا لەودیوی پەنجەرەکەوە لە هەموو کاتێ توندتر گریا و هاوڕێکانیشی ڕایانگرتبوو. ئەو وەختە بوو کە خۆم لە ئاودەســـتەکەدا بەند کرد و وەها پێکەنیم کە ئاو پەڕییە چاومەوە.

❊❊❊

دەرگـاکـانی ژوورەکە داخرابوون، پەنجەرەکـانیش داخرابوون. ژوورەکە لاکێشـــەیەکی تەواو و بێـدەریچە دەینواند.

« ــــ باوکت لە زینداندا شێت نەبوو، بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە شێت بوو. ئەگەر شێت نەبوو، ئەی چۆن توانی ئەو گونـاهـانە بکـا؟ خوا ئەو ڕۆژە نەهێنی کە بە خراپە باســی مێردە خۆشــەویســتەکەم بکەم. بە درێژاییی ژیان خۆشــم ویســت، چاودێری بووم و هەر کارێکم بۆ دەکرد کە پێی خۆش بووایە. پێت وایە ئەگەر ژنێکی تر بووایە چی دەکرد؟ تۆ هێشتا لەوە جاهێڵتری کە بتوانی لەم شتانە تێ بگەی، تۆ نازانی ژیان چییە، من نەمهێشـــت ئازار و مەینەتی بکێشـــی. هەر ژنێکی تر بووایە دووبارە شـــووی دەکردەوە و باوەپیارەیەکی دەکردە باڵادەستان. شتێک کە بۆ من زۆر ئاســان بوو. ئەو کاتە ئیتر پێویســتی نەدەکرد ئازار بکێشم و کار بکەم. بەڵام نەمویست کارێکی وا بکەم، بۆ؟ یەکەم لەبەر ئەوەی خۆشـبەختیی ئێوەم لا گرنگ بوو، دووەمیش لەبەر ئەوەی کە من تەنیا دەتوانم یەک پیاوم خۆش بووێ: مێردەکەم.»

ژوورەکە وەک لاکێشەیەکی تەواو بوو، کە لە سێبەر دروستیان کردبێ. وردە وردە توانیم شتانێ ببینم کە تێیدا بوون.

« ـ من بووم کە دەبوایە لە سەختی ئازار و مەینەتی شێت ببم. بەڵام ویستم بە هەر بەهایەک بووە هاوسەنگی خۆم لەدەست نەدەم تا ئاگاداری ئێوە بم و پاشان ئێوە و ئەویش لەو تەنگوچەڵەمەیە ڕزگار بکەم. ئەرکی کوڕ و دایکیی ئەوەتان بەسەردا دەسەپێنێ کە ڕێز لە ماندووبوون و بەشمەینەتیی من بگرن. ئەگەر منالێکی تر بووایە، خاکی ژێرپێمی ماچ دەکرد. من چاوەڕوانی شتێکی وەهام نییە، هێندەم دەوێ قەدری ئەو کارانە بزانن کە بۆم ئەنجام داون.»

چوار دیوارەکە ـ بە دەرگا و پەنجەرەی داخراوەوە ـ بە تەختی ژوورەکە و بانەکەیەوە، شەش ڕووکاری ئاوێزەییی بنچوارگۆشەی تەواویان پێک دەهێنا. لەناو ئەم ئاوێزەیەدا تۆ لەگەڵ مندا قسەت دەکرد و منیش گوێم لە قسەکانت دەگرت، وەختێ بێدەنگ دەبووی، چرکە چرکی کاتژمێرە دیوارییەکە دەبیسترا.

« ـــــ هەموو لە میلیا دەیانزانی. حەز دەکەی لە کێ دەتەوێ بپرســـــە، ئەگەر ژیر بووایە بەو جۆرە ڕەفتاری نەدەکرد. لەبەر ئەمەیە کە بە تۆ دەڵێم لە زینداندا شـــێت نەبووە و بەر لەوە هەر شـــێت بووە. ئەو نامانەی کە بۆم نووســـــی، لەو نامانە بوو کە هەر ژنێکی تر لە بارودۆخی مندا ــ پڕاوپڕ لە ئازار و مەینەتی ــ بۆ پیاوێکی دەنووسی کە هۆکاری هەموو بەدبەختییەکانیەتی. بەڵام بەرگەی ئەوە نـاگرم کە تێڕوانینێکی خراپـت بەرانبەری هەبێ. تۆ دەبێ ڕێز لە بیرەوەرییەکانی بگری و هەمیشە خۆشت بووێ، بە هەمان شـێوەی من کە ئێسـتاکە ڕێزم بۆی هەیە و خۆشـم دەوێ. لە یـادت نەچێ کە دێوانەبوونەکەی گونـاهەکەی دەبەخشێ.

❊❊❊

وەختێ بەرەو مەدرید، ڤیارامیرۆمان بەجێ هێشـــت، لە نێو شەمەندەفەرەکەدا گرتم بە دەستمەوە تا تێک نەچێ.

سـەرەتا پیاوەدارینەی زۆرم لە ناو دادەنا. لە دواتردا کە تەنیـا چەنـد پیـاوەدارینەیەکم لەنـاو دادەنـا، توانیم بێ ئەوەی بەر یەک بکەون جووڵەیان پێ بکەم.

لە ڤیارامیرۆ بە قوتوویەکی مقەبایی دروســــتم کرد. ناوەکەیم بە دوو مۆمی شاراوە، ڕووناک دەکردەوە.

ســەرەتا بۆ هەر نمایشــێ زۆر دیکۆری ڕەنگاوڕەنگم دادەنا. بەڵام لە دواتردا تەنیا یەکێکیانم هێشـــــتەوە و ئیتر پێویستی نەدەکرد چاوەڕێ بکەی تا دیکۆرەکەی بگۆڕم.

ئەلیســا حەزی بە خوێندنەوەی دەقەکان نەبوو، بۆیە بە گۆڕینی دەنگ خۆم هەموو ڕۆڵەکانم دەنواند.

ســــەرەتا خەڵکی هەموو وەختێ دەهاتنە ناوەوە و دەچوونە دەرەوە. بەڵام لە دواتردا کەمتر پیاوەدارینەیەک دەهات یا دەچووە دەرەوە و تۆ باشــتر دەتتوانی بە دوای حیکایەتەکەدا بچی.

لە مەدرید لە باتی دوو مۆمەکە، دوو گڵۆپم دانا.

ســـەرەتا پیاوەدارینەکان کاری زۆر گرنگیان ئەنجام دەدا. بەڵام وەختێ دواتر کارە ئاسایییەکانیان ئەنجام دا تۆ سەبارەت بە شانۆنامەکانم زیاتر قسەت دەکرد.

لە مەدرید خستمە ژوورەکەمەوە. هەندێ جار نمایشێکم بۆ تۆ پێشکەش دەکرد.

سەرەتا هەر شانۆنامەیەکم دابەشی چەند پەردەیەک دەکرد. بەڵام لە دواتردا هەموویمان لە یەک پەردەدا پێشکەش دەکرد و تۆ هەست و هۆشت کەمتر پەرت دەبوو.

هەر پیاوەدارینەیەکم خستبووە سەر چڵەدارێک و دەمتوانی لە دەرەوە ڕا بیجووڵێنم.

سەرەتا تەختی شانۆکانم مقەبایی بوون. بەڵام لە مەدرید دانەیەکی دارینم چێ کرد و تۆیش زیاتر حەزت پێ کرد.

نە ئەلیسا، نە پورە کلارا، نە باوەگەورە و نە دایەگەورەیش هیچ کامیان تەماشای شانۆکانمیان نەدەکرد. تەنیا تۆ دەتبینین. ئێستایش کە تۆ لێرە نیت تەنیا خۆم تەماشاکەریانم.

***

تەماشـــــای باران دەکەم؛ وەختێ بەر پەنجەرەکەم دەکەوێ. تنۆکە ڕوونەکانی باران دەخزێن. ئاسمانی تاریک و تەماوی هاتووەتە خوارەوە.

پـایپەکەی «دکتۆر پلومـپ» دەکێشـــــم، کە لـەگـەڵ شتەکانی تری لەنێو باوڵێکدا و لە ئەمبارێکدا هەڵگیرابوون.

باران دەبارێ دەنگی خوڕەی ئاوی ناو پلوســـــکەکە دێ. بەیانی زوو باران دایکرد. کاتژمێر ســێی دوانیوەڕۆیە و هێشتا باران لێزمە دەکا.

پـایپەکەی «دکتۆر پلومـپ»م بە لێوەوەیە کە لە بنی باوڵێکی بن ئەمبارەکە دزیومە.

***

شـــوێنم کەوت و من خۆم لە گەرماوەکەدا بەند کرد و گاڵەم دا. وەختێ لە دەرگاکەی دا، خۆم پێوە نوســـاند و کە وتیشــــی: «وەرە دەرەوە» متەقم لێوە نەهـات. چونکە چووبوویتە فەرمانگە، تۆ ئاگات لە هیچ نەبوو. پاشـــــان جارێکی تر لە دەرگای دایەوە و من لەسەر لێواری بانیۆکە دانیشتم.

دیسانەوە لە دەرگای دایەوە و ئەوسا ڕۆیشت. گوێم لێ بوو کە دوور کەوتەوە و دەرگای ژوورەکەی بە توندی بەیەکا دا. دواتر لەگەڵ ئەوەشـــدا کە گوێم بە دەرگاکەوە نابوو، بەڵام هیچم نەبیست.

ئەو وەختە کلۆمەکەم لادا و لەســـەر لێواری بانیۆکە دانیشـــتمەوە. ئینجا لە گەرماوەکە هاتمە دەرەوە و چوومە ژوورەکەمەوە و دەرگاکەیم ئاوەڵا بەجێ هێشت.

وەختێ ویستم بڕۆم بۆ ژوورەکەی وتی:

« ـ تۆ مەیە.»

لە بەر دەرگاکەی مامەوە. تۆ لە فەرمانگە بووی و شـــتێکت نەدەزانی. لە کاتێکدا کە بە دوو خاولییەوە لە بەر دەرگاکەیدا بووم، پورە کلارا، بە بێدەنگی لە ژوورەکەیدا مایەوە.

لێی پرسیم:

« ـ لێرە چ دەکەی؟»

وتم:

« ـ هیچ.»

پێی وتم:

« ـ کەوایە ون بە!»

ئیتر ڕۆیشتم.

❊❊❊

وتم «باشە»

وتم «باشە»

وتت «بەڵێ»

وتی (مێینە) «هەڵبەتە»

وتمان «باشە»

وتتان «بەڵێ»

وتیان (مێینە) «هەڵبەتە»

ئەڵێین (داهاتوو ـ ئیلتزامی) «نا»

دەڵێم (داهاتوو ـ ڕاگەیاندن) «باشە»

دەڵێم (بەردەوام) «ڕەنگە»

بڵێ «بەڵێ»

بڵێین «بەڵێ»

بڵێن «بەڵێ»

وتم «بەڵێ»

وتت «ئەمە بەڵێ»

وتی (مێینە) «هەڵبەتە کە بەڵێ»

وتمان «بەڵێ»

وتتان «ئەمە»

وتتان (مێینە) «هەڵبەتە کە بەڵێ»

دەڵێم «بەڵێ»

وتومە «بەڵێ»

وتم «بەڵێ»

ئەموت «بەڵێ»

وتبووم «نە»

وتبووبووم «نە»

ئایا وتم؟

ئایا وتت؟

ئایا وتی؟ (مێینە)

ئایا وتمان؟

ئایا وتتان؟

ئایا وتیان؟ (مێینه)

بەڵێ. وتم

وتت

وتی

وتمان

وتتان

وتیان

***

تەپڵی ڕۆمییەکان لە شەودا لێی دەدا: ڕان ـ دەرەران ـ دان ـ دان.

پورە کلارا، بە پێی پەتی خــاچێکی دارینی بەکێش دەکرد و چەند زنجیری درێژی یەک مەتری لە پێیەکانی ئــالاّ بوو. وەختێ لە بەردەممــانەوە تێپەڕی دایەگەورە هاواری کرد:

« ـ کچەکەم!»

تەپڵی ڕۆمییەکان لێی دەدا.

عەرەبانەکەی **ئەمەیە مرۆڤ**[18] وەستا و بارکێشەکان لەسەر پایەکانی دایان نا. کوڕێژگەیەکی هۆزانبێژی گروپی هاوبێژان زمزمەیەک شــــەرابی دانێ. لە نیوەی ڕێدا دوو کوڕێژگەی هۆزانبێژی گروپی هاوبێژان زمزەمەکەیان لەو بەرمیلە پڕ کرد کە هەیانبوو.

تەپڵی ڕۆمییەکان لە زرمە کەوت. کەســــێ لە بان هەیوانێکەوە ئاوازی «عیسای بەهێز»ی چڕی.

یەکێ لە بارکێشەکان وتی:

---

18. Ecce Homo مرۆڤێ کە لە ڕێوڕەسمی ئایینی نزا و پاڕانەوەدا، ڕۆڵی مەسیح دەبینێ.

« ـ یەک، دوو، سێ!»

عەرەبانەکەی **ئەمەیە مرۆڤ** دووبارە کەوتەوە ڕێ. کراسی شەلاڵی ئارەقەی بارکێشەکان لای شانەوە دڕابوو.

تەپڵی ڕۆمییەکان لێی دەدا: ڕان ـــ دەرەران ـــ دان ـ دان.

سێ تۆبەکار کە وەک پورە کلارا خاچیان بەکێش دەکرد، تێپەڕین و چەندین زنجیر بە هەمان درێژی لە پێیەکانیان بەسترابوو. یەکێکیان لاقی خۆی بەسەر زەویدا ڕادەکێشا.

تەپڵی ڕۆمییەکان لێی دەدا.

ئەسقەف بە پەشمینە زێڕنەخشەکەی خۆیەوە تێپەڕی. دوو پێشنوێژ دامێنی پەشمینەکەیان بۆ گرتبوو. لە دوای ئەسقەفیشەوە چەند کەشیشی بە خۆیان و سوتانەکانیانەوە دەهاتن.

تەپڵی ڕۆمییەکان لێی دەدا.

ئەندامە لەچکبەســـەرەکانی گروپی «پشـــتیوانان» تێپەڕین. لەنێوان دوو ڕیزی لەچکبەســـەرەکـانـدا، ژنێکی تۆبەکار لەسـەر دووئەژنۆ بە جۆرێ کە تەکی دابووەوە بە کچۆڵەیەکی حەوتساڵەوە، دەهاتە پێشەوە، دوعای دەکرد و بە دەنگی بەرز دەگریا.

تەپڵی ڕۆمییەکان لێی دەدا.

دوو تۆبەکار، کە وەکوو پورە کلارا خاچ و زنجیریان بەکێش دەکرد، تێپەڕین. یەکێکیان بە ئەرزا کەوت. دووبارە هەستایەوە و درێژەی بە ڕێکردن دا.

تەپڵی ڕۆمییەکان لێی دەدا.

تۆبەکـارێ، کە خـاچێکی گەورەتری کێش دەکرد، تێپەڕی. هێور و ئارام ڕێی دەکرد. دوو زنجیری ئەستوری چوار مەتری بە لاقەکـانییەوە بوو. ژنـان دەیـانقیژانـد و هەندێکیان دەگریان. لەبەر ئەوەی ئەلیســایش دەیویســت میز بکـا بـاوەگەورە بردییە ســـوچێکەوە و ئەلیســـا بە دانیشـــتنەوە، هەر بەو جۆرەی کە خۆی هەڵکردبوو، میزی کرد.

لە شەودا، تەپڵی ڕۆمییەکان لێی دەدا. ڕان ـ دەرەران ـ ڕان ـ دان ـ ڕان ـ دەن ڕان ـ دەرەران ـ ڕان ـ ڕان ـ ڕان.

❊❊❊

بە منیـــان وت ئەو گوڵە ئۆرکیـــدەیە. بۆیە منیش ئۆرکیدەم هەڵبژارد. خســـــتیانە قوتوویەکی دیودیارەوە و منیش پێشـــکەشـــم کردی. پاشـــان پێم وتی وەختێ بوومە ئەفســـــەری هێزی ئاســـمانی ئیســـپانیا، هەموو هەفتەیەک قوتوویەکی دیودیارت پێشـــــکەش دەکەم کە ئۆرکیدەیەکی لەناو بێ.

« ــ من تەنیا خۆشبەختیی تۆم دەویست. بە داخەوە وام دەزانی ـــــ باوەڕیش بکە تەنیا باشی تۆم گەرەک بوو، خوا شایەتە ـ وام دەزانی پیشەی سەربازی بۆ تۆ باشترین پیشەیە.»

دەرگـــا و پەنـجەرەکـــانی ژوورەکە داخـرابـوون و پەردەکانیش دادراوە، تۆ لەگەڵمدا دەدوای بەڵام تەماشـــات نەدەکردم.

« ـــــ ئێســـتا دەبیتە ئەفســـەر. مووچەیەکی باش وەردەگری، پلەوپایەیەکی باشـــت دەبێ و زۆر کەســـیش ئێرەییت پێ دەبەن. کامە دایک ـــ کامە دایکی ڕاستەقینە ـ پیشـــەیەکی تری پێ ڕادەسـپاردی؟ لەیادت نەچێ من تەنیا پێم ڕاسپاردی، باش دەزانی کە خۆت بڕیارت دا.»

لەنێو هەموو گوڵەکاندا ئۆرکیدەم هەڵبژارد و وەختێ فرۆشـــیار پرســـی کامەیان؟ وتم گرانترینیان. ئیتر ئەویش ئۆرکیدەیەکی سپی بە نیتکەی سوورەوە پێ دام.

« ـــــ ناتوانی بزانی چەنێ ناڕەحەتم وەختێ زانیم هۆشـت لای وانەکانت نییە. ئەگەر بە هەر شـێوەیەکیش کە لە توانامدا بووە، هەوڵم داوە کارێ بکەم تا پێش کەوی، تەنیا لەبەر خۆشـەویستیم بووە بۆ تۆ و هەروەها ئەوەش کە ویستومە لە ژیاندا پیاوێکی سەرکەوتوو بی.»

لە ژوورەکەدا، تۆ لەلای ڕاستی منەوە بووی و منیش لای چەپتەوە. جارناجارێ تەماشایەکت دەکردم.

«نائومێد بووم. من ژنێکی نەخوێنەوارم. ئەگەر دایک و باوکم بەو جۆرە گەورەیان بکردمایە کە من ئێوە گەورە

کرد، ئەو وەختە جیـاواز بوو. من ئـاگـام لە ســـــەختیی نەخۆشـــــییەکەی تۆ نەبوو. ئەی بریـا کەمێ پزیشـــکیم بخوێندایە! بەڵام بە هەر حاڵ تۆ حەقی گازەندەت نییە، هەر شـــتێ کە لە توانامدا بووە بۆم کردووی. ئەوە وەختەیش کە نەخۆش کەوتی ئەگەر نەمتوانیبێ کـارێکی زیـاتر و جیـاوازترت بۆ بکەم، ئەوە دەبێ بزانی کە یەکەم مووچە کەمەکەم بەشـــی کارێکی وای نەدەکرد و دووەمیش ئەوە بوو کە نەمدەزانی سـەختی نەخۆشـییەکەت تا چەندە و لە کۆتاییشدا ڕاستییەکەی پێم وابوو بیانوویەکت دۆزیوەتەوە تا دەرس نەخوێنی.»

لە ڤیـارامیرۆ گوڵاڵەسـوورە هەبوو. لە مەدریـد گوڵاڵەســـوورە نەبوو. لە مەدرید پێیان وتم کە ئۆرکیدە باشترین گوڵە.

« ـــ تۆ بە بڕیاری خۆت لە من جیا بوویتەوە. دڵی من شـکا، بەڵام ڕێگەم دا هەر کارێ کە حەزت لێیە بیکەی. بچووک بووی دەمتوانی نـاچـارت بکەم بگەڕێیتەوە. بەڵام ئەوەی کە هەمیشـــە گرنگ بووە لەلام، شـــادی ئەوی تر

بووە نەک شادی خۆم. هیچ بێگانەیەک ناتوانێ وەک دایکت تیمارت بکا. پێت وایە دەمهێشت کێماسییەکت هەبێ؟»

لە ژوورەکەدا چاوت بڕیبووە قومارکارتەکانت و قسەت لەگەڵ مندا دەکرد.

***

هەندێک کام بە مقەســـــت بڕی بوو و منداڵەکەم خستبووە ناوەندی کاکەوە. منداڵەکە چونکە هەژار بوو تەنیا پارچە قوماشـــێکی لێ ئاڵا بوو، بەڵام چونکە پاشـــا بوو، تاجێکی تەنەکەی بە سەرەوە بوو.

دەریاچەکە باڵی کێشابوو بە سەر سەرقاپی قوتووە خڕەکەی نوقڵەکاندا. مراوییەکی تەپەدۆرین بەســـەر ئاوی دەریاچەکەوە بوو، کە بەهۆی قورسیی سەریەوە هەر کە ئاگام لێی نەدەما دەکەوت، لە بنی ئاوەکەیشـــدا وێنەی سوورەماسییەک کێشرا بوو.

منداڵەکە چونکە ســـەرمای بوو و ســـۆپای لا نەبوو، گوێدرێژێک و گایەک لە پشـــتییەوە بە هەناســـەکانیان

گەرمیان دەکردەوە. گوێدرێژەکە لای ڕاســـــت و گاکەیش لای چەپیەوە بوو.

لە ئاسـماندا، ئەسـتێرەیەکی پولەکەدار هەڵواسـرابوو، تا پاشــــا جادووگەرەکان بە جێگەی مناڵەکە بزانن و بۆ ئەوەش کە کێشــــەیەک نەیەتە ئاراوە جادەیەک لە خاکی زەرد بەنێو قەرسیل و چیمەنێکی سەوزدا ڕاکێشرا بوو.

شـــــەو بوو، گەلەئەســــتێرەی کاغەزینی زیوین، بە کاغەزە شـینە تێرەکەی ئاسـمانەوە لکابوون و بۆ ئەوەش کە هەموو بزانن ئەوە چییە، لە تەنیشـتییەوە لەسـەر کوتە کاغەزێ نووسرابوو:

«ئەمە تەویلەی بەیتولەحمە، ئەو شـوێنەی کە ئەو لە 25ی کانوونی دووەمدا تێیدا هاتە دنیاوە.»

شــــەوێک پاش نزا و پاڕانەوە، پورە کلارا ئاوازی مەســــیحییانەی ســـــاڵی نوێی لەگەڵ ئێمەدا خوێند و من لەسەر ئەژنۆکانت دانیشتم.

***

ئەو تەختی شـــــانۆیی مقەبایی و دواتریش دارینی منی نەبینی.

دێتەوە بیرم پیاوێک لەنێو خاکی کەنارەکانی میلیا پێیەکانمی کرد بە ژێر لمەوە.

نـازانم ئـایـا وەکوو تۆ چێژی لە بینینی شـــــانۆ وەردەگرت، یا وەکوو ئەلیسا حەوسەڵەی نەدەما؟

دەســـــتەکانی ئەو پیاوەم لە پاڵ پێیەکانم و خاکی کەناری میلیادا دێتەوە بیر.

نەیزانی کە فێر بووم بەشداری لە نوێژی جەماعەتدا بکەم و سواری پاسکیل بووم.

دێتەوە بیرم خۆر، دەستەکانی پیاوەکە و پێیەکانم و خاکی کەناری میلیای ڕووناک دەکردەوە.

نازانم ئەگەر لە نوێژی جەماعەتدا بیبینیمایە وەک تۆ خۆشـحاڵ دەبوو، یا لە پاسـکیلسـواریم وەکوو دایەگەورە توڕە دەبوو؟

***

(شەیتان لە چاڵی ڕەشی دۆزەخدا، گیانی گوناهکاران دەسوتێنێ)

سەرەتا ئەو ڕووداوە لەگەڵ کلارادا قەوما، ئینجا چوومە کڵێسا، ئینجا بۆ دانپیانان لە دوای ڕیزەوە وەستام، پاشان کڵێسام بەجێ هێشت، ئینجا گەڕامەوە، ئینجا بۆ دانپیانان لە دوای ڕیزەوە وەستام، پاشان نۆرەم هات، ئینجا پێیان وتم ئەم کارەم لە خەونمدا ئەنجام داوە، ئینجا منیان بەخشی. پاشان لە کڵێسا هاتمە دەرەوە، ئینجا گەڕامەوە ماڵەوە، ئینجا لە ماڵ هاتمە دەرەوە، پاشان گەڕامەوە کڵێسا، ئینجا بۆ دانپیانان لە دوای ڕیزەوە وەستام، ئینجا نۆرەی من هات و پاشان وتم کە لە خەونمدا نەبووە، پاشان بەخشرام. ئینجا لە کڵێسا هاتمە دەرەوە، ئینجا گەڕامەوە ماڵەوە، ئینجا بۆ دانپیانان لە دوای ڕیزەوە وەستام، پاشان نۆرەم هات، پاشان پێم وت لە خەونمدا نەبووە، ئینجا وتم کە گوناهی گەورەم کردووە، ئینجا وتم دەبێ سەختتر تەمێ ببم، پاشان لە کڵێسا هاتمە دەرەوە. ئینجا گەڕامەوە ماڵەوە، ئینجا لە ماڵ هاتمە دەرەوە، پاشان بەرەو کڵێسا بەڕێکەوتم، ئینجا وەستام،

ئینجا بە ڕێگەی خۆمدا گەڕامەوە، پاشان گەیشتمە ماڵەوە، پاشـــان چوومە ســـەر چرپاکەم و ئاخرییەکەی ئەوەندە «ئەی باوکی موقەدەس»م خوێند تا خەوم لێ کەوت.

(شەیتان لە چاڵی ڕەشی دۆزەخدا، گیانی گوناهکاران دەسووتێنی.)

❋❋❋

دایەگەورە بەســـەرهاتەکەی دەگێڕایەوە و پێدەکەنی. پورە کلارا بەســـەرهـاتەکەی دەگێڕایەوە و پێـدەکـەنی. باوەگەورە گوێی دەگرت و ســـیغاری دەکێشـــا. ئەلیســـا قســـەکانی ئەوانی دەبیســـت و پێدەکەنی. منیش پێدەکەنیم. وەختێ لە شار گەڕایتەوە هەموو شتێکم بۆ گێڕایتەوە.

شابەیتەکەی ئەمە بوو:

با بژی مەریەم، با بژی کڵێسا! با بژی دروستکەری، با بژی دۆمینگۆ[19]!

---

[19]. قەدیســـی کاســـۆلیک، دامەزرێنەری یەکێ لە توندوتیژترین ئاینزاکانی کڵێسایی.

دایەگەورە دەیوت بەر لە ســــپێدە بوو. پورە کلارا دەیوت کاتژمێر چواری دەمەوبەیان بوو. باوەگەورە گوێی دەگرت و ســــیغاری دەکێشــــا. ئەلیســــا و منیش گوێمان ڕادێرابوو. بەڵام تۆ نەتدەتوانی، تۆ لە شار بووی؟

پاش شابەیت ئەم دووبەیتییە دەهات:

دەخوێنێ لەگوێت شەیتان

تا تۆ بکات بێئیمان

دەڵێ نوێژت بۆ چییە؟

بخەوە، نوێژت بۆ چییە؟

دایەگەورە دەیوت کە نزیکەی ســــەعــاتێ لە ژێر پەنجەرەی ژووری مامۆستادا ئاوازیان چڕی.

پورە کلارا دەیوت ئەو مولحیدە تەنانەت لۆچ نەکەوتە ناوچاویەوە. باوەگەورە سیغاری دەکێشا. ئەلیسا گوێی لە قســــەکـانی دەگرت و پێ دەکـەنی، منیش پێ دەکـەنیم. پـاشــــترێ کە گەڕایتەوە ڤیـارامیرۆ هەموو شــــتێکم بۆ گێڕایتەوە، شابەیتەکە دەیوت:

با بژی مەریەم، با بژی کلێسا! با بژی دروستکەری، با بژی دۆمینگۆ!

وەختێ بردیان، دایەگەورە وتی ئەم ئانارشیستە هەر شـــــایان بەوەیە. وەختێ بردیـان، پورە کلارا وتی ئەم زەندیقە هەر شـــایان بەوەیە. وەختێ ســـەربازەکانی شـــار بردیان، باوەگەورە سیغاری دەکێشا.

❊❊❊

پیـاوەکە پێیەکـانمی دەکرد بەژێر خـاکەوە. کەنـاری میلیا بوو. دەســـــتەکانی بەســـــەر پێیەکـانمەوە و خـاکی کەنـاراوەکەم دەهێنـایەوە بیرم. دەمهێنـایەوە بیرم کە ئەو ڕۆژە هەتاو بوو.

تۆ بۆت باس کردم کە لە میلیا ئامادە نەبووم کەسێ مـــاچ کەم و ڕۆژێ بووکەڵە جوانەکەی ئەلیســـــــام لە پەنجەرەوە فڕێ دا. من هیچ یەک لەمـانەم لەیـاد نییە. تۆ چەندین جار ئەم شتانەت بۆ باس کردم.

لەســـەر پاکەتێ کە لەنێو کۆمەدەکەدا هەڵت گرتووە، نووســــیوتە «وێنەکانی میلیـا». لە وێنەکـاندا تۆ و من و

ئەلیســا بەرچاو دەکەوین. هەندێ لە وێنەکان پارچەیەکیان کەمە. کەسێ بە مەقەست بڕیونی.

ئەو شــــتانەم نایەتەوە یاد کە چەندین جار لەبارەی میلیاوە باست کردووە.

پێیەکانم کە لەنێو خاکدا چاڵ ببوو، دەســـتەکانی ئەو پیاوەی لە تەنیشت پێیەکانمەوە بوو، دێتەوە بیرم.

***

تۆ گریای.

« ــ ویژدانم ئاسودەیە. هەمیشە وەک دایک و وەک هاوســەریش ئەرکی خۆم بە باشـترین شـێوە ئەنجام داوە. ئەمڕۆکە بێوەژنێکی بێچارەم کە جگە لە چاوەڕوانی مردن کارێکی ترم نییە. گەنجێتیم تەواو بووە. من پیرم، دنیا هی ئێوەی گەنجانە.»

تۆ گریایت و لە قسە کەوتی.

« ـ تۆ بچووکی من بووی، جگەرگۆشەی من بووی، چەنێ خۆشـــم ویســـتی. ئاخ، ئێســـتاکەیش چەنێ خۆشـــم

دەویێی! چەنێ چێژ لە بینینی ئەو وێنــانە وەردەگرم کە خۆت بە منەوە چەسپاندووە! ئەوکاتانە تەنیا منت هەبووم. نەتدەویســـت لەگەڵ کەســـێکی تردا بی و کەســـی تر ماچ کەی، تەنیا دەتویست لەگەڵ مندا بی. منیش لە پیاسەکردن و گەڕان لەگەڵ تۆ لە میلیا، هەستم بە سەربەرزی دەکرد.»

تۆ گریای.

«بـاوکت مردووە. وابزانم بەم جۆرە بۆ هەمووـمـان باشتر بێ. بارێکی قورس بوو. ئەمە جگە لەوەی کە سزای گـونــاهەکــانـی خـۆی وەرگـرت، بـیـرت نەچـێ کە خـوا گونــاهکــارانیش تەمێ دەکــا و لە کتێبی پیرۆزدا دەڵێ: «**بەعەل لە بابل بە ســـــزای خۆی دەگەیەنم.**» بەڵام دەبێ بزانی کە من گونـاهێکم نەکردووە. تەنیـا بۆ ئێوە ژیـاوم، هەمیشە باش بوومە. دە بڵێ کە قسەکانمت قبووڵە.»

بە تۆم وت «بەڵێ» و تۆیش گریای.

«داوای لێخۆشبوونم لێ بکە.»

دوام لێکردی کە لێم خۆش ببی و تۆ گریای.

«ماچم کە.»

تۆم ماچ کرد و تۆ گریای.

پاشـــــان، لە تاریکیدا لە ڕاڕەوەکەوە تا بەر دەرگا چووین. لە تاریکیدا دیســـــانەوە ماچم کردیتەوە. تۆیش لە تاریکیدا منت ماچ کرد و لەباوەشت گرتم.

***

ئەوانە بە منیان وت کە ئێســتا هەموو شــت گۆڕاوە، نەخۆشـــــییەکـان ئیتر تیمــار دەکرێن، کە ئێســـــتـا ســـــەفەرکردنەکان خێراتر ئەنجام دەدرێن. کە مرۆڤایەتی پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، کە خۆشگوزەرانی خۆشبەختی هێناوە. تۆیش ئەمانەت بە من گوتبوو و وەختێ پرســیارم لەوانیش کرد، وەڵامیــان دامەوە. ئەوجـا ئیتر شـــتێکم نەپرسی.

وتیان کە دەبێ نیشـــتمانت خۆش بووێ، کە دەبێ خۆت لە پێناویدا بەخت بکەی، کە دەبێ شـــانازی بە قارەمانانی نەتەوەییەوە بکەی، کە دەبێ ڕێز لە ئارامی وڵات بگری، کە دەبێ خائینەکان بە هەموو بناســـێنی، کە

دەبێ ڕقت لە دوژمن بێ. تۆیش ئەمـانەت بە من وتبوو. وەختێکیش پرســـیارم لەوان کرد، وەڵامیان دامەوە. ئەوجا ئیتر شتێکم نەپرسی.

وتیـان کە خێزان پیرۆزە، کە دەبێ ڕێز لە بـاوانی خۆت بگری، کە دەبێ ســوپاسـیان بکەین لە بەرانبەر ئەو زەحمەتانەی کە لە پێناوماندا کێشاویانە، کە دەبێ بەگوێیان بکەین، کە دەبێ ئەگەر هەرکارێکیشـیان ئەنجام دا دیسـان هەر خۆشـــمـان بوێن. تۆیش ئەمـانەت بە من وتبوو. وەختێکیش پرســـیارم لەوان کرد وەڵامیان دامەوە. ئەوجا ئیتر شتێکم نەپرسی.

وتیان دەبێ ســـوپاســـکەری خوا بین لە بەرانبەر ئەوەی کە ژیانی پێ بەخشــیوین، لێی وەرنەگرتووینەوە و ڕێگەی ڕزگاری لە بەرانبەرمان داناوە. تۆیش ئەمانەت بە من وتبوو. وەختێکیش پرســـیـارم لەوان کرد وەڵامیـان دامەوە. ئەوجا ئیتر شتێکم نەپرسی.

پاشـــان وتیان دەبێ ئەم کارە بکەم و منیش شــتێکم نەوت و ئەو کارەم ئەنجام دا. ئەوجا وتیان دەبێ بڕۆم بۆ ئەوێ و منیش شتێکم نەپرسی و ڕۆیشتم بۆ ئەوێ.

***

لێم پرسیت: «بۆچی جووەکان خراپن؟»

تـۆ وەڵامــت دامەوە: «لەبەر ئەوەی هەمـوو ئەمە دەزانن.»

پاشـــان لێم پرســـیت: «بۆچی ئانارشـــیســـتەکان خراپن؟»

تـۆ وەڵامــت دامەوە: «لەبەر ئەوەی هەمـوو ئەمە دەزانن.»

لێم پرسیت: «بۆچی باوە جوو بوو؟»

تۆیش وەڵامێکت نەدامەوە.

ئەوجا لێم پرسیت: «بۆچی باوە ئانارشیست بوو؟»

تۆیش وەڵامت نەدامەوە.

بەڵێ.

لە تۆم پرســـی: «جووەکان هەر ئەو کەســـانەن کە عیسای مەسیحیان کوشت؟»

تۆ پێت وتم: «بەڵێ.»

پاشـــان لێم پرســـیت: «ئانارشـــیســـتەکان هەمان ئەو کەسانەن کە بۆ کوشتنی خەڵکی بۆمب دادەنێنەوە؟»

تۆ پێت وتم: «بەڵێ.»

لێم پرســـیت: «کە وەختێ گەورە بووم منیش دەبمە جوو؟»

تۆ پێت وتم: «نە.»

لێم پرســـیت: «کە وەختێ گەورە بووم منیش دەبمە ئانارشیست؟»

تۆ پێتوتم: «نە.»

پاشان وتت کە من زۆر باشم و منت ماچ کرد.

بەڵێ.

